# كەشكۆڵی كەلەپووری ئەدەبی كوردی



دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوكەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، گەڕەكی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی

## گوڵزار و بەهار

### بەرگی شەشەم


محەمەد عەلی قەرەداغی





کتێب: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی – گوڵزار و بەهار – بەرگی شەشەم
دانانی: محەمەد عەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣١٩
دەرهێنانی هونەری ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## پێشەکیی

بەرگی پێنجەمی ئەم پرۆژەم بۆ بڵاوکردنەوەی سەرجەمی کەشکۆڵێک تەرخان کرد. حەزم دەکرد و بەهیوایش بووم ئەم بەرگەیش -وەک بەرگی پێنجەم- بۆ یەک کەشکۆڵ تەرخان بکەم و بۆ ئەم هیوایش کەشکۆڵە نایابەکەی (گوڵزار و بەهارم)[1] هەڵبژاردبوو، لە دڵی خۆمدا بڕیارم دابوو شیعرە کوردییەکانی ئەم کەشکۆڵە -بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە- بهێنمەوە سەر ڕێنووسی کوردیی وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوەی دیوانی ئەو شاعیرانە، ئەم سەرچاوە نایابەیش بخەمە کتێبخانەی کوردیی.

بەڵام لەلایەکەوە -وەک لە سەرەتای ئەم پرۆژەوە بڕیارم داوە - بەشوێن بەرهەمی بڵاونەکراوە و نزیکە بەلادا بگەڕێم و، تا پێم دەکرێت ئەو بەرهەمانە بڵاو بکەمەوە کەس دەستی پیایاندا نەگەیشتووە و مێژووی ئەدەبی کوردیش لەناو و بەرهەمی خاوەنەکانیان بێ ئاگایە. لەلایەکی دیشەوە ئەو بەرهەمانەی گوڵزار و بەهار لەخۆی گرتوون. بەزۆریی بەرهەمی بڵاوکراوەی شاعیرە ناودار و ناسراوەکانی وەک: نالی و، مەولەویی و، سالم و، کوردیی و، شێخ ڕەزا...ن و، بەرهەمەکانیش لەوە زیاترن لەیەک بەرگدا جێگەیان ببێتەوە. بۆیە ئەمجارەیش هەر لەسەر ڕێبازی پێشووم ڕۆیشتم و، زیاتر ئەو بەرهەمانەم لە بەرگی شەشیشدا جێگە کردەوە کە بڵاونەکراوە و بێ ناو و باسن. بەڵکو لە هەلێکی دیدا بەئاواتی ئەوە بگەین سەرجەمی شیعرە کوردییەکانی (گوڵزار و بەهار) بەجوانترین شێوە دیارترین جێگە لە کتێبخانەی کوردیدا بگرن.

تا ئەو کاتە و چونکە باس باسی کەشکۆڵە - هەر چەندە لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کوردیشدا لەسەر ئەم کەشکۆڵەم نووسیوە[2] وام بەباش زانی لێرەیشدا بەئەندازەی پێویست خوێنەری بەڕێز لە ناوەڕۆکی ئەم کەشکۆڵە ئاگادار بکەمەوە، نەوەک بەئاسانیی دەستی بەسەرچاوەی ناوبراو نەگات.

جا پێش ئەوەی ناوەڕۆکی کەشکۆڵەکە بنووسم دەقی بەشێکی ئەو باسەی لە سەرچاوەی ناوبراودا لەسەر ئەم کەشکۆڵەم نووسیبوو دەگوێزمەوە ئێرە:

(١) کە دەنووسم (گوڵزار و بەهار) یەکێکە لە بۆچوونەکانی خوێندنەوەی دەقەکە بەڕێنووسی کۆن و هەڵیشدەگرێت (گوڵزاری بەهار) بخوێنرێتەوە، چونکە دەقەکە (گلزار بهار)ە.

(٢) بڕوانە: بەرگی پێنجەمی سەرچاوەی ناوبراو ل:١٥٩.



### گوڵزار و بەهاریش سەرچاوەیەکی دیکەی مێژووی ئەدەبی کوردییە:

لەم ماوەدا[1] ڕێگەم کەوتە سلێمانیی و، دیدەنیی مامۆستایەکی بەڕێزم کرد و، باسی کتێب و دەستخەت هاتەوە ناو، مامۆستامان فەرمووی: هەندێک شڕەو پڕەی فارسییم لەلایە، منیش -هەرچەند بۆ شتی دی زۆر تیا ئەوەستم و خۆم داگرم - بێ تیاوەستان وتم: ئەگەر لە دەستدان حەزدەکەم چاوێکیان پێدا بخشێنم. مامۆستا دەستی برد توورەکەیەکی دەرهێنا و فەرمووی: ئەمانەیە.

توورەکەکەم کردەوە بینیم کۆمەڵێ شڕەو پەڕە پەڕەی بێ سەروبەری تێدا بوو، داوام لە مامۆستا کرد مۆڵەتی ئەوەم بداتێ بەشێنەیی سەیریان بکەم. ماڵی ئاوابێت دەستی بەڕوومەوە نە نا و ماوەی ئەوەی دام کە ویستم. بەکورتیی توورەکە بۆرم لە تەک خۆمدا هێنایەوە، کە بەشێنەیی لەسەری دانیشتم و پەڕە پەڕە تەماشام کرد، لەلایەکەوە گریان گرتمی و فرمێسک بەچاومدا هاتە خوارەوە، کە بۆ دەبێ ڕەنجی مامۆستایانمان بەو دەردە بچێت و، شوێنەواری گەوهەر ئاسایان پەرتەوازە و شێواو و لەناو چووبێت؟!!

لەو لایشەوە مایەی دڵخۆشی و سەبووریی خۆم لەوەدا دەدیبیەوە کە هیچ نەبێت لەم پەڕە پەڕانەوە ئاسەواری ڕەنجی مامۆستایەکی دڵسۆزی ئەدەبی کوردیی دەبینین، کە ماوەیەکی درێژی لە کات و توانای خۆی بۆ کۆکردنەوە و هۆنینەوەی مرواریی جۆراوجۆری گەلێ سەربازی گومناوی مەیدانی ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە و، بەرشتەی ورد و پتەوی بیری ملوانکەی تاقانەی (گوڵزار و بەهار)ی لێ هۆنیوەتەوە.

### ئەنجام:

وەک گوتم دوای ئەوەی بەشێنەیی لەسەر کاری هەڵسەنگاندنی پاشماوەی دەستخەتەکە ڕۆیشتم بۆم دەرکەوت ئەم توورەکە قوڵاخ و پاشماوەی دەریایەکی بێ وێنەی شیعر و ئەدەبی کوردییە، کە بەهۆی نەزانیی و کەمتەرخەمیی کردنی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانمان لە عاستیدا کارێکی بەسەر هاتووە نە با بەدەواری دۆم و نە زستان بەهەتیویان کردووە و! نزیکی حەفتەیەک خەریکی ئەمسەرەوسەر پێکردن و هێنان و بردنی لاپەڕەکانی بووم، تا توانیم بەنیوە ناتەواویی جەمسەری باسەکان یەک بخەمەوە و، ئەوانەی کە ماون بزانم چین و چەندن و هی کام شاعیر و کام شاعیرن.

(١) پاییزی ساڵی ٢٠٠١.

ئەنجامی ئەم گەشت و گێڵەم بە کورتیی دەنووسم:

یەکەم: دەستخەتەکە ناوی (گوڵزار و بەهار)ە.

دووەم: نووسەرەوەکەی ناوی محەمەد بووە.

سێیەم: دەستخەتەکە ساڵی **١٣٣٣** نووسراوەتەوە.

چوارەم: لە پتر لە (٥٠) جێگەدا ناوبڕ هەیە و پەڕە و زیاتری کەوتووە.

پێنجەم: لە کۆتایی شیعرەکانی مەولەویشەوە نووسراوە:

(تەرجەمەکەی) بەسوپاسی خودا و یارمەتیی ئەوەوە شیعرەکانی جەنابی مەولەوی و غەزەلەکانی دیکەی ئەحمەد بەگی کۆماسیی و، وەلی دێوانە و کەسانی دیکە، لە ڕۆژی هەینی ساڵی **١٣٣٣**دا تەواو بوو.

دوای ئەمانە کە چاوێکی دیکە بەسەرجەمی پەڕە پەڕەکانی دەستخەتەکەدا دەگێڕینەوە دەبینین ئەم دەستخەتە شیعری وەک نالیی و، کوردیی و... (فیهرەستیان بۆ دەکەین).

کە لە ئاوڕێکی دیکەدا دەچینەوە لای ناوەرۆکی پاشماوەی (گوڵزار و بەهار) بەڵگەی روونی ئەوە دەبینین ئەم دەستخەتە دەریایەکی بێ وێنەی شیعر و ئەدەبی کوردیی بووە و، لەوانەیە دەیان پارچە شیعری بڵاونەکراوەی شاعیرانی کوردی تێدا بووبێت؛ چونکە – دیارە– خاوەنەکەی هەوڵی ئەوەی داوە دەربارەی ئەو شاعیرانەی بەرهەمیانی دەستکەوتووە و کۆی کردوونەتەوە، زۆرترین و دروستترین بەرهەم و شیعریان کۆبکاتەوە و، بەرێکوپێکی و جوانترین شێوە بیاننووسێتەوە، ئەوەتا دەبینین لە بەرهەمی هەندێ لە شاعیراندا کە بەختیان یار بووە زۆری بەرهەمەکانیان تیا نەچووە، مامۆستای نووسەرەوەی (گوڵزار و بەهار) بە رز و لە شێوەی دیواندا بەرهەمەکانی تۆمار کردوون و، بەش بەش بەپێی حەرفەکانی هیجا نووسیونی.

هەر لە تایبەتمەندییەکانی گوڵزار و بەهاردا بۆمان دەردەکەوێ ئەم مامۆستا بەڕێزە پشتی بەکەشکۆڵ و سەرچاوەی باش و دروست بەستووە و، هەوڵی داوە بڕوا پێ کراوترین سەرچاوە بۆ شیعرەکانی کەشکۆڵەکەی دەستبخات و، بەو کارەیش رازاوەترین یادگار بۆ دەستخەتخانەی کوردستان بەجێ بێڵێت. یەکێک لەو شاعیرانەی بایەخی زۆری بەشیعرەکانی داوە مەولەوییە و، شیعرەکانی ئەم شاعیرەی لە سەرچاوەیەک وەرگرتووە نایابترین سەرچاوەی دیوانی مەولەویی بووە و، من ئەمە دووەم جارە باسی ئەو سەرچاوە دەبینم.



ئەوە بوو لە وتارێکدا کە پێشتر بڵاوم کردەوە[1] سەرچاوەیەکم لە دەستدا بوو پەخشانی کوردیی مەولەویی و هۆی وتنی زۆری شیعرەکانی تێدا بووە، لەم دەستخەتەیشدا هەمان مەبەست بەڕوونیی دەبینرێت و ئەو پەخشانەی لەوێ لە دوای ئەو پارچە شیعرەوە دەبینرێت لێرەیشدا دەبینرێت. لە دیوانی شاعیرانی دیشدا کاتێک دەستخەتەکە و دیوانە چاپەکان بەراورد دەکەین دروستیی و پوختیی دەستخەتەکەی گوڵزار و بەهار روون و ئاشکرایە. ئەمانە جگە لەوەی پاشماوەی گوڵزار و بەهار چەندین پارچە شیعر و ناوی شاعیری وای تێدایە لە هیچ سەرچاوەیەکی ئێستەی ئەدەبی کوردیدا ناو و باسیان نییە.

هەروەها شێوەی نووسینەوە و قەوارەی کاغەزی کەشکۆڵەکەیش یەکێکی دییە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کەشکۆڵە و، وەک لە ناوەڕاستی لاپەڕەکاندا شیعر و بابەت نووسراون لە قەراخ و بیجاخی لاپەڕەکانیشدا شیعر و بابەت نووسراون و، کاتی وایش هەیە بابەتەکان لەیەک جیان و، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا خەتی مامۆستای نووسەرەوە خۆشە و هەڵە و پەڵەی کەمە و، گەلێ جار سەرباس و ناوی شاعیرەکانی بەمەرەکەبی سوور جیاکردووەتەوە[2].

ئەم کەشکۆڵە کە لێرەدا فیهرەستەکەی دەنووسین سەرەکیی ئەم بەرگەی کەشکۆڵی کەلەپوورە و، پتر لە ٤٠ پارچە لە شیعرەکانی ئەم بەرگە لەم کەشکۆڵە وەرگیراون و بۆ دیاریکردنی شوێنەکانی پیتی (گ/...) بەکار دێنین.

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغیی. شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی مەولەوییدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل: ٢٢٦.

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی پێنجەم، ل: ١٥٩.

## فیهرەستی گوڵزار و بەهار


١- گڵکۆی تازەی لەیل
١- گفتار فریدون در فراق ایرج و مناجات
٨- مەولەوی
١١- مێژووی ١٣٣٢ کە ئەو شوێنەی نووسیوەتەوە.
١١- کەلامی مەلا عەبدوڕەحیمی پێنجوێنی لە کاتی چوونەسەردەوری سوڵتان عەبدولحەمیددا و باسی گرانی -فارسی-
١٢- لەناو ئەو لاپەڕانەدا شیعری (حافظ)
١٩- تەخمیسی حافظ لەسەر شیعری شێخی سەعدیی
٢٣- فەقێ خەڵوزەیی - قەراخ - پەراوێز -
٢٥- موناجات - قەراخ -
٣١- ایضا - موناجات - قەراخ - لەناو پەڕەکاندا شیعری جۆراوجۆری فارسی نووسراوە.
٣٣- اسماء الحسنی - هۆنراوە -
٣٦- کەلامی ئەکبەر - کوردی.
٣٧- کەلامی مەجید - پەشێویی -
٤١- فەتحوڵڵا
٤١- سەیید صادق
٤٢- حەوتبەندی خانای قوبادیی.
٤٧-موعەممای کوردیی بەئیسمی ساڵ و مانگ
٤٧- مەولانای ڕۆمی
٤٩- حکایات عجیبه - فارسی -
٥٠- کەلامی شێخ سەلیمی سنەیی لە ستایشی شێخی ضیائەدیندا - فارسی
٥١- شەهیدی، کوردی
٥١- شێخ ڕەزا، فارسی
٥٢- کەلامی عەلی ئەفەندیی ئەربیلی - فارسی -
٥٣- کەلامی طاهیر بەگی کوڕی عوثمان پاشا، فارسی
٥٤- جامی
٥٥- مەنفی لە بەرهەڵستی شێخ ڕەزادا
٥٥- پێنج خشتەکی خاکی فارسی
٥٥- پارچەیەک شیعری کوردی خاوەن نەزانراو [حاجی ابو زر جمهر!]
٦١- شێخ ڕەزا
٦٢- ئەحمەد پاشای ڕۆمی
٦٣- خاکی لە ستایشی شێخ نەجمەدیندا، فارسی
٦٤- شێخ ڕەزا،
٦٥- سەید حەسەن لە جوابی شێخ ڕەزادا
٦٥- نەقشیی لەبەر هەڵستیکردنی خاکیدا لە ستایشی شیخ نەجمەدیندا
٦٧- تەوحید، شێخ مەحموودی بێستەیی
٦٩- شێخ مەحموودی بێستەیی لە ستایشی شیخ نەجمەدیندا
٦٩- شێخ مەحموودی بێستەیی بۆ حەمە صاڵح بەگی کەندەسوورەیی نووسیوە.
٧٠- تەخمیسی زێوەر لەسەر شیعری طاهیر بەگ
٧١- موحسین
٧٢- پێنج خشتەکی ئەدەب
٧٩- سالم
٨٨- بچڕان لە شیعری سالمدا
٩٧- احمدی کۆر - لە قەراخەوە - لەناوەوە نووسراوە: هذا اشعاراتی کە «کتاب تأریخ معجم انتخاب کردە در ذکر صنایع قدرت حضرة باری تعالی جل جلاله ونعمت سید عالم -صولعم- وآن درزو پندو موعظه و نصیحت شاهان گذشته و ملوک و سلاطین سلف ومناجات ایشان در حالت نزع بدرگاه قاضی الحاجات درین کتاب ثبت کرده.
١٠١- موناجاتی شێخی سەعدیی
١٠٦- ناتەواویی و بچڕان - (تاکم روم)[1]


(١) ئەو وشە و ڕستانەی دوای وشەی ناتەواوی دەیاننووسم مەبەستم ئەوەیە سەرەتای لاپەڕە کەوتوەکە بەو وشەی ناو کەوانەکە دەستپێدەکات.

١٠٧- قاسمی
١٠٨- میرزا ابراهیم اصفهانی - ناتەواویی - (درعهد)
١٠٩- فرمایشت حضرت غوث الثقلین
١١١- فیکری
١١٢- نالی - بچڕان - (وله ایضا)
١١٣- فیکری، کوردی
١١٤- نالی - بچڕان و ناتەواوی - (خلخال)
١١٥- پارچەیەک شیعری کوردی (نەناسراو)
١١٦- فەرمایشتی حەزرەتی ضیائەدین. (لە قەراخەوە)
١١٦- نالی - بچڕان - (سیرکە)
١١٧- حەزینیی
١١٧- کوردی
١١٨- غەریبی
١١٩- کەلامی شێخ مەعرووفی سیاگوێزی
١٢١- (من کردیات نالی)
١٣٤- (ناتەواویی و بچڕان) - دی -
١٣٥- نالی
١٣٥- رباعی فارسی - کاغذ
١٤٠- در کاغذجات، ایضا کاغذ التماس (بچڕان) - تکلف -
١٤١- کوردی، نالی
١٤٢- پێنج خشتەکی فیکری.
١٤٣- کوردی
١٤٤- بچڕان
١٤٥- ئاهی
١٤٦- کوردی - فارسیات کوردی - کەلامی عەبدولحەمید -
١٤٨- مەولەوی
١٤٩- مەولەوی



١٥٤- کەلامی (فخرالعلماء) شێخ محەمەد
١٥٥- ئەحمەد بەگی کۆماسی، وەلی دێوانە
١٥٦- مەولەوی
١٥٧- کەلامی سەیید فەتاح
١٥٧- وەلی دێوانە
١٥٩- وەلی دێوانە
١٦٠- وەلی دێوانە
١٦٢ - ایضـا - مـەولەویی - لەم لاپەڕەدا نووسـەرەوە نووسـیـویە: «بحـمـدالله وحـسن توفیقه تمام شد اشعارات جناب مولوی - علیه الرحمه - وسائر غزلیات او، کلام احمد بیک کوماسی و ولی دیوانه و سائرین رحمهم الله فی الدارین یوم جمعه ١٣٣٢، حرره محمد»
١٦٣- کلام شێخ رضای کرکوک که از صدر الاعظم روم نوشته...
١٦٣- مەولەوی
١٦٥- احمد بیک، مەولەوی
١٦٦- بچڕان و ناتەواویی (وختی)
١٦٧- مەولەویی
١٦٨- بچڕان وناتەواوی (ایسا)
١٦٩- مەولەوی
١٧٠- ناتەواویی و بچڕان (مولوی در جواب بلبل)
١٧١- مەحموود
١٧٢- غەریبی
١٧٣- ئاهیی
١٧٤- کوردی
١٧٥- ئەمین
١٧٦- نالی
١٧٨- ناتەوایی - کەلامی -
١٧٩- ڕەنگە مەولەوی بێ

١٨٦- مەکتووبی نالی جهة سالم
١٨٨- جەوابی سالم
١٩٠- ناتەوایی (کلام)
١٩١- کوردی
١٩٢- ناتەواویی (شمس)
١٩٣- کوردی
١٩٥- هەندێ ناوی مەتەڵ بەفارسی
١٩٦- بەهارییەیەکی خاوەن نەزانراو، (لە قەراخدا)
١٩٨- ناتەوایی (بلبل)
١٩٩- شمس تبریزی
٢٠٢- ناتەواویی و بچڕان (مام باباد)
٢٠٣- درویشی، خانای قوبادی
٢٠٤- ناتەواویی و بچڕان - (یا مالک)
٢٠٥- پێنج خشتەکی شەفیق لەسەر کەلامی سەیید بەهادین، لە شێوەنی شێخی ضیائەدیندا،
٢٠٦- ناریی.
٢٠٧- صادق
٢٠٨- شهاب الدین
٢٠٩- عەلی حەریری، مەلا مصطەفا
٢١٠- حاجی
٢١٢- دەروێش مصطەفا
٢١٤- شمس الحق - بچڕان - (زفرزند)
٢١٥- پاشماوەی دانراوێکی کوردی - بەهۆنراوە لە عەقائیدا
٢٣٣- پەڕەیەک شیعری جۆراوجۆری فارسی
٢٣٥- شمس تبریزی، سعدی، فردوسی. (بچڕان)
٢٣٧- چەند روقعە و پارچەی فارسی
٢٣٩- عصمت



٢٤٤- کەلامی ریاضی
٢٤٥- روباعیاتی شێخ سەعیدی (ابو الخیر)، (بچڕان)
٢٤٧- حاجی، وەحید، رضی
٢٤٨- حاجی، بچڕان (هفت)
٢٤٩- مەتەڵی فارسی
٢٥٠- بچڕان - (وش)، (کلمت).
٢٥١- شمس الحق تبریزی
٢٥٨- مولود جامی.
٢٥٩- کەلامی خواجەکی، جامی، شمس الحق تبریزی
٢٦٠- عطار، سعدی، شوکت
١٦١- حیکایەتی شێخی صەنعان بەفارسی
٢٨٧- کۆتایی حیکایەتی شێخی صەنعان و (بچڕان).
٢٧٩- شیعری (مضطر) بەتورکی
٢٨٨- بچڕان (بهر)
٢٨٩- بچڕ بچڕی شیعری (مضطر) تا لاپەڕە ٢٩٦.
٢٩٧- بەشێک لە کتێبێکی شەرع بەفارسی لەوە دەچێت مەکتووباتی کاک ئەحمەد بێت.
٣٠٦- ئەم لاپەڕە هەرچەند جێگەی خۆی نییە و بچڕانی پێوە دیارە ئێمە خستمانە دوا لاپەڕە لەبەر ئەوەی لە سەری نووسراوە: «تمت شد اشعارات کتاب گلزار بهار از ترکی و فارسی از دست حقیر فقیر محمد... یوم پنجشنبه بیست و ششم شهر ربیع الاول نیمه از زستان گذشته در سال جهاد، اللهم انصر سلطان الاسلام آمین در سنه ١٣٣٣».

## سەرچاوەکانی دیکە:

جگە لە کەشکۆڵی گوڵزار و بەهار بۆ ئامادەکردنی ئەم بەرگەی کەشکۆڵی کەلەپوور سوود لە چەند سەرچاوەی دیکە وەرگیراوە، لەوانە:

کەشکۆڵی تالانیی:

ئەم کەشکۆڵەیش سەرچاوەیەکی دەستپێنەگەیشتووی ئەدەبی کوردییە و، چەند پارچە شیعرم لێوەرگرتوە، کەمێک بەدرێژی لە لاپەڕە ١١١ی بەرگی دووەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا باسی ناوەڕۆکی ئەم کەشکۆڵەم نووسیوە.

بۆ ئاماژە بۆ ئەم کەشکۆڵە (ت/...)م داناوە.

کەشکۆڵی گەلاڵە:

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لەسەرچاوە نایابەکانی ئەدەبی کوردیی و -وابزانم- یەکەمجار من بە مێژووی ئەدەبی کوردیم ناساندوە و، لە لاپەڕە ١٧٣ی بەرگی یەکەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا لەسەریم نووسیوە.

جگە لەمانەیش چەند سەرچاوە و دەستخەتی دی کە لە (د.ع)دا بوون و پارچە پارچە شیعرم لێوەرگرتوون و لە شوێنی خۆیاندا باسمکردوون.

بۆ ئاماژە بۆ ئەم کەشکۆڵەیش لەبەر ئەوەی لە تەک گوڵزار و بەهاردا تێکەڵ نەبن (ڵ/...)م داناوە.

لەم بەرگەیشدا - وەک بەرگی پێنجەم- بەشی زۆری وێنەی دەقی شیعرەکان لە رووی دەستخەتەکانیانەوە دەخەمە روو، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ لە رووی ئەم دەقانەوە سەرنجی ڕەنجەکەمان لە ڕاستکردنەوە و هێنانەوە سەر رێنووسی دەقەکاندا بدات و، بتوانێ ئەویش بەشی خۆی بخاتە سەر ڕەنجەکەی من ئەگەر من لە بۆچوونەکانمدا بەهەڵەدا چووبم.



# عەبدوڕەحیمی پێنجوێنیی

لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا ناوی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنیی لەرزی زانا ناودارەکانی کوردا نووسراوە و، شتێک دەربارەی ژیانی تۆمار کراوە، مامۆستای مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان و مامۆستا مەلا حسەینی پیسکەندیی و چەندین مامۆستای دیکە بووە. بەڵام ناوی مامۆستا مەلا عەبدوڕەحیمی پێنجوێنیمان نەدیوە و، وەک شاعیر و نووسەر ناوی لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا نابینین.

ئەم پارچە شیعرە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە بەناوی ئەم مامۆستاوە تۆمار کراوە، بەداخەوە پارچە شیعرەکە لە ناوەڕاستیدا لێی کەوتوە و نازانین کەوتنەکە چەندە، لەوانەیە ئەگەر هەموو شیعرەکان لە دەستدا بوایەن لاپەڕەیەکی روونترمان دەربارەی ئەو شەڕ و هەرا و گرانی و قات و قڕییە بزانیایەت کە لەو سەردەمەدا باڵی ڕەشی بەسەر وڵاتدا کێشاوە. ئێستە کە هەر ئەمەمان لە دەستدایە دەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو ڕۆژانی داهاتوو شتی زیاتریان پێ بێت.

کلام ملا عبدالرحیم پێنجوینی درجلوس حضرة أمیر المؤمنین سلطان عبدالحمید و جهاد قارص و بایزید و و باو گرانی آن سال:

(گ/١١)

در ایام سلطان عبدالحمید
مصائب بسیار برما دمید
همان واقعاتی کە در روم شد
بگویم ز من آنچە معلوم شد:
یکی قتل سلطان عبدالعزیز
بفتوای قانون جمهور نیز
چو بر تخت بنشت سلطان حمید
پی جنگجو روس خنجر کشید
ز هرجا بجنبد لشکر چو دود
تو گفتی دو صد کوه البرز بود

بجوشید لشکر ز هر مرز بوم
شده حربکه قارص و ارض روم
دو لشکر چو دریا در آمد بجوش
ز خون خلایق جهان سرخ پوش
ز شیپور وز ناله‌ء طپل کوس
تزلزل بیفتاد در روم روس
گریزان شد از نعره‌های تفنگ
ز بیشه پلنگ ز دریا نهنگ
ز آواز توپ و ز قمپارها
قیامت پدید آمد از روسها
جهان سیره شد زین دغای عظیم
مناجات کردند مسلمان ز بیم
برآمد ز هر گوشه شیرافکنی
سر آمد ز هر جانبی صف زنی
هزبران رومی نبردان روس
سراپا بخون سرخ همچون عروس
چـ کردی دهد لشکر بیشمار
که توفیق ندهد خداوند کار
همی بخت رومی چو روباه شد
اسد طالع روس بدخواه شد
قماندارها حیله‌ها ساختند
پی درهمی چند دین باختند
جوانان که در حرب جان سوختند
شنیدم بیک روپیه بفروختند
ز دسیسه‌ء رومی بد فعال
شدندی اسیر از کف بد سکال
چنان زلزل افتاد بر رومیان
زبان کی تواند نماید بیان؟



قماندار شیخان اهل جهاد
چنین دولت روم برباد داد
بر...ت گرفتند بدزدی تفنگ
کجا شرم دارند بی نام ننگ
شکست آمد از لشکر رومیان
غم و حسرت آمد باسلامیان
پس از جنگ روزی چنان رفع شد
[فراض!] در اینمملکت قطع شد
در آنسال چون چنگ آخر رسید
وباو گرانی بیامد پدید
چنان قحط سالی شد اندر عراق
پدر از پسر میگرفتی فراق
ز دود درون گدایان طی
فلک گریه و ناله میزد چو نی
خبرداری از چرخ پیوسته کرد؟
بترکان رومی کردان چه کرد
چه کینی ز دل داشت این چرخ دور
که برق غضب ریخت بر شهره‌زور؟
کهن چرخ بدپرور بد نژاد
قره‌داغرا داغ بر دل نهاد
خصوصا سلیمانی شوم بخت
غنی تا گدایش فرومانده سخت[١]
نبوده.........
طرب رفت و غمگین وغم شاد شد
خزان آمد و لاله برباد شد

(١) لێرەدا بەلای کەمییەوە پەڕەیەک کەوتوە و لەوانەیە زیاتریش بێت.

من پینجوین گندمش بی مقال
خریدند و بردند در سه ریال
چه ارزن چه جو هریکی سه قران
بهایش همین بود یک حقه نان
در ایام سلطان عبدالحمید
چنین قحط نادیده آمد پدید
همان سکه‌ی شهرهای قدیم
[بفرهود!] باید گرفتن به نیم
درانوقت تنگی چنین ظلم کرد
نه بر ما که بر حال خود ظلم کرد
بجای ترحم بکرد ظلم حبت(!)
مضاعف خراجاترا می گرفت
زهی کتم کرداست شرع رسول
قوانین نمرود دارد قبول
ز ملکش بسی شهر ویرانشده
رعیت ز خاکش پریشانشده
ز بی حکمی روم و ز آشوب جاف
فراری لزوم است تا کوه قاف
بسی خندم آید بأحکام روم
نپرسد ز حکمش نه دراج و دوم
ندانم بنام که خطبه زنم
که هرکس درین دیر گوید: منم!
شنیدم.........



## فەقێ خەڵووزەیی

(گ/٢٣)

پەی چێش مەپەرسی ئەبلەی دێوانە
ئەحواڵ پەرسی شەرح ویەردەی زەمانە
یەقین تۆ جە خەوف خودا نەتەرسی
ئەحواڵ دەوران جە من مەپەرسی
عەرز کەروون جەلاش هەر چە هەن نیاز
گۆشدەر بەگوفتار قەڵایچەی بێناز:
ڕاستەن جەی وەرتەر جاگەی خانان بیم
هەمراز ڕەفیق شای کەیانان بیم
تەخت بێگلەران [ولکەی!] ئێران بیم
قاپییەی حوکمەت جاگەی شێران بیم
دەستکار ئوستاد قەدیم سالان بیم
تەخت بێگلەران کەمەرلالان بیم
هەم سەراپەردەی حەرەمسەرا بیم
هەم جانشینگەی خان و دارا بیم
هەم جانشینگەی پۆل ڕەندان بیم
هەم باڵەخانەی زۆڵف کەمەندان بیم
چەند وەستای نادر حەککاک دانا
پەی سەیوان کاری وە لام کیانا
بە شادیی و لۆغان بەذەوق و زینەت
منیش تەمام کەرد حاکم و حوکمەت
ڕوێ جە تەقدیر قەصد قەزاگیر
من بیم وە قەڵغان تۆپ جەزائیر
وەقتێ جە قولله تۆپ مەدان ئاتەش
زەمین مەلەرزا تا وە پای عەرش

جه صەدای بارووت شریخەی تیر ئەنداز
سەحرا و کەژ و کۆ دەنگ مەدان ئاواز
ئێستە نە تەخت مەندەن نە جاگەی تەخت[1]
نە سوپای ڕەنگین نە قۆیتاسەو ڕەخت
جە (فقە) واتەن دەروون پڕ جەفا
بەکەس نەمەندەن دنیای بێ وەفا
واتم: (خەڵووزیی) قەبرت پڕ نوور بۆ[2]
ڕۆحت جە عەزاب قیامەت دوور بۆ

(١) ئەم پارچە وەک لەم دوو بەیتەی دواییەوە دەردەکەوێت لەوانەیە شیعری (فەقێ خەڵووزەیی) بێت، بەڵام بەتەواویی ناتوانین ددانی پێدا بنێین. دەبێ ئەوەیش بڵێین ئەم پارچە لە سەرەتاوە ناتەواوە و نازانین چەندەی لەناوچووە.
لە شیعرەکانەوە دەردەکەوێت کە شاعیر لەتەک قەڵایەکی کۆندا دەدوێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، بەڵام – دووبارە– نازانین چ قەڵایەکە.
بەڵام دەبێ ئەوە نەبوێرین شاعیرێکی دیمان هەیە نازناوی (زوو خاڵی)یە و پارچەیەک شیعری لە بەرگی چوارەمی (کەشکۆڵی کەلوپووری ئەدەبی کوردی)دا هەیە. بەڵام لەوێ (زوو خاڵی) و لێرە (خەڵووزەیی)یە، دەبێ هەر یەک شاعیر بن؟
(٢) بڕوانە: مشاهیر کرد بەرگی یەکەم ل: ٣٨٩ و گلزار شاعران کردستان ل:٣١.



## ئەکبەر

ئەگەر ئەم ئەکبەرە ئەکبەری سەنەندەجیی – سنەیی– بێت، ئەوا ئەکبەر بەگی کوڕی محەمەد زەمانی کوڕی محەمەد ڕەشید بەگە لە خانەدان و وەکلیەکانی شاری سنە بوون.

ئەکبەر شاعیرێکی لێهاتوو بووە و، زۆربەی کاتی لەناو زانایان و لەتەک پیاوچاکان و پیاوماقووڵاندا بەسەر بردووە و، پیاوێکی دنیا نەویست بووە و، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەیەکجاری دەستی لە دنیا شۆردوە و خۆی بۆ ڕێکخستنی توێشووی پاشەڕۆژ ئامادە کردووە. تا کۆتای ساڵەکانی ١٢٧٠ی کۆچی لە ژیاندا بووە.

لە مشاهیر کرد و گلزار شاعران کردستان دا شیعری فارسیی هەیە.

## کەلام ئەکبەر

-١-

(گ/٣٦)

دڵم پڕ غەمەن......
جە مەحروومی وێم دڵم پڕ غەمەن
تیپ نازاداران [جرکسان!] جەمەن
ئەوە جەلاشان نییەن هەر غەمەن
گوڵەن گوڵغونچەن سەروەن تەمامەن
عەیشەن عەشرەتەن جەمینەن جامەن
دوڕەن فەیرۆزەن لەعلەن مەرجانەن
تەڵان زومڕەدەن نەئەصڵ کانەن
بازەن شاهێنەن شۆخەن طەوارەن
جەمع خاڵخاصان شیرین ڕەفتارەن
سەوڵەن سۆسەنەن بەڕەزای شاخەن
نارنجەن لیمۆن پەروەردەی باخەن
حۆرەن غیلمانەن پەریی و مەهوەشەن
بەرقەن چون نوورەن شوعلەی ئاتەشەن

شەمسەن قەمەرەن زوهرەن موشتەریین
بیللا جە شێوەی ئادەمیی بەریین!
خوصووص یەکێشان دانەی گەوهەرەن
ئەو چون ئەنجومەن شاهەن سەروەرەن
شەمع مەحفەلەن، شاخ نەباتەن
هەزار پەی شۆخیی شێوەی ئەو ماتەن
لەیلەن گوڵەندام دیدەی شابازەن
نە دڵەی جەرگەی ڕەندان مومتازەن
جە شووڵەی شەوقەن خۆر نەحیجابەن
قەیس پەی ئەو مەجنوون فەرهاد بێ تابەن
سەر تا پا جە نوور قودرەت سروشتەن
ماچی نەوسوەیل سەرتاپاش ڕەشتەن
شەوق پێشانیش یانەم کەرد خەراب
تیر موژانش دڵ کەردەن کەباب
ئەفشانش کەردەن زوڵف عەنبەرین
کەردەن وە قابیض پەی گیان شیرین
بەهەرحاڵ قیبلەم شای فریشتە خو
عەرضەی زەلیلیم عەرز کەردەن وە تۆ
قیبلەم بۆ بە عیشق ظەریفیی باڵات
ئەو باڵای بێ عەیب سای نەرمی ئاڵات
بترسە جە خەوف شەرارەی شەرەر
ڕەحمێ کەر بەحاڵ پەشێویی (ئەکبەر)
ڕەحمێ کەر بەحاڵ پەشێویی دەردم
(بی دو دی بو نفت!) هەناسەی سەردم
پەی چی بار عەشق دوودی ناسە سەرد
هەر کاتێ زانای نەدڵ ئەثەر کەرد
بەی بار حەسرەت جە تاو دەردان
دێوانان ئاسا وێڵ بووم نە هەردان



سەوگەندت مەدۆم بەحەیی قەدیم
چێشەن تەدبیرم خۆ فەڕەنگی نیم؟

-٢-

(گ/٣٦)

بەندەی بێ حەیام......
فەرمووەدەت ڕاستەن بەندەی بێ حەیام
قوربان ئەگەر من بێ حەیا نەبیام
گیانم نەڕاگەی بێشەرت نەنیام
خەیلێ بێ حەیا هەم بێ کەماڵم
چونکە پەی بێشەرت بەی طەور عەبداڵم
شەرت بێ نە(نیروم!) سەر نەرای کەم شەرت
نەکەرووم گیان بەفیدای کەم شەرت
شەرت بۆ جە داخت یەخەم پارەکەم
جە خاک و وەتەن وێم ئاوارەکەم
پەی کەسێ بمرووم صاحیب وەفا بۆ
نەک کەسێ بێشەرت مەیل بەجەفا بۆ (!)
تا سەر مەزانام وەفادارەنی
نەزانام کەم شەرت جەفاکارەنی
[جو بون جو فاکە توم بدل آوران!]
باوان وێران بای ئاخرت ناوەران!
ئیسە بەڵەد بیم جە بێوەفاییت
صەد جار تۆبەم بۆ جە ئاشنائییت
ساچون جە تۆ دیم یەند دەردو مەینەت
تۆبە جە دیدار یار بێ بەینەت
بەیطەورە جە تۆ دیم سزاو جەفا
تۆبە جە دیدار یار بێ وەفا

ئەرێ هەی (ئەکبەر) دێوانەی بەدبەخت
تەرک کەر ڕەفیقی بێشەرتان، سەر سەخت!

-٣-

(گ/٣٦)

بەندەی دێوانەم......

پەی تاسەی باڵات بەندەی دێوانەم
چونکە دەروێشم بێ خانە و لانەم
نە ڕای جەوانیت بدەر جەژنانەم

***

ئازیز واجبەن پەرێ خاص و عام
خواجە بدەرۆ جەژنانەی غوڵام
مەدۆ سەوگەندت بەئایەی کەلام
لوطفت بۆ چەنیم بەسەرگەردت بام
وا مەجنوون تۆم رسوای زەمانەم
نە ڕای جەوانیت بدەر جەژنانەم

***

قوربان کە رەمجەژنانەی دەروێش
عەطاکەر چونکە دەروێشەن دڵڕێش
زەڕەی لوطفت بۆ وێنەی قەوم و خوێش
زام ناسوورم بەڵکە بۆ سارێش
ڕاستەن تۆ شەمع بەندە پەروانەم
نەرای جەوانیت بدەر جەژنانەم

***

سوڵتان مەیلت گرتەن قەڵای دڵ
نەصبەن [لاغرن!] تا سای سەرای گڵ
هونش جارییەن زامش مەدۆ چڵ
عەدووێ چون غەم تێش گرتەن مەنزڵ



جە عیشقت ڕسوای خوێش و بێگانەم
نە ڕای جەوانیت بدەر جەژنانەم

***

صەدەقە حەیفەن پەی شەخصێ چون تۆ
ڕەنج غولامان کەرۆ ڕەنجەڕۆ
پێکیاگم بەتیر موژەی شەصت تۆ
مەشغوولم چەنی پەژارە و ئەندۆ
جە بێڕەحمیی تۆ دڵ ئاما بەجۆش
نەمەندەن جەلام صەبر و عەقڵ و هۆش
عەرزم هەر ئێدەن بگیرە نەگۆش
ڕەنجەکەی (ئەکبەر) مەکەر فەرامۆش
هەر مەیلەکەی تۆن گەنج و خەزانەم
نە ڕووی جەوانیت بدەر جەژنانەم

-٤-

(گ/٣٦)

باڵا نەونەمام......

ئەبرۆ چون کەمان باڵا نەونەمام
زوڵف پڕ پێچت چون کەمەند سام
خەدەنگت عالەم مەکەرۆ بەدنام
زوڵفت زنجیرەن ها نەگەردەنم
خەلاصیم نییەن تا ڕۆی مەردەنم
موژەت نەشتەرەن تیرەن خەدەنگەن
دائیم پەی قەتڵم ئامادەی جەنگەن
(الف!) ئەلفوار نە بەین دیدە
بە صەنعەت حەق قەڵەمکەشیدە
گۆنات مەدرەوشۆ چون گوڵ نەگوڵزار
بەتەر جە بولبول دڵ پێش گرفتار

لەبت ئەحمەرەن نازکتر جە گوڵ
مەرهەمەن پەی زام، ئارامەن پەی دڵ
لەبان ئاڵت وێنەی پەڕەی گوڵ
صەد دڵ پەی ئەو گوڵ بییەن وە بۆڵبوڵ
دەهانەن دورجەن پڕەن جە گەوهەر
عەجەب خۆشکەلام شیرین موعەططەر
قەهقەهەت وێنەی کەبک خەرامان
دندان وێنەی دوڕ خەزانەی شاهان
غەبغەبت وێنەی تەلاّی دەست ئەفشار
گەردەن صوراحیی من کرد گرفتار
سینەت سیم صاف (فتات!) ڕەواج
نەرمەن چون قاقوم سەفیدەن چون عاج
گیانم بەقوربان زەردەی بەیانت
ڕۆحم بەسەر گەرد زەنگیی خاڵانت
نافت بۆی غونچەی نەسرین مبێزۆ
ئاهوو نەخەجڵەت پەی وێش مەگوریزۆ
(ڕا تو نەرانی!) پووز و پەنجەی پا
مەکەرۆ حەیران مەلەک جە سەما
هەر کەس بوینۆ شێوەی تۆ وە چەم
دەرساعەت دڵش پڕ مەبۆ جە غەم
دڵەکەی (ئەکبەر) بییەن بەعەبداڵ
شەمەی جە تەعریف تۆ کەردش خەیاڵ
وەرنە شاعیرگەل سەراسەر جەم بۆ
وەصف بێعەیبییت تەمام نمەبۆ
زامداریێ چون من دێوانەی کەمفام
ساکەی وەصف تۆ مەکەرۆ تەمام؟!



## پەشێویی

ئەم شاعیرەیش کە لێرەدا هەشت پارچە شیعری بڵاودەکەینەوە، یەکێکە لەو شاعیرانەی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییدا -بەپێی ئاگاداریی من- ناوی نەهاتووە و شیعری بڵاونەکراوەتەوە، ئێمەیش جگە لە شیعرەکانی کە لێرەدا دەیانکەین بەدیاریی دەستمان شتێکی دیکەمان لە دەستدا نییە، بەم هەنگاوە ناوی دەخەینە ناو ناوان، بەڵکو لەمەولا زیاتری دەربارە بزانین و، شیعری زیاتریشی دەربکەوێت.

### کلام مجید متخلص به(پشیوی)

-١-

(گ/٣٧)

شێوەت شیرینەن......
ئەرێ نەونەمام شێوەت شیرینەن
صاحیب خولق و فام لەیل وەرینەن
هومەیلای پەریی شازادەی چینەن
سەفیدەن، سورخەن، سیاهەن، زەردەن
پێشانین جەمین، ڕوخسارەن گەردەن
جامەن، جەمینەن، گوڵەن، گوڵزارەن
ڕۆخەن، بەهەشتەن، روخەن ڕوخسارەن
کەمانەن، تیرەن، زنجیرەن، داوەن
ئەبرۆن و مۆژەن، زوڵفان خاوەن
داجەن دەیجوورەن، موشکەن موشکینەن
سۆسەن، لەولاوەن، چینەن، پڕ چینەن،
ئەلفەن قەڵەمکێش حوقەی خەلطانەن
فەیرووزەن، خاڵەن، لەعلەن، لەبانەن
قاقومەن، نەرمەن، سینەن، سەفیدەن
لیمۆن، نارنجەن، تازە ڕەسیدەن

ساعیدەن سیمین صاف بێگەردەن
هەزاران پەرێش داخ وە خاک بەردەن
بەیان بوینان ئەی شێوە خاصەن
ئەی صاحیب نمەک خاصەن خۆلاصەن
ئەی زەڕەی شیرین جە گەشت عەیب بەریی
گوفتار چون مەلەک شێوە چون پەریی
یە ئادەم نییەن ڕاستەن حۆرییەن
شێوەی ئادەمی بەی طەورە نیەن
مەواچان ئادەم بێ عەیب کەم بیەن
بیللا بێ عەیبی، هیچ عەیبت نیەن
(پەشێویی) دایم زارەن زگارەن
دەواش دیدار ڕوخسار یارەن

......

-٢-

(گ/٣٨)

بێخەبەر جە دەرد......

تەرسای فەرەنگیی بێخەبەر جە دەرد
تۆ شێخ صەنعانت جە دین گومڕا کەرد
پەی تۆ جە مەذهەب جە ئیمان ویەرد
تۆ مەجنوون کەردی نەشار دەر بەدەر
دیلت کەرد نە کۆی مەئوای پڕ خەطەر
تۆ بەهرام بەردی بەدەروازەی چین
نە هووناو کەردی سەراپاش ڕەنگین
تۆ فەرهاد کوشتی نە کۆی بێستوون
وێش بەدەست وێش کەردی سەرنگوون
شێرۆ پەی خاڵت خوسرەو جە گیان کەرد
پەی تۆ بەناکام سەر بەگڵکۆ بەرد



منیش چون ئەوان خەریدارتم
جە ئەوان بەتەر من خەمبارتم
حەق بەردار نیەن خۆ موسوڵمانیەن
وەسم عەذاب دەر بێ ئینصافیەن
نە ڕای ئیلتیفات - ئازیزم!- یەکجار
بپەرسە ئەحوال دەردی دەردەدار
پەی کێ زگارم؟ پەی کێ ذەلیلم؟
پەی کێ زگارم؟ پەی کێ عەلیلم؟
پەی کێ بەیطەورە دایم خەمینم؟
ڕەنگزەرد و زەعیف دیدە نمینم
وێنەی دەروێشان دایم دڵڕێشم
پەی کێ ئەی عەذاب دایم مەکێشم؟
خۆ تۆ کافری بێڕای فەرەنگیی
چەنی عاشقان دائیم وە جەنگی
بواچان پەنەت دەر دڵی تەمام (!)
جە مەجنوون بەتەر بەسەرگەردت بام
مەحبووب ئەو خاصەن چون شیرین پێش
ئاگا بۆ نە حاڵ دەردەدار وێش
قەسەم بە واحید! زوڵفان عەنبەر بۆ
بەهیچ تەما نیم غەیر جە نیگای تۆ
یاشا هەر شەخصێ دووربان نەی بۆ(!)
بەناکام بنیۆ سەر نەسای گڵکۆ
ساقیی! تۆ نەیۆ وەشی جە دنیا(!)
ذەلیل بۆ بەدەست ظاڵم بێڕا
نەڕەنجۆت خاطر حەقم وە دەستەن
تۆ منت بەگێج بەحر غەم وەستەن
شەرت بۆ جە داخت شەهزادەی ئەرمەن
(پەشێویی) تەرک کا ئەی مەئواو مەسکەن

-٣-

(گ/٣٨)

پەی تۆ بێزارم......

پەی تۆ جە مەخلووق عالەم بێزارم
پەی تۆ ئاراگێل کووچەی بازارم
پەی تۆ سەرگەردان دائیم غەمبارم
پەی تۆ بێ مرووەت خەریک دەردم
بێ خورد و بێ خواب هەناسەسەردم
پەی تۆ لێو بار ئوفتادەی خاکم
چون مەردە [مردار!] دائیم غەمناکم
پەی تۆ چون مەجنوون ئاوارەی توونم
زەعیف و زەلیل تەمام زەبوونم
پەی نەدینی تۆ وێنەی پەروانە
گلاراومەن یانە بەیانە
چون بولبول پەی گوڵ دائیم زاریمەن
فوغان و واوەیل بێقەراریمەن
شەوو ڕۆ خەریک زووخاو وەردەنم
پەی جەفای بێ سوود پەی تۆ بەردەنم
بە وێنەی مەجنوون ڕەنجم وە بادەن
جە فەرهاد بەتەر خاطر ناشادەن
هەی داد هەی بێداد هەی هاوار هەی ڕۆ!
گلاراومەن شەوان تا وە ڕۆ
هەی داد، هەی بێداد، هانا صەد هانا
نییەن حەکێمێ وەدەردم زانا
هەی داد هەی بێداد هەی موسوڵمانان
کێ پەنهان کەردەن دەرد(١) جە حەکیمان؟

(١) لە دەستخەتەکەدا (در – دەر) نووسراوە، بەڵام دەرد ڕاستە.



من بێ تۆ قیبلە دەردم کارییەن
شەوو ڕۆ عەذاب شین و زارییەن
دەردم پەنهانەن تەمامی یەکسەر
مەبۆ بمانۆن تا (یوم المحشر)
زام (پەشێویی) جە حەد ویەردەن
مەبۆ پەشێو بۆ تا بە ڕۆی مەردەن

***

-٤-

(گ/٣٨)

جە دمای تۆ......

شەرت بۆ قیبلەکەم من جە دمای تۆ
هەنی پەی وڵات خاپوور بەبێ تۆ
وێڵ وێڵ نەکووچەی شاران بگێڵۆ
سەفەر بەبێ تۆ وێنەی سەقەرەن
بەئەڵڵا قەسەم سەقەر خاصتەرەن!
شەرت بۆ وێنەی شەرت مەحبووبەکەی پێش
پەی دووریی باڵات بەبوون وە دەروێش
تەرک شادیی و عەیش سەیر و صەفاکەم
جە داخ دووریت خۆم بەگەدا کەم
بپۆشم بەتەن بەرگ سەفیدیی
بەوێنەی مەجنوون ڕووکەم بە بێدیی
بەرگ دەروێشیی بپۆشم بەتەن
هەنی نەبەیۆم جەی مەئواو مەسکەن
بگیروون بە دەست عەصای گەدایی
هیچ نەبوون وە تەنگ نام ڕسوایی

.........

-٥-

(گ/٣٩)

نیشتەبیم دڵگیر......

یاران هامسەران نیشتەبیم دڵگیر
جە ناکاو ئاما بۆی موشک و عەبیر
چار کەس پەیدا بی چون بەدر و مونیر
یەکێ بە وێنەی خورشید نە سەما
مگەڕیا وێنەی شوعلەی نێو چرا
یەکێ بە وێنەی ماه دوو هەفتە
قاتیل بی پیری[1] بێدار و حەفتە
یەکێ بەوێنەی سوهەیل نەدەیجوور
تازە نەوڕەسێ وێنەی شوعلەی نوور
یەکێ بەوێنەی پەریی نەگوڵزار
مەدرەوشا وێنەی شەمع شوعلەدار
یەکێ چون مەلەک یا چو فریشتەن
پەروەردەی گوڵزار باغچەی بەهەشتەن
زوبەیدەخانم سەر دەلیلشان
مەحبووب بێ عەیب بەرگوزیدەشان
خانم کوچک جە عەیب بەرییەن
شێوە چون مەلەک جە مەلەک نییەن
عەدلە خانمێ نوور دیدەشان
نەمام نەوهاڵ بەرگوزیدەشان
ڕاستەن گشت مەحبووب زوڵف پەرێشانەن
ئەمما نە وێنەی بانووی جیهانەن
یەعنی جان بانوو سەردار جیهان

(١) لەوانەیە (پەرێ) ڕاست بێت.



گۆناش وێنەی سێب شەجەرەی طووبان
یەکێ بەوێنەی شەهزادەی ئەرمەن
کەمەربەستەبی پەی قەتڵ کوهکەن
یەکێ بەوێنەی گوڵەندام چین
شمشێر ئەبرۆ گرتەبی پەی کین
یەکێ بەوێنەی لەیلەکەی مەجنوون
ڕەنگین کەردە بی دامانش بە هوون
زانام وە هەر جا ئەوان ویەردەن
قەتڵ عاشقان بەناحەق کەردەن
خەیلێ خۆفناک بیم جە سامداریشان
جە زەخم کاری نا دیاریشان
ساتێ تەواسام وێنەی نەقش سەنگ
بیم بە زەعفەران گێڵیام جە ڕەنگ
خەیلێ صەڵەوات دام جە دیدارشان
خەیلێ نیگام کەرد بە ڕوخسارشان
واتم: پەی قەتڵ کامین ڕاویار
وێتان ئاراستەن چون جەنگیی سوار؟
هیچ نەدان جەواب جە لام ویەردەن
هەر یەک وە زەخمێ جە گیانم کەردەن
(پەشێویی)! دیارەن ئاخر نەفەسەن
قاتڵ قەتڵت ئەو چار نەوڕەسەن[2]

(٢) ڕەنگە ئەمە لاساییکردنەوەی پارچە شیعری (چوار پەریی) (ڕەنجووریی) بێت.

-٦-

(گ/٣٩)

دڵ نە پەروازەن......

هانا هامسەران دڵ نەپەروازەن
دیسان گرفتار یەک دیدەی بازەن
شیرین ئەندامێ دائیم وە نازەن
گرفتار بەند طەلیسم دێوەن
زەعیف و زەلیل تەمام پەشێوەن
هام جفتەن چەنی فەرەنگی گەورێ
جە مەذهەب لادەر، مایل بەجەورێ
ڕاستشان واتەن: گوڵ بێخار نییەن
ئەگەر بۆ - بیللا - نە گوڵزار نییەن
هەر جەواهیرەن نەزێر خاکەن
یە گشت جە قودرەت بینای پاکەن
یا ڕەب بەحاجەت خاصان خاص کەی
شیرینت جە دەست (کەڕا) خەلاصکەی
هەروەخت مەوینووم هەر دوو جفت وە هەم
لێلاویی مەیۆ وە بان دیدەم
ئەگەر بکەرن دەستێ نەگەردەن
مەوازووم پەی وێم ئاوات بەمەردەن
ئەگەر چەنێو هەم بکەران ڕازان
ئەعزام چڵ مەدۆ چون مارانگازان
یا ڕەب بەحاجەت سۆز نیمەشەو
گیانی خەلاص کەی لە هامجفتیی ئەو
هەر کەس مەکەرۆ مەنع دڵداران
وێڵ وێڵ مەگێڵۆ نەسەر دیاران



یاشا هەر دڵدار بێوەفاو بەین بۆ
شەریک قاتڵ ئیمام حسەین بۆ
(پەشێویی) هەر وەخت بوینۆ باڵاش
ملەرزۆ چون نەی تەمام ئەعزاش

***

-٧-

(گ/٤٠)

یاران بێوەفان......

یاران یاوەران یاران بێوەفان
پەی وێشان دائیم نە سەیر و صەفان
پەی دەردەداران نە جەورو جەفان
صەد نیعمەت جە دڵ مایل بەچێشەن(!)
چونکە ڕەفیقش مایل بەنێشەن
کەسێ لایەق بۆ بە دەست شاوە
کەی چەنیو بوڵبوڵ مشۆ بە راوە؟
من و بوڵبولان هەردوو هامڕازین
بەوێنەی فەرهاد بەمەردەن ڕازین
بوڵبوڵ خاصتەرەن هەفتەی دوو هەفتە
منیشۆ نەسای گوڵ گوڵ شکفتە(!)
چەنی خار هامڕاز شەوان تا سەحەر
جە حاڵ بوڵبوڵ شەیدای بێخەبەر
گاگا مکاونۆ سینەی وێش بەخار
وێش مەیاونۆ بەعەطر ڕوخسار
نەک بە وێنەی من نە گۆشەی بانان
گلاراوەن جە صوب تا شامان
تا کەی بنیشین نە گۆشەو کەنار
نە پێوارەوە پەی دین و دیدار

عاشقم عاشق جە بوڵبوڵ بەتەر
صادقەن قەولم بەخودا و پێغەمبەر
دەروون چون کوورەی ئاهیر بەجۆشم
بەیان وە لای من زوخاڵ مەفرۆشم
دوودی هەناسەم مشۆ بەهەوا
گەرد غوبارش بەلات نەیاوا
ئەر هەناسەی سەردم بشۆن بەسەقەر
شوعلەی ئاهیرش مبۆ بەئەخگەر
خۆ من جە سەنگ نیم ئەرێ هەی فەرەنگ؟
جە مەذهەب لادەر دائیم مەیل بە جەنگ
بەئەڵڵا قەسەم شۆخ و شەنگەنی
حەیفت هەر ئێدەن دڵ جە سەنگەنی
مەر هەر کەس چون تۆ شۆخوشەنگ مبۆ
چەنی عاشقگەل ئەو بەجەنگ مبۆ
قەسەم بەواحید دانای بێهەمتای
بە وێنەی یەکتا جە عالەم یەکتای
شەوو ڕۆ جە عەشق ڕوخسارت مەستم
هیچ کەس پەرست نیم هەر تۆ پەرستم
قیبلەم حاجەتم کەعبەم میحرابم
هەر تۆنی دەرمان دڵەی کەبابم
ئەمن بەکەعبەی قیبلەم چە کارەن!
طەواف کەعبەم دیدار یارەن!
نام ئەو ئەوراد شەب و ڕۆزمەن
باعیث گریان دڵ پڕ سۆزمەن
شاڵڵا من بەیام نەجای غولامان
خدمەت بکەردام بە دیدەو بەگیان



هەر کەس بکەرۆ دەستێ نە گەردەن
مەحاڵەن ئەو کەس بشۆ بە مەردەن
هەر کەس بشنەوێ لەفظ شەکەربار
وێنەی من مبۆ شەیداو بێقەرار
هەر کەس ساعەتێ بنیشۆ هامڕاز
بەعومر دووبارە مبۆ سەر ئەفراز
چەنی هەر کەسێ بکەرۆ گوفتار
پێکۆش بەتیر موژان خونخوار
بەرزی دەماغت (پەشێویی) کەردەن
دێوانەی شەیدا تا بە ڕۆی مەردەن

***

-٨-

(گ/ ٤٠)

ئارۆ شەخصێ دیم......
یاران هامسەران ئارۆ شەخصێ دیم
سەر تا پا بێ عەیب شیرین تەرزێ دیم
شێوە شیرینێ بالابەرزێ دیم
بەبالا چون تووڵ بەقامەت نەی دیم
دوو زوڵفان جەنگیی بەوێنەی حەی دیم
ئەبرۆ چون کەمان کارخانەی کەی دیم
بەبێ بادەی مەست وێم مەست مەی دیم
پێشانیی پڕ نوور جە نوور حەی دیم
بیللا یەخاو بی، وەرنە من کەی دیم؟
دوو دیدەی مەخموور چون پیاڵەی مەی دیم
دوو بەی ئاوێزان نەتووڵ نەی دیم
ئەنف چون ئەلف قەڵەمکەشیدەن
فیدای صنعەت بام چەت ئافەریدەن؟

دەهان چون غونچەی تازە شکوفتەن
ڕوخسار بە وێنەی ماه دوو هەفتەن
دندان چون صەدەف یا ڕێزەی ئەڵماس
ڕێزەی ڕاز شیرین گفت کەلام خاص
ئیحتیاجیش نییەن ئەو بەتەعریفات
کەس ئاوتاش نییەن نە ڕووی سەر بسات
(پەشێویی) پەی تۆ زامش خەطەرەن
دەوای زامش حەجج ئەکبەرەن

***



## فەتحوڵڵا

ئەم (فەتحوڵڵا)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی بەختی یار نەبووە ناوی بکەوێتە سەر زاران و بەرهەمی بچێتە ناو کەشکۆڵ و بەیاضان و، دەستاو دەستی پێ بکرێت و، لە جێگەی دیار و شوێنی لە باردا بپارێزرێت، خۆشبەختانە لەم کەشکۆڵەدا ئەم دوو پارچە شیعرەی لە لەناوچوون ڕزگار بوون، ئێمەیش بەو بۆنەوە ناوی دەخەینە ناو ناوان بەڵکو لەمەولا زیاتری لەسەر بدۆزرێتەوە.

***

### فەتحوڵڵا

-١-

(گ/٤١)

ئازیز تەمام کەم...
باس بێشەرتیت چەند فەرد تەمام کەم
تا بێوەفائیت مەشهوور عام کەم
ئەوسا روو جە خاک ولات شام کەم
هەنی نەنیشتووم نەی مەحاڵەدا
تەرک یادت کەم نەخەیاڵەدا
پەی چێش کە چەند ساڵ قەیسئاسای چۆڵگەرد
چەنی وەحشیان شەب و ڕۆم مەکەرد؟
جەوانیم نەڕات عەبەث دا وە باد
پەرێم وە یاگەی جەوانیم بی شاد
بێوەفات زانان تەمام عاڵەم
دای بە ئاودا ڕەنج چەند ساڵەم
ئیسە بێشەرتیت نەعام مەشهوور بی
(الحمدالله) خۆ لە من دوور بی
بێمەیل بێمەیلیت بەو طەور نمانان
بێشەرت بێشەرتیت گشت عاڵەم زانان

بەڵێ ئامانەن میرزای سوخەن سەنج
نەڕای دۆست وێت ئەر مەکێشی ڕەنج
بەو شەرت ئەو دۆستە دوور نە جەفا بۆ
بارخانەی مەیلش پڕ نە وەفا بۆ
میرزام فیدات بام یاران دوو دڵ
غەیر جە خار غەم نەداران حاصڵ
چەنی دوو دڵان هەر کەس ڕەنج بەردەن
ماچی بەذر (کر!) شۆرەکات کەردەن
بازیی خاک و خەس چەنیی منداڵان
خاصتەرەن نە توخم شۆرەکات کاڵان
ڕەگ گشت ئەندام بکێشان بە گاز
نەکەی ڕەفیقیی یار بێ مەجاز
نەک چەنیی غەیرێ ئێقرار بەستەبۆ
دڵ بەیار خار جەفا گەستە بۆ
(فەتحوڵڵا) ئەر مەرد بۆ ئێقرارش کەردەن(!)
جە یار دەمساز دوودڵ ویەردەن

***

-٢-

(گ/٤١)

پەشێوم جە دەرد......

هانا هامسەران پەشێوم جە دەرد
هیجران شەخصێ سامانم ساکەرد
ناڵەم جە نۆ تاق سەماوات ویەرد
هەر یەند جەفاو جەور مەنمانۆ پەرێم
بێزاریم واستەن من جەگیان وێم
جە سۆز دەروون بەناڵانەوە
وێڵ وێڵ مەگێڵووم بەماڵانەوە



مەواچووم بەڵکە فاریغ بام جە دەرد
کۆتا بۆ نەدڵ هەنیی ئاە سەرد
نە ساکن مەبۆ دڵ جە هیجرانان
نەکۆتا مەبۆ ناڵەی بێ سامان
نە حەکیمێ هەن بپەرسۆ حاڵم
بکەرۆ دەرمان سفتەی زووخاڵم
نەقیبلەم ڕەحمێ مەکەرۆ چەنیم
مەپەرسۆ جەحاڵ وادەی مەردەنیم
وەختەن جە هیجران جەفای بێ سامان
قابیض پەی فەوتم بەیۆ وە دامان
بەیطەور جە هیجران ئەوقاتم تەنگەن
جە گۆش نەشنەواو و زبانم لەنگەن
نە چەم نوور و شەوق جاران مەندەن پێش
دائیم جە هیجران زووخاو مەیۆ لێش
وێنەی مقەبای بێ رۆح نە شاران
مەگێڵووم جە تاو دەرد و پەژاران
یاران کێ دیدەن چون من جەفای سەخت
دائیم بناڵۆ پەی بەدبەختیی بەخت؟
ئەر جە تەنخوای من سەنگ مبی جە هەرد
وێنەم دەقیقە صاف مەبی وە گەرد
کەس نەدارۆ تاو بار ئەی دەردە
چون من بکێشۆ هیجران نەپەردە
ممەز چێش کەردم نەداروم چارە
مورغ دڵ نە دام بەد گرفتارە
هەی داد هەی بێداد بەیان هامسەران
موعالەجەی دەرد کاریی من کەران
وەرنە بە واحید دانای کەرەمدار
جەفای لەیل کەردەن من جە گیان بێزار

مەر ئەوسا بە حاڵ دەردم بزانان
بەیان فاتیحەی فەوتم بوانان
جەو دما چارەی من نییەن وە کەس
سیوای ذات پاک فەرد فەریادڕەس
وەر جە مەرگ چارەی دەردم بسازۆن
وەرنە سای ئەڵحەد پەرێم بوازۆن
مەعلووم بۆ یاران هەر کەس هامدەردەن
(فەتحولڵلا) جە داغ جەفای لەیل مەردەن

***



## حاجی[1]

(گ/٥٥)

شای جەواهیر پۆش تەبر جەوهەردار
نە ڕۆژ جەنگدا مەکەرد کارزار
ئەسفەندیار بەو چنگ شووم شەڕەوە
یاقووتپۆش بەو دەست پڕ لە زەڕەوە
پیران وەیسە بەو تەدبیرەوە
گوودەرز بەو چنگ شێرگیرەوە
گیو گوودەرزیی بەو هونەرەوە
بێژەن بەو ئەسیر چای ئەژدەرەوە
خورشید خاوەر بەو غیرەتەوە
بەو عەشق و مەستی بەو نەصرەتەوە
بەهرزەڕشای خوتەن بەو خەفتانەوە
بەو بازووی پڕ زۆر ڕۆی مەیدانەوە

(گ/٥٧)

باقیی صەد هەزار نە ڕووی سەرزەمین
گوردان و مەردان ئەی چەرخ پڕ کین

(١) ئەم پارچە شیعرەم لە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان)دا یەکەم جار بڵاوکردەوە، ئەو دەقەی لەوێدا بڵاوم کردەوە (٥٧) بەیت بوو، دواتر لە کەشکۆڵەکەی مامۆستا ئیسماعیل کەریمدا هەمان دەق هەبوو، کە لەوێ (٨٩) بەیتە، هەر لە کاتی سەرگەرمیدا بەڕێکخستنی ئەو کەشکۆڵەوە لە کەشکۆڵی (گوڵزار و بەهار)یشدا هەمان دەقم بینی - وەک لێرەدا دەیبینی - کاتێک لە تەک دوو دەقەکەی دیدا بەراوردم کرد بینم ئەمیش دەقێکی ڕەوانە و گەلێ جیاوازیی لە تەک ئەواندا هەیە و، گەڵی جار جیاوازییەکان ئەوەندە زۆرن وەک دوو دەق دێنە پێش چاو.
لەگەڵ ئەوەدا ئەم دەقە لە سەرەتاو کۆتاییەوە ناتەواوە و، لەناوەوەیش لە دوو جێگەیدا کەوتن و بچڕان هەیە، هێشتا (٣٥) بەیتە و، لەو دوو دەقەکەدا باسی سێ داستان هەیە و، لێرەدا داستانی چوارەمیش هەیە، واتە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە هێشتا دەقێکی تەواوی ئەم پارچە شیعرە لە دەستدا نییە و، دەبێ چاوەڕوانی زیاتر بین.

ئەرێ دنیای دوون دەوردادەی دەوران
کوشندەی شێران سەرکەندەی بەوران
یەکایەک بادەی جام تۆ نۆشان
بەردی وە مەئوای شەهر خامۆشان

***

## داستانی چارەم

دەوران کەچگەرد
وەفات پەی کێ بێ کێت فانیی نەکەرد؟
حاتەم بەو هیمەت کەرەمکەردەوە
لوقمان بەو شیفای دەوای دەردەوە
بیقناقس بەو سام نە ڕووی پەردەوە
ئیفلاتوون بەو تیپ دەوای دەردەوە
ئەبو زەڕ جومهەر بەو غەیبیدانەوە
جالینۆس بەو شەکڵ ئینجیل خوانەوە
ئەرەسطووی حەکیم بەو طاعەتەوە
بەو ریاضەتکێش قەناعەتەوە
ئیلیاس بەو گشت فەهم دانەناسەوە
ئەیاز بەو عەقڵ و فەهم خاصەوە
نیظامی بەو نەظم خەمسەواتەوە
خاقانیی بەو شەرح حوکوماتەوە
فیردەوسیی بەو نەظم ڕووی شانامەوە
جامیی بەو ئەشعار شیعر جامەوە
شەمس تەبریزیی بەو گوفتارەوە
بەو ئەلفاظ خاص گەوهەربارەوە
(حافیظ) هەم بەو حیفظ ساقی سادەوە



(گ/٥٨)
بەو شەکەرڕێزیی وەقت و وادەوە
سەعدیی بەو کەلام سوخەن سەنجەوە
ئەنوەریی بەو طەرز لارو لەنجەوە
خوسرەو دەهلەو بەو زبانەوە
عورفی بەو عارف ئەناخوانەوە
شەوکەتیی بەو شەکڵ شەواکەتەوە
کیشوەریی بەو نەظم نەزاکەتەوە
مەولانای ڕۆمی بەو گشت حیفظەوە
قائانیی بەو نەظم هەم بەو لەفظەوە
ئەرێ دنیای دوون سەرمایەی ماتەم
جە رۆم تا فەڕەنگ عەرەب تا عەجەم
دانە...(٢)
کە یقوباد بەو تیپ حوکم و جەورەوە

(گ/٥٩)
کەیکاوس بەو عەیش طەرز و تەورەوە
دەقیانووس بەو گەنج خاک نیهادەوە
بەو ذەوق مەجلیس نۆشای بادەوە
سیاوەحش بەو هوون دەعوا مەندەوە
کەیخوسرەو بەو تاج گەوهەربەندەوە
سوهراسب بەو عەقڵ و فەصاحەتەوە
کوشتاسب بەو شەکڵ شەواکەتەوە
بەهمەن بەو فەتح ڕووی زەمانەوە
دارا بەو تونديی بێ ئەمانەوە
ئەسکەندەر بەو فەتح جیهان گەردەوە
بەو سەدد بەستەی نام ئاوەردەوە

(٢) لێرەدا کەوتن هەیە.

(گ/ ٦٠)

ئەردەشـێـر بەو چەنـگ و شـان و فـەڕەوە
فـەیلەقـووس بەو گـەنج بسـیـار زەڕەوە
شـاپوور بـەو فـرصـەت ڕووی جیـهـانەوە
بەو ئیـقلیـمگیـریی سـوپاو سـانەوە
هورمـز بەو طەبع و سـەخـاوەتەوە
بەهرام بەو شـێـوەی عـەدالەتەوە
نەڕەسی بەو عـەقڵ و ڕەشـادەتەوە(!)
هورمـز بەو کـەچیی و فـەسـادەتەوە
شـاپوور ئەکـتـاف بەو لەشکرەوە
بەو فـەتح و نەصـرەت بەو ظەفـەرەوە
بەو گـشت ڕەحـمـیـەت شاپوور ثانیی
بەهرام بەو گشت تیبپ سوپای سەلمانیی
کرمانشاه...!![3]

(٣) لێرەیشدا بێ تەواوبوونی پارچە شیعرەکە باسەکە بچڕاوە و نازانین چەندی ماوە.



## فکری

......[1]

(گ/١١٢)

ئاهی خۆم بۆ نان و جۆ، سمکۆڵی ئەسپم بۆ حەشیش
ئەم گەیشتە پشتی ماهی، ئەو گەیشتە پشتی ماه
چاوی قونجاند ئەسپەکەم، باقڵ تەویلەی دێتە یاد
من لەفکری حاڵی ئەو، ئەو شینی حاڵی من دەکا
من لەفکری حاڵی خۆم و ئەسپەکەیش(هذا القیاس)
تۆ خـودایا قـادرو، تۆی (ربنا) مـوشکول گـوشـا

***

## حەزینی

نییە ڕاحەت لە بۆ من یەک سەعاتێ[1]

(گ/١١٧)

هەر یەند فکری ئەتۆ وا لە خـەیاڵم
نیـیە ئینصاف لە بۆ کەس لەم زەمانە
کـەوا جـارێک بکا ڕەحـمـێک بەحـاڵم
[... بالدا!] سـەر بڕیدەی زەخم و خـوونم

(١) ئەم پارچە لە دوای پارچەیەکی (فکری)یەوە نووسراوە و، لە سەری نووسراوە (وله ایضا قطعه) واتە: ئەم پارچەیش دووبارە شیعری ئەو شاعیرەیە کە شیعری ڕابورد (کە فیکری)یە.
لە بەرگی سێیەمی کەشکۆڵی کەلوپووری...دا شەش پارچە شیعری ئەم شاعیرەم بڵاوکردەوە و لەوێ چیم دەستکەوت لەسەر ژیانی نووسیم. لێرەیشدا ئەم شیعرانە دەخەمە پاڵ ئەوان و، بزانین لەمەولا چۆن دەبێت؟

(١) ئەم پارچە شیعرە ناتەواوە سەرەتاکەی تێداچوەو، نازانم چەندی لێ لەناوچوە و، دوور نییە چەند پارچەی دی شیعری (حەزینی) پێش ئەمە نووسرابێت و ئەوانیش تێداچووبن. هەروەها نایشزانین ئەم (حەزینی)یە کێیە کە لە گوندی بێتووشی مامۆستا مەلا عەبدوڵلا و چەندین زانای دیکەی بێتووشیی تێدا هاتوونەتە دنیاو جیهانی ڕۆشنبیری و ئەدەبییان ڕووناک کردوتەوە دا... ژیاوە؟

چو مورغان هەر تەپە تەپ دێ لە باڵم
وەکو (مەجنوون)لەنەجداماڵی خۆی کرد
میشالی ئەو منیش (بێتووش)ە ماڵم
نەدارم پڕ کە تا خاکت ببۆسم!
لە شەرحی دەردی هیجرانی تۆ لاڵم
(حەزینی) تا قیامەت هەر ببێژێ:
لە شەرحی دەردی هیجرانی تۆ لاڵم

......



## ئەحمەدی کۆر

(گ/ ١١٠)

الحمدالله الودود، یارم لە عالەم دلبەرا[١]
چە هەر چە بێ سەردەر سوجوود، بۆ نەو گوڵی سیمین بەرا
بۆ نەو گوڵی باغی نەعیم، لە عیللەت و عەیبان سەلیم
ئەو (محیای) عەظمی رەمیم، لەب دورجی لەعل و گەوهەرا
لەب دورجی یاقووت و لەعل بار [وح و جان قول فعل!]
دایم فیدای زیر نەعلی خاکی توا قەدەم بەرسەرا!
خاکی تۆ بەر سەرتا قەدەم، گەر دەست بدا بۆم بێن بکەم
فاریغ دەبم لە دەرد و غەم، شاهی و لەبسی ئەخضەرا
لیباس لە تۆی بوردی یەمەن، بالآ چە سەروی یاسەمەن
بێ شاد بکە قەلبی حەزەن، لەردو جینان ئەفضەلترا
لەرد و جیهان چاتر دەبێ، گەر لوطفێکی دەرحەق مە بێ
هەر چەکییە ئەو مەنصەبێ، کەمتر غولامی کیشوەرا،
کەمتر غولامی شاهی ڕۆم، گەر یار بکا ڕەحمێک لە بۆم
لە دەستی وی زەهر بێ دەخۆم، ذەوقو گولآبی شەکەرا!

(١) بەداخەوە ئەم پارچە ناتەواوە و تەنها لە گولزار و بەهاردا هەیە و، تا ئێستایش چاپ نەکراوە و، ئێمەیش لێرەدا وەک خۆی و، چۆن بۆمان ساغکراوەتەوە، بلاوی دەکەینەوە، بەڵکو لە چاپی داهاتووی دیوانی ئەم شاعیرەدا جێگەی خۆی بگرێت.

## غەریبی

-١-

(گ/١٧٢)

هەمیشە جەژن و عیدی قوربانی تۆ بی[١]
سەراسەر عالەمێ قوربانی تۆ بێ
چە حەددێکی هەیە پوستەی شەکەر خەند
وەکو لەعلی لەبی خەندانی تۆ بێ؟
نەکەی لۆمەی لە غەمزە و عیشوە ئێمڕۆ
غەزالەی بەڕ ئەگەر حەیرانی تۆ بێ
تەماعی وایە خالّی گولّشەنی رووت
لە ڕەنگی گولّچنی بوستانی تۆ بێ
غەنیمەت فرصەتە هەرکەس بەنەقدی
دلّ و جان موشتەریی دوککانی تۆ بێ
هەتا کەی ئەم دلّەی صەد پارە - قوربان!-
نیشانەی ناوکی موژگانی تۆ بێ؟
ئەتۆ بەسکە لە دەرحەق من قسەی خەلّق
وەرە دەستی من و دامانی تۆ بێ
لەسەر تۆ لازمە قەدری (غەریبێ)
وەکو من بێکەس و میهمانی تۆ بێ

(١) لە کەشکۆلّی گولّزار و بەهاردا شیعری (غەریبی) هەیە، هەر لەو کەشکۆلّەدا ئەم دوو پارچە شیعرە - ئەمە و پارچەی دوای ئەم - هەیە ناوی کەسیان بەسەرەوە نییە و، یەکێکیان ناوی (غەریبی) و ئەویان ناوی (غەریب) لە دوا بەیتیدا هەیە، بۆیە گومانم بۆ ئەوە دەچێت شیعری (غەریبی) بن، منیش لێرەدا، تا دەردەکەوێ شیعری کێن، تۆمارم کردن. بەلّام دووبارە کام (غەریبی)؟



-٢-

(گ/١٧٢)

بە بەرگی سەبزی غونچە سەبز پۆشە
بەحوسنی خۆی وەکو گولّ خۆفرۆشە
وەکو چاوی بەخوابی نەرگسی مەست
لە کوێدا وا گرانە و وا نەخۆشە؟
بنازم وردە خالّی دەوری لیموّت
دەلّێی زەنگیی بەچچەی شەککەر فرۆشە
لە حەسرەت ئەو قەد و بالّای وەکو نەی
دلّەی من پڕ لە ئەفغان و خورۆشە
ئەمن نایدەم نیگاهی جیلوەیێکی
بەهەرچە مەهروو و کاکۆلّ بەدۆشە
کەویی نابێ بەکەس نایێتە ناو داو
عەجائیب ئاسکێکی وەحش و تووشە
دلّ و دینی رفاندووم ئەمێستەیش
بە ئومێدی تەماعی عەقلّ و هۆشە
بەشی من شیوەن و شینە لە دەستی
بەشی مەجمووعی خەلّقی عەیش و نۆشە
بەسم دێوانەو و رسواکە - قوربان!-
ئەگەر عەیبی منیشە عەیبی تۆشە
بەهەشتە چونکە تۆی تێدای لە لای من
جەهەننەم بێ ئەگەر، ئەم شارە خۆشە
(غەریب) و دەربەدەر ئەمڕۆ کەسێکە
کەوا حەلقەی غولامیی تۆی لە (گۆشە)

# ئەحمەد بەگی کۆماسی[1]

-١-

(گ/ ١٥٥)

## قبیلەم باسشەن

دڵ دائێم جە باس دووریت باسشەن
گا فیکر، گا ویر، گا وەسواسەشەن
گا بێهۆش، گا هۆش، گاگا تاسەشەن
هەر کۆ هەن هەر باس شەیدایی منەن
باس بەدبەختیی و ڕسوایی منەن
باس بەدنامیم جە شاران باسەن
جەی باسان ڕۆحم جە تەن هەراسەن
وە سەر گەردت بام ئاواتە واسم
بۆ وە یەک خەدەنگ کۆتاکەر باسم
هەم ڕۆحم جە ڕۆح دووریت خەلاص بۆ
هەم ساکنیی دڵ هەم کۆتای باس بۆ
وەرنە تا زیندەن (ئەحمەد) هەراسەن
باس هەر باس تۆن هەنی چە باسەن؟

(١) (ئەحمەد بەگی کۆماسی)ش یەکێکە لەو شاعیرانەی تا ئێستە دیوانی کۆنەکراوەتەوە و، شیعری پەرتەوازەی کەشکۆڵ و بەیاضەکان بوە و، تا ئێستە چەند جار شیعریم بڵاوکردوەتەوە، لەم کەشکۆڵەیشدا (دوو) پارچە شیعرییم بینی، وا لێرەدا دەیانخەمە ڕوو، بەڵکو زیاتریشیان بێتە سەر و، بەردی بناغەی دیوانێکی خنجیلانەی بۆ ساز بکەن.
بەسەر ئەوەیشدا نارۆم پارچەی (کاکە یەند دووریت) کە لە گۆڤاری کۆڕدا بەناوی مەولەوییەوە بڵاوم کردووتەوە، لەم کەشکۆڵەدا بەناوی کۆماسییەوەیە.
دووریش نییە ئەمەیان ڕاست بێت و، مەولەویی (خاڵۆ) بۆ کۆماسی دەنووسێ.
(بڕوانە: بەرگی شەشەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی).



-٢-

(گ/ ١٦٥)

چراخم جەی ڕۆ...
من جە ڕۆی ئەزەل مەتەرسام جەی ڕۆ
مەزانام گەردش ئەی چەرخ بێ پۆ
مەکەرۆم مەحرووم جە دیدار تۆ
ڕۆی وەصڵت هەر بیم ئەی دەردە پێم بی
جەو بۆنە هەر ڕۆ ڕۆ ڕۆ خدێم بی
تا فەڵەک ئەو ڕۆ نیشان دادەن پێم
دەک وە تەرساکەی گیرئاوەردە بیم!
ئیسە کێ تاقەت دووریی تۆ دارۆ
دەک بەرق غەضەب وە بەختم وارۆ!
پەی چێشەن ئەی عومر تاڵتەر جە ژارە
ئەی ئەعزای بێ صەرف مەینەتان بارە
چونکە [کوچمین!] جە دیدار تۆ
هەر یەک وە دەردێ با گرفتار بۆ
دیدێو نەوینۆ هەر سەحەر دیدەت
نەدیۆ ئەو خاڵان قودرەت کەشیدەت
ئەو دیدە وە نێش نەشتەر کیابۆ
[زویانش!] وێنەی زوڵف سیابۆ
زوانێ چەنیت هەر شەو نەبۆ باس
فیرقە فیرقە بۆ چون سفتەی پەڵاس
دەستێ جەم نە جید جەیرئاسات نەبۆ
گاگا شانەی زوڵف تاو تات نەبۆ
ئەو دەستە گەستەی مار پڕ ژار بۆ
وە گاز ماران لەتارلەتار بۆ
گۆش پێی نەشنەۆ ڕێزەی ڕاز تۆ

ئەو چفەی وە نەرم دڵنەواز تۆ
هەر پەی ئێد خاصەن ئەطرەش بۆ دەربەس
بادا نەشنەۆ هەرگیز دەنگ کەس[1]
(والحاصل) ژیان بێ دیدار تۆ
بەدتەرەن جە مەرگ - نەونەمام نۆ!-
(ئەحمەد) ئومێدش بەدانای دڵبەر
یا: تاقەت، یا مەرگ، یا وەصل دڵبەر

(١) لە بەرگی دووەمی کەشکۆڵی کەلەپووردا پارچەیەک تەرجیعبەندی (مەجذووب)م بڵاوکردوەتەوە لە شێوە و مانادا زۆر لەم پارچە دەچێت، بەڵام جیاوازییان زۆرە. (بڕوانە ل: ٢١٧ی سەرچاوەی ناوبراو).



## ئاهیی

(گ/١٧٣)

دەردەکەم کەوتوە بەناسوورا
باز دەبێ غەم بخۆم لە هیجرانت
بەختی مەجنوون و شێوەکەی فەرهاد
قسمەتی من کرا بەفەرمانت
حوسنی لەیلێ، لە طافەتی شیرین
خاکبۆسی دەکەن لە دامانت
ئەی شۆخیی شەنگ و شیرینت
وەی لە دەست زامی تیری موژگانت
ئەی فیدای چاو و خاڵی گۆنات هەم
وەی فیدای زوڵفەکەی پەرێشانت
بەخودا خەو لە چاوی من دو...
تا ببینم قەددی خەرامانت
دەردی دڵ کوشتمی عیلاجم کە
ئۆف لە دەست ئێشی چەشمی فەتتانت
کەی نەجاتم دەبێ لەرێی تۆ ڕیزا!؟
بێمەوە خۆم بکەم بەقوربانت
نییەتی بۆیە ئاسمان دەگری:
ئەختەر و ماه و شەمسی تابانت
یەک ئیشارەت دەکەم موعەمما وار
دەرهەمە میثلی مووی پەرێشانت!
پەی زلێخاو مەقدەمی لەیلا
تاجی شیرینە ئیسمی خۆشخوانت
خۆندن و، عەقڵ و، کاسبی، هەر سە
بوون بەقوربانی لەعلی مەرجانت

خاکی پێنجوین فیدای مەقدەمی تۆ
ڕۆحی (ئاهی)[1] نیشاری پوستانت

(١) ئاهی یەکێکە لەو شاعیرانەی شیعر و بەرهەمی لە چەند کەشکۆڵ و بەیاضدا هەیە و، ئێمەیش لە ڕووی ئەو سەرچاوانەوە بۆ بەرهەمەکانیمان ڕوانیوە و، یادیشمان لە خۆی کردۆتەوە و. لە بەرگی چوارەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردییدا هەندێکم لە بەرهەمەکانی بڵاوکردەوە، لەم کەشکۆڵەیشدا ئەم پارچە شیعرەییم دۆزییەوە کە -وا دیارە- تا ئێستە بڵاونەکراوەتەوە، وا ئەمیش ئەخەینە سەر خەرمانی بەرهەمی ئەم شاعیرە و، چاوی چاوەڕوانیش بۆ زیاتر داناخەین.



## سەید فەتاح[1]

......

(گ/١٥٧)

مـــــیــــــرزام یە وادەی نەووەهارانەن
ســـــەرەتای تەڵمـــــیت خـــــاتردارانەن
فـــــەصڵ وەصڵ دۆس ســـــەیر هەردانەن
لـــەرەی لـــەرزانـــەی زوڵـــف زەردانـــەن
زەمـــزەمـــەی بوڵبـــوڵ دەبدەبەی گـــوڵەن
نەزارەی هـوزار دوورەن پڕ چڵـــــــــــەن
نەقـارەی مـینقـار مـورغـان صـوبخـێـر
بێـــزنا نەغـــمـــەی نێکنامـــیی پەروێز
چریوەی (چکاوک) چون حەنجەرەی عـوود
مـــەر دەنگ چل چەنگ پەنجـەی بارەبوود
دەنگ قرەی قاز صوب نە صەحرای سووس
مەر مۆزیقەی مەشق شەهەنشای تۆرووس
قـــواقـــووی قـــەتار قـــوڵەنگ تێـــزپەڕ
کـەردەن گـۆش کـەر کـەڕووبیـیـان کـەڕ
قـومـریی وە قـانوون قـووقـووی وێشـەوە
مل وە تەوق زەوق جـــەفـــاکـــێـــشـــەوە
قـووقـووشـەن وە شـەوق شـاخ سـەروەوە
مـــەر حـــاجی وە ڕای صـــەفـــاو مـــەروەوە
هوو هووی باوەقـــوش شـــەو وەهەردەوە
زام دەردیـــنـــان تـــازە کـــــــــــەودەوە

(١) دوور نییە ئەم سەید فەتاحە سەیید فەتاحی جەباریی بێت و، تاکاتێ دیوانەکەی کۆدەکرێتەوە، بڵاوکردنەوەی پرژ و بڵاوی شیعرەکانی ڕێگەخۆشکردن و کارئاسانکردن دەبن بۆ ئەو پرۆژە. ئەم شیعرانە (بەهارییە)ن و، پێدەچێ ناتەواو بن.

# خاوەن نەزانراو

-١-

چراخم پەی تۆ......

ئێوار تا سەحەر بێ خاوم پەی تۆ
ئەسرین جە دیدەم پەیاپەی مەیۆ
چون سەیل وەهار شەوان تا وە ڕۆ
من پەی تۆ تەنم چون تەنوور گڕیان
جیسم وە ئاهیر بێشەرتیت گڕیان
ئەسرین هوونین مەیۆ نەچەمدا
غەرقم نەگێجاو قەڵوەزەی خەمدا
ئەحواڵ حالات شەرت و وەفاکەت
بکیانە پەرێم تۆبی و خوداکەت
بێمەیل! بێمەیلیت بەی طەور نمانان
بێشەرت! بێشەرتیت گشت عالەم زانان
ئیسە بێشەرتیت نەعام مەشهوور بی
(الحمدالله) خۆ لە من دوور بی
تازەکەر وەفاو شەرت وەرینت
فەڵەک نەشێونۆ شێوەی شیرینت
بەوێنەی خەزان من ڕەنگ زەرد تۆم
یەکجار بێتاقەت مەیل سەرد تۆم
دۆست وەفادار قەدیم یار تۆم
هەرچەند بێڕەحمی من هەر یار تۆم
فریادرەسم کەر حاڵزان دەردان
مازە چون مەجنوون وێڵ بیم جە هەردان
ئەر مەنظوورتەن شێت و شەیدا بام
ڕەزا ڕەزای تۆن باهەر ڕسوا بام



-٢-

چراخم نەکار......

جە دووریی بالات زامدارم نەکار
هیجرانت بەی طەور پەنەم کەردەن کار
مات و بێدەنگم چون نەقش دیوار
نە زووان دارۆ چەنی کەس دووان
نە پام هەن پەی تۆ وە جایێ لووان
نە ذەڕێ دڵم وە کەسێ شادەن
نە ساتێ خاطر جە غەم ئازادەن
نە ساکن مەبۆ دڵ جە شەوناڵێن
نە کەم مەبۆ زووخ زامم بەناڵێن
نە غەمخوارێ هەن جە حەق بتەرسۆ
نە دڵسۆزێ حاڵم بەپەرسۆ
نە کەس هەن وە قەید شەوان بێداریم
بەپەرسۆ ئەحواڵ زامان کاریم
وەختەن چون مەجنوون وێڵ هەردەگێڵ
شەیدای شۆر عیشق کۆی بەینەت وەبێڵ

## ئەمین

لە بەرگی چوارەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری...)دا باسی (ئەمین کوڕی شێخ فەتاح) و هەندێ لە شیعریم نووسی. لەم کەشکۆڵەیشدا (گوڵزار و بەهار) پارچەیەک شیعرم بینی بە ناوی، یان نازناوی، (ئەمین). بەو شیعرانەیشدا گەڕامەوە کە بۆ بەرگی پێنجەمی کەشکۆڵی کەلەپووری...م گەڵاڵە کردبوون. دیم لەوێیشدا چەند پارچە شیعرم بەهەمان ناوەوە دۆزیوەتەوە و، بە گوێرەی توانا هێناومنەتەوە سەر ڕێنووسی کوردی، وام بەباش زانی لێرەدا یەکیان بخەم و، دەرگای چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتری ئەم شاعیرەیش بەکراوەیی بێڵینەوە. بەڵام بەسەر ئەوەدا ناڕۆین کە لە کۆتایی یەکێک لەو پارچە شیعرانەوە کە لە کەشکۆڵی عەبدولقادر وەرمان گرتوون و، لە (د.ع)دا بەژمارە (١٧٣٥٣) پارێزراوە نووسراوە:

(تمت شد شعر کردی محەمەدئەمین آغای عبدالرحمن آغا زادە)

واتە: شیعرە کوردیەکانی محەمەد ئەمین ئاغای کوڕی عەبدوڕەحمان ئاغا تەواو بوو.
لەمەوە دوو شت وەردەگیرێ:

یەکەم: ئەمین ئاغا کوڕی شێخ فەتاح و، ئەمین ئاغای کوڕی عەبدوڕەحمان ئاغا دوو کەسن و، واتە دوو شاعیرمان هەیە ناوی (ئەمین)یان لە شیعریاندا بەکارهێناوە.

دووەم: ئەمین ئاغا جگە لە شیعرە کوردییەکانی شیعری فارسیشی بوە.

### ئەمین

-١-

(گ/١٧٥)

ڕۆحی شیرینم لە بەرچی ئەمڕۆ وا لوطفت نییە؟
نووری بینای چاوەکانم پێم بڵێ سووچم چییە؟
بێ قەباحەت لێم زویری، چاکە ئینصافت ببێ
تاکە نەمرم خۆ مەحاڵە ڕۆیینم لەم قاپییە
خوێن لە چاوانم خوڕۆشاوە، فوارەی بەستووە
نابێ جارێ بێیتە سەر ئەم حەوز و جۆگەی کانییە؟
ئاگری عیشقت وەها کوورەی دڵی هێناومە جۆش
شێت و شەیدای کردووم ئاگام لە حاڵی خۆم نییە
واعیظێک دوێنێ لەسەر مینبەر وەها وەعظی دەدا:
هەر کەسێ یاری نەبێ تەحقیقە عومری فانییە
قازیی و موفتی کە دوێنێ نەصحەتی منیان دەکرد
ئەمڕۆ قازیی موطریبە، ساقی جەنابی موفتییە!
زاهید و صۆفی ئەگەر صەد ساڵی تر...
شارەزا نابن وەکو من موشکیلە لەم قافییە
شێخی صەنعانیی ئەگەر دەستی بەدامانت بگا
خەرقە و تەسبیح و تاج و طەیلەسانی بۆ چییە!
ئەی (ئەمین)! بیستوومە ئەمڕۆ یار خەڵاتی کردوویی
سا وەرە ئەمجارەکە بمرە لەسەر ئەم خۆشییە!

-٢-

ئەسیری میحنەت و هیجرانی تۆم شۆخی ستەمکارم
کوژاوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم
عیلاجێکم بکە دەردم گرانە قیبلەکەم دینم
بڵا نەمرم بەخۆڕایی غولامێکی ئەمەکدارم
فیدای سەروی قەدت بم بێنە یادت شەرتەکەی جاران[١]
بکە ڕەحمێ بەفرمێسک و دڵۆپەی چاوی خوێنبارم
غەریب و بێ نەواو بێ کەس و مەحرووم و سەرگەردان
بەچینی حەلقەی زنجیری زوڵفی تۆ گرفتارم
لە تاو هیجر و وەصلت دڵ و دینم بەغارەت چوو
میثالی شێخی صەنعانی خەریکی دەیر و زوننارم
مەلاو موفتیی و قاضیی غەریقی عیلم و عیشقی تۆن
بزانە من لە ئەم عیلمە چ ئوستادەکی هۆشیارم

(١) لە کەشکۆڵی عەبدولقادر وەرگیراوە.

سەر و مالّم بەقوربانی پیالّەی چاوەکەی مەستت
وەرە خێرت دەگاتێ بمکوژە لەم عومرە بێزارم
نەخۆشێکم بەبێ دیداری تۆ هەرگیز شیفان نابێ
ئەگەر عیسای بنی مەریەم بی بکە دەرمانی ئازارم
ڕەقیبی بێ مروەت جارێ ناکا تەرکی بەدگۆیی
ئەگەر چاکەیش بلّێم مەطبووع نابێ قەول و گوفتارم
(ئەمین) هەر تاکە دەمرێت ئینتیظاری قامەتی تۆیە
لە ئەم دەردە خەلاص نابم مەگەر خود ببیە غەمخوارم

-٣-

کوفری زولّفت لێم عەیانە مولّکی دلّ وێران دەکەن
پەرچەم و [ئەگریجەکانت] قەصدی جیسم و جان دەکەن
عەسکەری هیندە بەئیمدادی سوپەه سالاری چین
هاتوون لەم سەرحەدە قەتلّی موسولّمان دەکەن
ئەم سوپاه و لەشکرە جوملە موطیعی ئەمری تۆن
تۆ کە تەنبێیان نەکەی زولّم (اکی) بێ سامان دەکەن
من کە خدمەتکاری تۆم حەیفە تەعەددام لێ بکەن
بۆ چی نافەرمووی کە ئەم مەزلّوومە بۆ چ تالاّن دەکەن؟!
نەک ئەمن تەنها ئەسیری خەت و خالّ و زولّفی تۆم
صەد هەزاران وەکو من وێلّ و سەرگەردانی تۆن
عەقرەبی زولّفت بەسەر بورجی قەمەردا هاتنە خوار
سا قەمەر دەر عەقرەبە بۆیێ وەها جەولان دەکەن(!)

(!) لە کەشکۆلّی عەبدولقادر وەرگیراوە.



-٣-

عومری بێ سەرمایەیە هەرچی کەسێ یاری نییە
یار بەوەی نالّێن کەوا دو چاوی خوماری نییە
یار ئەگەر زۆر نازەنین و مەهوەش و زێبا نەبێ
هەر نەبوونی چاترە لایەق بەدلّداریی نییە
شێوەی لەیلا و حوسنی شیرینی نەبێ
لەم طەریقە یاری پێ نالّێن خۆ ئینکاری نییە[١]
حاکمێ هەر تا لەسەر دەولّەت بێ خزمەتکاری بی
هەر کە مەغروور بووبوو ڕۆی شەرط و وەفاداری نییە(!)
هەر بریندارێ هەموو ساعەت برینی ئێش نەکا
مەلّحەمی پێ ناوێ چونکە ئێش و ئازاری نییە
کاروان باشی دەبێ زۆر چاوەڕێی کاروان ببێ
چونکە باری خۆیەتی «خۆ مالّی بێگاریی نییە»
بێنی پەروەردەی بکەی خۆراکی شەککەر بێ مەدام
قەل بەتووتیی نابێ بۆ چی ئەو نەوعە گوفتاری نییە
ئەی (ئەمین) ! سەر ڕستەی ڕەسمی بزرگی چوو لە دەست
غەیری بێ عاریی بەهیچ تەدبیرێ تر چاری نییە

-٤-

ڕۆحی شیرینم لەبەر چی ئەمڕۆکە لوطفت نییە؟
نوور [سای!] چاوەکانم پێم بلّێ سووچم چییە؟
بێ قەباحەت لێم زویری چاکە ئینصافت هەبێ
تاوەکو نەمرم مەحالّە ڕۆینم لەم قاپییە
... چاهی میحنەتم کافر بەحالّی من نەبێ
کار و پیشەم دائیما گریان و شین و زارییە

(١) لە دوای ئەم پارچەوە کە لە کەشکۆلّی عەبدولقادر وەرگیراوە نووسراوە: (تمت کردید شعر کردی محمدامین اغای عبدالرحمن اغا زادە، من اجل برادری عبدالقادر محمد اغا زادە. مبارک باد).

ئەسری عیشقت وەها کوورەی دڵی هێناومە جۆش
شێت و شەیدای کردووم ئاگام لەم دنیایە نییە
خوێنی چاوانم خورۆشاوە فوارەی بەستووە
جارێ نابێ بێیە سەر ئەم حەوز و ئاوو کانییە؟
واعیظ ئەمڕۆکە لەسەر مینبەر وەها وەعظی دەدا
هەر کەسێ یاری نەبێ تەحقیقە عومری فانیە
زاهید و صۆفی ئەگەر صەد ساڵی تر تەقوا بکەن
شارەزا نابن وەکو من موشکیلە ئەم وادەیە
شێخی سەنعانی ئەگەر دەستت بەدامەنت[1] بگا
خەرقە و تەسبیح و تاج و تەیلەسانی بۆ چییە
قازیی یو موفتی دوێنێ نەصحەتی منیان دەکرد
ئەمڕۆ قازیی موتریبە، ساقی جەنابی موفتییە
ئەی (ئەمین)! فەصلی بەهار و لاولاو گوڵ
محینەت و زەحمەت نەما ئەمڕۆکە نۆرەی خۆشییە

......

-٦-

لە عیشقی چاوەکەی مەستت گەلێ غەمناک و مەحزوونم
لەبەر زامی دڵی ڕێشم غەریقی قولزومی خوونم
بەمەحبووبی نییە میثلت دەزانم پادشای حوسنی
منیش... لە عیشقیدا دەڵێم ئوستادی مەجنوونم

(١) ئەم پارچەیش لە کەشکۆڵی (عەبدولقادر) وەرگیراوە، بەخەتێکی دی نووسراوەتەوە و نووسەرەوەکەی نەشارەزا بووە و، هەڵەی سەیر سەیری – بەگویرەی ڕێنووسی کۆنیش – کردوە و وەکو مەتەڵ هەڵهێنان نووسیمەوە. ئەم پارچە وەک پارچەی یەکەم وایە، بەڵام جیاوازیی زۆریان لەنێواندا هەیە و، وەک بەڵگە بۆ ئەوەی کە نووسەرەوان بە ئارەزووی خۆیان دەسکاریی دەقیان کردووە و، بوونی دوو نوسخەیش بۆ کاری لێکۆڵینەوە چ دەورێکیان هەیە.. ئەمیشیان وەک خۆی دەنووسین. هەر لەدوای ئەمەوە دوو پارچەی دیش هەیە یەکەمیان تەخمیسی حیشمەت بەسەر شیعری (حافظ)ەوە و، دووەمیان شیعری ئەسعەد ناوێکە لەبەر ناخۆشی و هەڵەی نووسەرەوەکەیان -جارێ- دەستم لێ هەڵگرتن.



ئەگەر تەشریف بفەرمووی بێیە بەزمی عاشقان جارێ
هەتا ئەو ڕێگە بڕشێنم بەسەیلی ئەشکی گوڵگوونم
شەرارەی ئاهی ئاتەشبارم ئەوجی ئاسمان دەگرێ
هەمیشە کار و پیشەم زارییە گریانە قانوونم
(ئەمین)! یار زیزە، من هەرگیز بەسووچی خۆم گومان نابەم
بەڕۆحیش لێم ببێ ڕازیی گەلێک مەسروور و مەمنوونم

***

## وەلی دێوانە

وەلی دێوانە یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی تا ئێستە چەند جار دیوانەکەی چاپ کراوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا نە دیوانەکەی بەتەواویی کۆکراوەتەوە و، نە ئەوەی پێویستە بۆ شیعری ئەو شاعیرە بکرێت کراوە. من بەش بەحاڵی خۆم بۆ کۆکردنەوەی دیوانی و لیکۆڵینەوەی شیعرەکانی گەلێ هەوڵم داوە و، بەگوێرەی مەچەکچەرخان زانیاری نوێ و شیعری بڵاونەکراوەم خستوەتە پاڵ ئەو هەوڵانەی تا ئێستە بۆ دیوانی وەلی دێوانە دراون.

لەم هەلەیشدا دوای ئەوەی چاوم بەکەشکۆڵی (گولزار و بەهار)دا گێڕاو شیعرەکانی وەلی دێوانەم لەگەڵ چاپەکاندا بەراورد کرد، سێ پارچە شیعرم بینی کە لە دیوانەکاندا نین، هەر چەند پێشتر شتێکم لەتەکدا کردوون، ویستم لەم بەرگەی کەشکۆڵدا جێگەیان بکەمەوە، بەڵکو بۆ چاپی داهاتووی دیوانی وەلی دێوانە سوود بەخش بن.

لە پاڵ ئەمەیشدا شوێن و ژمارەی ئەو هەولانەی پێشووم دیاریی دەکەم، تا لە پاڵ ئەم شیعرانەدا لە دەستدا بن:

١- بەرەو هەنگاوێکی ڕێکتر لە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی وەلی دێوانەدا. بەیان ژ: ٤٤.
٢- ئەنجامی پەلەکردن لە چاپکردنی دیوانی وەلی دێوانەدا. هاوکاری ٣٢٤، ١٩٧٥/٧/٢.
٣- هەی ناهومێدیی وەلی دێوانە و ڕاستکردنەوەیەک. هاوکاری ٤٢٩، ١٩٧٨/٦/٥.
٤- پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی وەلی دێوانە. هاوکاری ٤٤٢، ١٩٧٨/٩/٢٥.
٥- دیوانی وەلی دێوانە بەوەرگێڕان شێواوە. هاوکاری، ٥٠٢ و ٥٠٣، ١٩٧٩/١٢/١١،٣.
٦- جارێکی دیکەیش لەگەڵ دیوانی وەلی دێوانەدا. هاوکاری: ٦٢٥، ١٩٨٢/٢/٨.
٧- تەرجیعبەندێکی وەلی دێوانە. هاوکاری، ٢٦ت ١٩٧٨/١ ژ: ٣٩١.





-١-

(گ/١٥٩)

قیبلەم شەم کەردەن...

صانیع صورەتت وێنەی شەم کەردەن
نەققاش قودرەت تار (قم) کەردەن
شەکڵ تۆ نەدەور جیهان کەم کەردەن
پێشانیت بەیضای صوبحدەم کەردەن
قەوس قەزەحوار نە ڕووش کەم کەردەن
کەمان ئەبرۆت سەر وە هەم کەردەن
پەروانە چون من دڵ پڕ خەم کەردەن
دیدەت چون جەیران نەڕای ڕەم کەردەن
ماران گێسووت چون ئەرقەم کەردەن
مەودای موژانت مەست سەم کەردەن
پەی دەردەداران چەند ستەم کەردەن
زوڵفانت وە عەتر عەنبەر نم کەردەن
بینیت وە پەڕگار یار قەم کەردەن(!)
سیودوو ددانەت گەوهەر ضەم کەردەن
نە دورج دەهان تۆ مەحکەم کەردەن
نوطقت چون عیسای بن مەریەم کەردەن
یەعنی ڕەویەشان پێت کەرەم کەردەن
زەنەخ چون گەوهەر دانەی یەم کەردەن
گەردەن مینای شای عەجەم کەردەن
لەبانت یاقووت نە ڕووی خەم کەردەن
دانەی جەواهیر نەتۆش جەم کەردەن
ڕازانت من لاڵ هەم ئەصەم کەردەن
هەر چە پێم کەردەن هێمای کەم کەردەن

خالاّنت چون ڕووی خاتەم کەردەن
چای عەتر تینت بۆی ئادەم کەردەن
جە سینەت دوو طەرح گولّ وە دەم کەردەن
یانێ دوو قەندیل نامش مەم کەردەن
دوو بازووت بلوور مەحەڕەم کەردەن(!)
پەنجەت وە خەتای بێ ڕەقەم کەردەن
سەولّ قامەتت چون عەلەم کەردەن
گا سەر ڕان، گا ڕاست، گاهێ خەم کەردەن(!)
شێوەی دلّبەران جیهان کەم کەردەن
گشت وە سەرمایەی تۆ مەحکەم کەردەن
بنازوون وەی کەس ئەی ڕەقەم کەردەن
هەم شەم شێوەی نامت شەم کەردەن

-٢-

(گ/١٥٩)

دەیجوورەن ئیمشەو...

بێ شەم دەروونم دەیجوورەن ئیمشەو
بێ شەم خاترم ڕەنجوورەن ئیمشەو
بێ شەم بینابیم بێنوورەن ئیمشەو
بێ شەم سەرتاپام زوخالّەن ئیمشەو
بێ شەم هەر زەوقم بەتالّەن ئیمشەو
بێ شەم شای شادیم شێویان ئیمشەو
بێ شەم دەروونم دێویان ئیمشەو
بێ شەم چون کەمان خەم بەستم ئیمشەو
بێ شەم مەست وە جام (ألست)م ئیمشەو
بێ شەم من جەرگم کەبابەن ئیمشەو
بێ شەم دلّ جە نار عەذابەن ئیمشەو



بێ شەم دووی دۆزەخ دیم وە چەم ئیمشەو
بێ شەم چەند عەذاب جە دەستم ئیمشەو
بێ شەم پەژارەی گشت عالەم ئیمشەو
بێ شەم کۆە بەستەن وە تالّەم ئیمشەو
بێ شەم نەگەرداو گێچ خەم ئیمشەو
بێ شەم خەریکم داماوم ئیمشەو

(گ/١٥٩)

بێ شەم دەروونم بریانەن ئیمشەو
بێ شەم دوو دیدەم گریانەن ئیمشەو
بێ شەم زیندەگیم چون ژارەن ئیمشەو
بێ شەم ڕۆح جە تەن بێزارەن ئیمشەو
بێ شەم واوەیلاو وەیڕۆمەن ئیمشەو
بێ شەم گریەو شین جە نۆمەن ئیمشەو
بێ شەم بینایم زولّماتەن ئیمشەو
بێ شەم ڕووم نە ڕووی نەهاتەن ئیمشەو
بێ شەم پەروانەی بێ گیانم ئیمشەو
بێ شەم حەرامەن ژیانم ئیمشەو
بێ شەم نەکەردم زەڕەی خاو ئیمشەو
بێ شەم هەر گڕیا دلّ جە تاو ئیمشەو
بێ شەم نە بەختم هەر شەو بی ئیمشەو
ستارەی بەختم نەخەو بی ئیمشەو
بێ شەم تا وە ڕۆ هەر نالاّم ئیمشەو
گەرد پاش وە چەم نەمالاّم ئیمشەو
بێ شەم سووچیام بیم وە گەرد ئیمشەو
بای شەمالّ ئاماو گەردم بەرد ئیمشەو
من گەردم بەردەی شەمالّەن ئیمشەو
یاشا کەس نەبۆ وە حالّم ئیمشەو

-٣-

(گ/ ١٦٠)

یاران کەردەن ڕێش...
یە جەرگ منەن خاران کەردەن ڕێش
یە دیدەی منەن نوور نەمەندەن پێش
یە زام منەن زووخاو مەیۆ لێش
یە دوود منەن دنیا گرت نەوەر
یە سۆز منەن سووزان دەشت و دەر
یە ئاه منەن وە گەردوون یاوان
سەقف سەراچەی گەردوون شکاوان
یە صەدای منەن نەفخ صوور بێزا
وەختەن قیامەت مەحشەر ئەنگێزا
یە نالەی منەن چون نەی مەدۆ دەنگ
مەیۆ وە قانوون مەتاونۆ سەنگ
یە زاریی منەن پۆر زگارەن
ئالەم جە زاریی من بێقەرارەن
یە وێڵیی منەن جە صوب تا ئێوار
دەور مەدووم وە دەور صەحراو سەردیار
یە داخ منەن داخان وە داخان
داخ کەردەن لالەی نەجد لەیلاخان
هامسەران وەختەن وادەی مەرگمەن
من جە دووریی شەم گڵکۆ بەرگمەن



## شەفیق و سەیید بەهادین

ئەم دوو شاعیرە لەگەڵ ئەوەدا کۆن نین و، لەگەڵ ئەوەیشدا لە کۆڕ و کۆمەڵی ڕێبازی نەقشبەندیدا ژیاون و، ئەو کۆمەڵەیش ئەگەر تاکە کۆمەڵی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە نەبووبێت، ئەوە لە کۆڕ و کۆمەڵە هەرە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە بوە... لەگەڵ ئەمانەدا ئەم دوو شاعیرەیش لە سەرچاوەکانی بەردەستماندا ناوی خۆیان و بەرهەمیان نییە. ئێمەیش جگە لەوەی لەم کەشکۆڵەدا ئەم پارچە شیعرەیانمان دیوە ئاگامان لە بەرهەم و شوینەواری دییان نییەو، بەبڵاوکردنەوەی ئەم پارچە شیعرەیان ناویان دەخەینە ناو ناوان، بەڵکو سا ئەگەر شوێنەواری دیکەیان هەبێت و مابێت لەمەولا سەر هەڵبدات.

موخەممەسی شەفیق لەسەر شیعری سەیید بەهادین لە شیوەنی شێخی ضیائەدیندا:

-١-

(گ/ ٢٠٥)

فەلەک ئەنجوم ببارێنێ لە جاتی ئەشکی گریانی
قەدی خەم بێ لەژێر باری فیراق و کۆهی هیجرانی
عەجەب ئەمڕۆ بەجەمعییەت مەلەک ناکەن عەزاخوانی
لەبەر فەوتی (ضیائەدین) گەڕا دنیا بەظوڵمانیی
بە(نەجمەدین) مونەووەر بوو بەئیذنی غەوثی گەیلانیی

***

(عومەر) شەمسی طەریقەت بوو غورووبی بێ وەفا نەیهێشت
شەهی بورجی حەقیقەت بوو زەمانەی پڕ جەفا نەیهێشت
ڕووناکی ڕێی شەریعەت بوو عومەر، بادی فەنا نەیهێشت
چرای ڕێگەی هیدایەت بوو فەلەک مەحضی ضیا نەیهێشت
مەگەر نەجمی ضیا هەڵکا چرای ڕێگەی موسوڵمانیی

............................................

حەقیقەت نائیبی غەوث و، وەکیلی شای بوخارا بوو
لە عەرصەی خەتمەدا دائیم نەدیمی شاهی لەولا بوو
مونادیی هەردەم ئەیفەرموو بەبێ شک قوطبی [مەدار!] بوو

لە حیکمەتدا ئەرەسطوو بوو لە ئیعجازا مەسیحا بوو
دەبێ نائیب وەکو خۆی بێ لە جێی شا عومەری ثانیی

***

(شەفیق) سەیری گەردوون کە، لە ماتەم عالەمی پڕ کرد
لە داغی بولبولی باغی صەفا بولبول لە داغا مرد
(عومەر) شەهبازی تەقوا بوو، فەلەک سەندی بەدەستو برد
ئەجەل بادی خەزان بوو هات، لە گوڵعەنبەر گوڵێکی برد
بەهاری ڕەحمەتێ باری گوڵێکی دی لە جێی هانی

***

کە وەختێ شای ضیا کۆچی لە دنیادا بەعوقبا کرد
لە گەردوون مەصرەعی هاتیف لە بۆ تەئریخی ئینشا کرد
(إلهی خوی جهان آرا جنان وا مأوا کرد)
هەزار و سێصەد و هەژدە عومەر کۆچی لە دنیا کرد
محەمەد شاهی نەجمەدین سەری نا تاجی سوڵتانیی



## شێخ شەهاب

(گ/٢٠٨)

-١-

قیبلەم نییەن تارو تۆ ماه و پەریی پەیکەری
حەسرەتی تۆم هەن نەدڵ، ئەبرۆکەمان عەنتەریی
عەقڵت جە سەر بەردەنیان ساحیری جادووگەریی
هوون دڵت وەردەنیان، لالە ڕوخ و دڵبەریی
خەیل کەسێ غەیر جە تۆ هەن ئەی قەدی نازەنین
هەر جە سەما تا بەعەرش، هەر جە بەهەشت بەرین
بادە لەب و گوڵ دەهەن، ئاهۆ چەم و نافە چین
چون تۆ نییەن ئەی ظەریف، شێوەوەشی دڵ نشین
شادیی و وەشیم شیوەنەن، ئەر تۆ نەوینوون وە چەم
ظوهرێ وە یا وەقتی شام، عەصرێ وە یا صوبحدەم
گەردەنی بێگەردی تۆ سینەیی صافت قەسەم!
حەسرەتی گۆنایی تۆ پارە مەبۆ دڵ بەغەم
ئەر تۆ بزانی بەدڵ زەرد و زگاری ئەمن
شەو نەشیوەن، ڕۆ نەکۆ، عەقڵی فیراری ئەمن
بەئاه سیاه ئاهی دڵ دەردی دیاری ئەمن
هەور میزەنی مەی مەدەی! مەیلی نەبەرکاری ئەمن(١)

(١) ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵەکەی (گوڵزار و بەهار) وەرگیراوە، ئەم شیعرانە سەرەتای پارچەیەکی درێژن لە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان)دا لەم پارچەی ئێرە بەدواوەی کراوە بەسێ پارچە و، کاتی خۆی لە کەشکۆڵی (براله)وەرمگرتوە و، لەوێ ئاماژەم بۆ ئەوە کردوە کە پارچە کە سەرەتای کەشکۆڵی (براله)یەو، پارچە شیعرەکە ناتەواوە، وا دەبینیت بەم و سێ پارچەکەی ئەوێ یەک پارچەی درێژ پێکدێنن.

# صادق

(گ/٢٠٧)

-١-

ئەگریجەی میقراضیت پشتان و موحەنناکە
پڕ گوڵ بکە پووشینت (گێتگێلە) بەسەردا کە
هەوری ڕەشی لێ لادە ئەو گەردنە میناتە
نارنجی مەمت چەسپی نێو سوخمەیی خارا کە
بەرمووری دوڕت با بێ قوبەی کەمەرت بگرێ
دەستەوانە خڕخاڵە یەک دەفعە بەدەستا کە
فەرموو سەری ئەو بانە، دەستت لە کەمەر دانە
هەروەک منی دێوانە ئەم عالەمە شەیداکە
ڕوومەت گوڵی نەوڕەستە، سا هەستە بەئاهیستە
ئاشووبی قیامەتمان بەو قامەتە بەرپا کە
هاتوونە ئەسەر سەیری بالاّ صەفی عوششاقت
هەنگامەیی غەوغایە، ئەم بەرقە تەماشاکە
هاتوومەتە مەیدانت، ڕۆحم کەمە قوربانت
بەو عەسکەری موژگانت فرمان بدە هەڵداکە
ڕەنگین بکە سەر پەنجەت بەو خوێنی دڵی ئاڵم
فەصلێ کە قیامەت دێ شاهید نییە حاشاکە
شێتی خەمی گێسووتم، دێوانەیی ئەبرۆتم
ئەو سیلسیلە، ئەو شیرە بۆ گەردنی من چاکە
بەرقەی خۆری پێشانیی، ورشەی دوڕی دندانی
زاری (غ) لە دڵ مانگ و ئەستیرەو و ئەفلاکە(!)
موختەصەری ئەگریجە و ئەو زوڵفی موطەووەلیە
هەر شەو بەچرای کوڵمت تەحقیق و مەطالاّ کە



من شێتی پەریی تەرزم، ئەو دێت و دەدا وەعزم
کاکە وەرە دەستکەندەی ڕیشی فشی مەللاکە
صۆفی چییە ملی چەوتی، قەدقامەتی مزگەوتی؟
ڕاستۆ بە بڕۆ سەیری قەد قامەتی ڕەعناکە

(گ/٢٠٨)

ها وەختە لە هیجرانی ڕەعنا گوڵی سەنگین دڵ
جان بێتە لەبم ساقیی ماتڵ مەبە ئازاکە!
لەو چاییە ڕەنگدارە، وەک لەعلی لەبی یارە
فنجانی بلوورینت لەبرێزو موهەییاکە
بۆم بێنە پەی ئەندەر پەی، هەر تاکو دەڵێم ئۆخەی
جەرگم کە کونە وەک نەی، بەو شەربەتە ئیحیاکە
تا بەندی جگەر ماوە، یەک دەفعە نەسووتاوە
هەردەم غەزەلی (صادق)[1] بۆ دلبەرت ئینشاکە

-٢-

(گ/٤١)

خەم کۆتاییت بۆ......
ئەی خەم ساوەسەن با کۆتاییت بۆ
مەینەت بۆ وە سەر با دماییت بۆ
خەم وەسەن بیساط بەزمئاراییت بۆ
هیجران تۆ کاریێت نەدارۆ پایان؟(گ/٤٢)
فیراق تۆ صوحبەت کێ بۆ نمایان؟

---

(١) لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناوی (سەید صادقی صەفاخانە) هەیە کە شاعیرێکی هەست ناسک و زمانپاراو و تەڕ دەست بوەوە، شیعری سوار و لە باری هەبوە، بەڵام دیوانی کۆنەکراوەتەوە و، شیعرەکانی - ئەوانەیان لە لەناوچوون ڕزگاربووبن - بەملاولادا بڵاوبوونەتەوە، لە بەرگی چوارەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری...)دا یادێکی کورتمان لێ کردەوە، لەم کەشکۆڵەیشدا دوو پارچە شیعر هەیە یەکێکیان لەوانەیە کە لەوێ بڵاومان کردەوە و، ئەم پارچەیشیانم تا ئێستە بەبڵاوکراوەیی نەدیوە و، کێش و زاراوەکەیش لەوانی دی جیاوازە، جا ئیتر نازانم ئەم (صادق)ەیش شاعیرێکی دیکەیە؟ ئەمەیش پرسیارێکە کە دەبێ چاوەڕوانی وەڵام بین بۆی.

خەیاڵ خامۆش بەر ساتێ جە لایێ
وەسوەسە بەسەن [کرمهرسات!] کوای؟
هەناسە سەردی وەسکەرە دوودیی
دەروون وەس کێشە ناڵەی بێسوودیی
تاقەت، ئەی تاق بای، بگیرە تاقەت
سا دەخیل ئەی مەیل بازم ئەی فیراقەت
ئەی دڵ بەس کولیە یا پڕ بیت جە هوون
وەس گریە چون گڕ شەماڵەی سەبوون
ئەی چەم بینات شی وەس کەر (نیکزە!)
ئەسرین بیت بە هوون (ساون بریزە!)
شادیی وەکوو شێت هیچ نەداری شوون؟
ئاخ دەماخ کوی نە(تبینی!) تۆن
بنمانە گۆشەی سەرگۆشەی کڵاو
ئەی سوپام نە دەور بکەری وڵاو[1]
(صادق)! دەماغت لێت بێدەماغەن
کەیفت بێ کەیفەن شادیی ناساغەن

(١) ئەم پارچە شیعرە لە لاپەڕە (٣٩)ی بەرگی چوارەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی)شدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام باس باسی (صادق)ە و جیاوازییش لە نێوان هەردوو دەقەکەدا هەیە، بۆیە لێرەدا جارێکی دیکە بڵاوی دەکەینەوە.



## شەفیعی

لە بەرگی چوارەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردییدا باسی چوار (شەفیع)م کرد، واتە چوار شاعیر نازناوی (شەفیع)یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، لەو کاتەدا چەند پارچە شیعرم بڵاو کردەوە کە ئەم نازناوەیان تێدایە، لەم کەشکۆڵەیشدا چەند پارچە شیعرم بینی هەمان نازناویان تێدایە و، هیچ بەڵگەیەکیشم لە دەستدا نییە کە شیعری کام لەو چوار (شەفیع)ەیە، بۆیە لێرەدا ئەم شیعرانەیش بڵاو دەکەمەوە و، هەر وەک لەوێ و وەک گەلێ جار گوتوومانە و نووسیومانە لە چاوەڕوانیی بەولاوە شتێکی دیکەمان لە دەستدا نییە.

### شەفیعی

......

(گ/٢١٢)

یا جە پەردەی غەیب بێ عەیب پەروەردە
کەس وەصف و ئەنات تەمام نەکەردە
ئوستاد صونع هەفت پایەی نۆ تاق
بونیاد دەهەندەی چارگۆشەی ئافاق
بەرز و بڵند ماڵ، بێ ستوون ئەیوان
نەقاش نەقشبەند ئەیوان و کەیوان
میزانت مایەی عەدل و عەداڵەت
خاڵیی جە ظوڵمەت زوڵم و زەلاڵەت
گوشایندەی رۆح دوو شەش نە شەشدەر
نوورەنی نووربەخش خورشید خاوەر
قووەت لەنگەر قوطب سەماوات
خالیق مەخلووق نە رووی سەربسات
شوعلە بەخش شەوق شەماڵەی بێشوون
مونشیی قەڵەمکێش حەرف کاف و نوون
ستارەی سوپای کۆکۆبی ئەفلاک
بەهەم سازنا نەهر و باد و خاک

نه رای زەند و بەرق نه رووی هەور تار
حەلل موشکیلات کەس نەبەرۆن چار
گوشایش کار دەرمەندەی کاران
فەرما نه فەرمای حوکوومەتداران
دارای دەماغ بەرز هادیی مەدەد بەخش
جاندەر جانستان ئینس و جین و وەحش
شەهەنشای شاهان جەی دماو جەی وەر
موفلیس و بێ ماڵ، شا وە گەدا کەر
دێو جە ئاوێنەی (قرانین) دێوەن
زینەت مەجلیس شاهان پەشێوەن
شەب و رۆ فەرمان حوکمت جه کارەن
شای شاهان تۆنی، شاهان چه کارەن؟
تاکە (زرای عمر!) کاری تۆ نەبۆ
ئاوان جه رووی عەرز کەی جاریی مەبۆ؟
بێ فەرموودەی تۆ سوهەیل جه یەمەن
کەی مەڕێزۆ وەڵگ چنار نه چەمەن؟
بەئەمر و حوکمت فەصڵ وەهاران
گوڵ بەرماوەری جه دەلو خاران
مونشی ذیکر ذات تۆش نه خەیاڵەن
قەڵەم جه وەصفت زوبانش لاڵەن
فامداران هەر کەس فام تۆ کەردەن
(کیشام!) ذیکر ذات تۆ تەمام کەردەن
دوڕ جه جزیرەی شۆڕ دەریابار
میشک جه نافەی وەحش ذەلیلەی (فنار!)
گشت جه موعجیزات صونعت ئیجادەن
پەی زینەت عام تەربیەت دادەن
ئومێدم بەتۆن کاشیف کاران
ئیمام دەفتەر قەتەرات دەوران



باجەتی ئەحمەد شەفیع موختار
شەفاخوای ئوممەت عاصی عیصیان بار
دانای موعجیزات دەریای (لم یزل)
خەتم نوبووەت مصطەفای مورسەل
بەشق شای مەردان شیر سایل بەخش
سەخیی سەخاوات بەخشاوەن نه بەخش
قەترەی جه رەحمەت خەزانەی نیسان
رێزێ نه دەروون بەندەی پڕ عیصیان
مەصقەل دەرۆ ژەنگ فیکر خام دەردەم
گوشاد کە خاطر میحنەت پەروەردەم
تا زوبان بەشوکر ذیکر تۆ شادکەم
شەرت بۆ بەدعەهدیی خوسرەو وە یادکەم
یەک رۆ تەئریخم تەماشا کەردەن
دوو کەس بەدعەهدیی جه دنیا بەردەن
دوو جەم جه خانەی شاهان قەدیم
هەردوو ستەمکار ستەمپیشە بیم
نەوفەل چەنی قەیس بەدیشانا نەرد(!)
فەڵەک بنچینەی یانەش خەراب کەرد
شاهان عومرشان مەبۆ بەرجا بۆ
تا پای ئیقباڵ تەختش بەرپا بۆ

# بەهارییەیەکی خاوەن نەزانراو

بڕوا ناکرێ شاعیرێکی کورد هەبێت دیمەنی قەشەنگ و ڕەنگاوڕەنگی خوداکردی کوردستان هەستی نەبزواندبێت و، مێشکی بیری نەپژاندبێت تا بەگوێرەی تواناو بۆچوونی خۆی بەقەڵەمی شیعر تابلۆی باڵانوێنی ئەو دیمەنە دڵێ صەد دڵ شەیداکەرەی دوای خۆی وەک یادگارێکی زیندە نە نەخشاندبێت، وەک دەبینین گەلێ لە شاعیرانمان چەندین تابلۆی یەک لە یەک نەچووی بێوێنەی ئەو دیمەنە شەیداکەرە ساڵانەی وەرزی بەهارەیان لە دیوانەکانیاندا بەجوانترین شێوەی زیندووترین شیعریان بۆ بەجێهێشتووین. ئەگەر بێت و ئەو شیعرانەی بەبەهاردا گوتراون و پێیان دەگوترێ (بەهارییە) یان (بەهارییات) کۆبکرێنەوە و یەکبخرێن و لە یەک کاری سەربەخۆدا بخرێنە بەردەستی خوێنەران و ئەدەبدۆستان، بەوە جوانترین دیمەن و رازاوەترین یادگاری چینانی پێشوومان دەدرێتە نەوەی ئەمڕۆ و ڕۆژانی داهاتوو.

لەم ڕووەوە چەند هەوڵێکم داوە و، دەمەوێ ئەگەر کات و تەمەن بەبەریانەوە بێت شتێک لەم بوارەدا ئەنجام بدەم، تا ئەو کاتە ناو بەناو جار جار خۆم لە نموونەگەلی بابەتەکە دەدەم، لە کەشکۆڵی (گوڵزار و بەهار)دا کە ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، بەهارییەیەکی جوانی تێدایە بەداخەوە ناتەواوە و، هەندێ بەیتیش لەوانەی کە ماون لێیان دڕاو و خوراوە و، بۆ ئەو شوێنانە خاڵم داناوە و، تا کاتێ نوسخەی تەواویی ئەم بەهارییە دەستدەکەوێت و خاوەنی دەزانین، ئێستە ئەم بەرکوڵەی لێ دەکەین و، ئەم بەشەی وەک بۆمان خوێنراوەتەوە دەخەینە بەردەستی خوێنەران.

## بەهارییەیەکی خاوەن نەزانراو:

(گ/١٩٦)

یاران وەهارەن......
یاران نیگا کەن چە خۆش وەهارەن
... ئەخضەرین گشت مێرغوزارەن
قواقووی کەبکان نەسەر دیارەن
نم مێرغوزار جیسم ئەو سەمین
ئاب حەیاتەن ئامان نە زەمین



بە شەماڵ هەرزان بۆی عەتر و عەنبەر
ئەلئامان خێزا نە بەرف چەنبەر
بەرزە درەختان شکۆفە کەردەن
تۆ ماچیی موشکەن شەماڵ ئاوەردەن
شای وەهار حوکمش کەرد وە قەرەووڵ
قەرەووڵ خێزا بی مات و خجڵ
شەماڵ سپەهدار عەلەم بەدەستەن
بەیداخ ئەخضەر عەدوو شکستەن
... نیشت نە خێڵ بەرف بێ ئامان
... رد شەماڵ بێ زۆر و سامان
شای وەهار ئاما کەیخوسرەو دەستوور(گ/١٩٧)
نیشت...... چون فەغفوور
چاوەشان ئامان... سازان
یانەی وەردنان بەئاوات...
هەر چە عاشقەن شێت مبۆ شەیدا
دڵەی عاشقان مەدا بەوەیدا
لەکلەک نەقارەش گرت وە بان دەست
کەڕەناش پێکا وێنەی شێر مەست
صەدای قازلاخان صوب نە سای چەمەن
ماچیی شەککەرەن ئامان نە یەمەن
گوڵان بەرئامان نە تۆی پەردەی خاک
دامەن تەڕ بەهوون پەخشکەردەن چاک
لالەی شەقایق نەورۆز ئەسفەر
حەنا گوڵ جەعفەر گوڵان(رست!)ئەحمەر
زەنبەق و نەورۆز خاشخاش چەمەن
شەستپەڕ و ڕەیحان وەنەوشە و سەمەن
حەنا گوڵ جەعفەر گوڵ زڵفان چنوور (گ/١٩٨)

... شان... ستشان جەمهوور
............ راران
خوصووصەن صەدای کەبک ئێواران
مشۆ وە کەنار صەدای شەتاوان
سەوسەن بێحەدەن رێحان فراوان
نە پای شەتاوان عەرووسان خێزا
نە سارای شەبنەم وە سەردا رێزا
هەر کەس تەماشای عەرووسان کەرد
غەم و پەژارەش جە لاش رەمکەرد
نەرگس پیاڵەی پڕ جە مەی کەردەن
هەر کەس بنۆشۆ نەوینۆ مەردەن
لالە داغدار وەرین ساڵەن
پەرێ دڵداریی دڵ کۆی زوخاڵەن
نەعنا گوڵ توراب، گوڵ جیهان ئەفرۆز
هێرۆ گوڵ عەباس، عاشق گوڵ نەورۆز



## تەوحید(١)

(گ/٦٧)

'... (علام الغیوب) ذاتت    لە شیبهی کەس نییە
هیچ کەس وەکو تۆ بێ عویووب    بێ عیللەت و ئەقدەس نییە

**

... وەکو تۆ بێ بەدەل،    قەیيووم و دانا ولم (لم یزل)
بێ سەهوو نیسیان و خەلەل،    بێ فیکر و بێ وەسوەس نییە

**

بێ فیکر و بێ غەم بێ خەیاڵ،    فەرد و قەدیم و (لایزال)
بۆ عالەمی (الآن في الحال)،    غەیری تۆ فریادڕەس نییە

**

فریادڕەسی بۆ خاص و عام،    ڕۆشنکەری لەیل و ظەلام
چی بۆت نەسووتێ صوبح و شام،    پەروانە و قەقنەس نییە

**

پەروانەڕەنگ تەن دەر عەذاب،    قەلب و جەسەد دەرتەب و تاب
چی بۆت تەرک نەکا خورد و خواب،    وەی غەیری... نییە

**

ئەی صاحیبی قووەی مەتین،    تۆی (انت رب العالمین)
چی تۆی نەبێ هادی و موعین    کەس واریث و خوێنڕەس نییە

**

عاشق کە عەشقی کەوتە دڵ،    سەرخۆش دەبێ مەست و خجڵ
حەیران دەبێ بە ڕوویی گوڵ    نیشانە ئەو بێ بەس نییە

**

بێدەنگ نییە نابێ بەتاڵ    وەقت و ساعات و ڕۆز و حاڵ
غەیری مەعشووق نیەتی خەیاڵ،    دڵ غەیری یار با کەس نییە

**

(١) ئەم پارچە تەنها لەسەری نووسراوە (تەوحید) ئیتر ناوی کەسی پێوە نییە و نازانرێ شیعری کێیە، ئێمەیش وەک خۆی هێنامانەوە سەر ڕێنووسی کوردی.

ئەی ئەبلەهی نادان بەحـــاڵ، مـەشغـوول بەلەعب و قـیل و قـال
لە زۆر کـەسـان بگرە کـەمـاڵ، کـەس عـەقـڵی تەنهـای بەس نیـیـە
**
سـەر کـە لە ڕێی مـەولا نەبێ، پڕ شـۆڕش و غـەوغـا نەبێ
بـۆ یاری خـاکـپـا نەبێ، بەڕوویی کـەس مـوخـتـەص نیـیـە
**
چاو کـە نـەبینێ ڕوویی وەی، نەو قـامـەتی دڵجـۆیی وەی
حـەیران نەمـێنێ سـوویی وەی، بنیـا لە پێش و پەس نیـیـە
**
کـوڕ کـە نەکـێشێ ئینتـیظار، بەهری سـەمـاع و صـەوتی یار
مـانەندی سـۆراخی دیوار، بێ مـووش و مـار و خـەس نیـیـە
**
دڵ کـە بێ زەخم و ڕێش نەبێ، ڕێی یاری خـۆی لە پێش نەبێ
قـەت بێ [کـردن و ڕیش!] نەبێ، بێ جـەوهەرە و مـوخلیص نیـیـە
**
تەن گـەر ئیطاعـەی یار نەکـا، باران لەسـەرخـۆ بار نەکـا
[بالفظ!] جـانان کـار نەکـا، بێ پێسی گـول ئەبرەص نیـیـە(!)
**
دڵ گـەر نـەبێ پڕ ناری یار، دایم نـەکـا گـریان نار
سـەنگی قـەزا حـاجـەت شـومـار، جـوز شـەڕوشـۆڕ ئەخـرەس نیـیـە
**
ڕۆح گـەر لە تەن بێـزار نـەبێ، شـەبـەهی شـەرارەی نار نەبێ
تـەسـلیم بـەژێری بار نـەبێ، جـوز مـوردەو و بێ باس نیـیـە
**
قـەلبێ هەمـیـشـە دەرحـوضـوور، نەینێ طالیـبی گـرژ و لوول(!)
بۆ ڕێگای ئەو قـەصر و قـوصوور، غـەیری توراب و جـوص نیـیـە
**
ئەی زاهیـدی بـەدئاب و گڵ، بەهری جـینان مـەست و خـجڵ
طـالیـب نـەبی بـۆ ئـەهلی دڵ، ئیلهـام لەبۆت بێ مـەعنـەیە



## خاوەن نەزانراو

-١-

(گ/١١٥)

تۆ بەڕاستیی گەر سەگی دەرگاهی پیری کامیلی(١)
بۆ طەمـاعی جیفـە بۆچی مەوقـیعی بێـجا دەچی؟
تەکـیـەچوون و خـانەقـاچوونت دەلیلن بۆ ڕیا
عەکسی ڕێی ئەهلی ڕیبیا نەگری لەسەر ڕێ لادەچی
گەر بەدیقـقەت بی دەزانی فاسقیش هەر مورشیدە
فـیـعلەکـەی [بردە بضـدی!] تا بڕۆی باڵا دەچی
مونفەعیل نابی بەهیچ (فەتحی) ئیتر چیت پێ بڵێم؟
تۆ لە دنیـا ناگـەیی و بۆ دەرکی (مـافـیـهـا) دەچی!

-٢-

دڵبەر جەلاتەن
دڵبـەر شـەو و ڕۆ ڕۆحم جـەلاتەن
پەی دووریی باڵات خـەمم خـەڵاتەن
ڕۆشنیی دنیـا جـە لام زوڵمـاتەن
یەقین بزانە سـەفـەر (هەرات)ەن
ئینشـەڵڵا خـەیرەن، نیـشـانەی هاتەن،
***
جـەیوەرتەر جـە لوتف بینای لایەنام
تەوفـیق جـەبری بی بەرەهنـەمـام
بەفـەیض پابۆس شـای نەجـەف مـاوام
سـەر وە ئاسـتـانەی کـەربەلا سـاوام

(١) دیارە ئەمە کۆتایی پارچە شیعرێکی گلەیی ئامێزە لە ڕێبازی زەلامێک کە باش خۆی بەڕێبازی تەصەوفەوە نەبەستووەتەوە، بەڵام نەدەزانین گلەییکەر کێیە و گلەیی لێکراو کێیە و، نەدەزانین کەی و لە کوێ گوتراون. هەرچۆن هەیە ئەو چەند بەیتەمان وەک خۆیان نووسین.

ئیسەیچ ئەر مەقسەد نەخۆرهەڵاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

خاترت جەم بۆ شای شیرین کەلام
زەرەر و زیان نمەیۆ نەڕام
عەتەبەبۆسیی شای مەشهەد مەقام
بەرابەر وە گەنج عالەمەن جە لام
ئەر جام و لەنگەر، ئەگەر کەڵاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

شەش مای کامڵەن – ئەی یار دوڵبەر–
ڕاهیی ڕام چەنی (ڕافزیی) و (قەجەر)
سەحەر جە تەنخوای (الله اکبر)
سەدای باڵەبان مەکەرۆم خەبەر
ناقووس و شەیپوور هەر سوب سەڵاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

(سەرەطان)تا(ئەسەد)نە(سەبزەوار)بیم
پەی دووریی باڵات دڵ بێ قەرار بیم
چەمەڕای قاسید نەڕاگەی شار بیم
پەی وە شەهەواڵێت نە ئینتیزار بیم
(شەترەنج) خەیاڵ نە (کشومات)ەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

ئەوەڵ (سونبولە) ئۆردوو کۆچش کەرد
نەصیب قسمەتش وە(نەیشا پوور)بەرد
قاسیدێ ئاما ئەلحەق جەوانمەرد
وەشەهەواڵ لەیل پەی مەجنوون ئاوەرد



واتم: وەش ئامای، دیدە نەراتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

جەو (نەیشاپوور)دا فەیرۆزێ سەندم
خەتم (سیفیە) نەڕووشدا وەندم
جە مەشهەد ئایەت نەدلیش کەندم
پەی ئەنگوشتەری شای دڵ پەسەندم
ڕەززاق م... سوورەی بەڕاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

ئەلحەمد و لیللا (رب العالمین)
نەسیبم یاوا وەی ئەقدەس زەمین
پەنج ڕووان تا شام وە دیدەی نمین
نەبارەگاشدا مەڕێزام ئەسرین
یەقین زیارەت ضامن نەجاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

واتم: یا ئیمام خۆراسان ماوا
چەند کەس جە بارگەت وە مراد یاوا
ڕوخسارم وە خاک ئاستانەت ساوا
تەوفیق ڕەفیق بۆ نەی جەنگ و داوا
تەمەننام وە لوتف حەق تەعالاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

نە قاپیی ضامن کەمەربەستە بیم
(نصر من الله) نە (ذولفەقار) دیم
ڕاهی بیم، دوو شەو بیاوان بی جیم
ڕۆی سێیەم نە جام صوبح وە ئۆردوو شیم

ئەووەڵ ڕۆی (قەوس)ەن مەنزڵ (هەرات)ەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

وەلحاسڵ ئەی دۆست عەزیز نازدار
ئەو تەفسیل حاڵ کەروو وە تۆمار
(قل لو کان البحر) مەیۆ نە ڕووی کار
با موختەسەر بۆ شەرح دووریی یار
نە واچی ڕاگەش نە دوور وڵاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

خاترت جەم بۆ یار وەفادار
بەتەوفیق حەق یەکتای کردگار
هەرکاتێت زانا بە وێنەی هەرجار
جە (لەیلاخ) پەی شار کەردمان یەلغار
یارت شەو پەشتان بەژن و باڵاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

***

یە شەخسێ واتەن جە زامن دوورەن
پەی وەسڵ یارش تاسە زەروورەن
خاتر جە خەم کەیل زار و مەهجوورەن
ئومێدش وە لوتف (هو الغفور)ەن
موجیب دەعەوات قاضی حاجاتەن
ئینشەڵڵا خەیرەن، نیشانەی هاتەن

---

(١) ئەم دوو پارچە شیعرەم لە دوو سێ لاپەڕەی پەرتەوازە وەرگرت، دیارە هەردووکیان شیعری یەک کەسن، کە لە کوردستان ئاوارە بووە و بەشداریی جەنگێکی کردووە و، چەند کەسێکیش - کە نازانین زۆریی و کەمییان چەند بووە - لەو جەنگەدا بەشدار بوون، بەڵام جەنگەکە کەی بووە و لە کوێ بووە؟ ئەمە ڕوون نییە.



## -٣-

دڵبەر دێرین......

دڵبەر نازدار دڵڕوبای دێرین
مەعلووم بۆ جەلات زوڵفان عەنبەرین
نە (هەرات) عاصیم جەگیان شیرین
یەک ساڵ و شەش مان ئەی یار دڵبەر
هەر شەو گەزمەچیم تا وە سوب سەحەر
هەر سەحەر تا شام جەنگ و مەیدانەن
نەی بازیم چەنی سوپای ئەفغانەن
هەزار هەزاران هەزارەی جەنگی
جەمشیدی چەنی تەیمووری زەنگی
(ئورکونجی) چەنی (دەخیلەی) سارا
سوپای (سەمەر قەند)، (بەڵخ) و (بوخارا)
خێزیان ئامان پەرێ جەنگ دین
تەمام (تورکستان) تا (چین) و (ماچین)
نە سەحرای (هەرات) مەحشەر خێزیان
سەر وێنەی خەزان پایز ڕێزیان
هەفت لەشکر جەمەن، ئاهیر وارانەن
شەو و ڕۆ دایم کەللە بارانەن
ئەبڵەق سواران کوردستان زەمین
بە تەوفیق حەق (رب العالمین)
پێش جەنگیی تەمام سوپامان کەردەن
گۆی نێکنامیمان جە مەیدان بەردەن
تا ئارۆ (ئەووەڵ جیمادی) ماهەن
(نصر من الله) ڕەهنومای ڕاهەن
ئینشەڵڵا (من بعد، وفتح قریب)
مەیۆ وە یاوەر کوردان غەریب

نەی گـێـجـاو غـەم مـارۆمـان وە بەر
صـەحـیح و سـالم وە فـەتح و ظەفـەر
هەرکـەس شـاد مـبـۆ وە دڵبـەر وێش
ڕەنج رای سـەفـەر ئەمـانۆ پێش
غـەیر جـە من نە داخ سـزای خـوێشـان
ئەر صـەد ڕەنج ڕای (هەرات)م کـێـشـان
تـا مـوددەعـیی وێم ناروو وە تـاران
حـەرامـەن جـە لام دیدار یـاران
تـا ............................................ وێـش
جـاهداریی بزورگ حـەرام نەبۆ لـێش
هەرتا نەکـەرووش بەواتەی دەسـتـان
حـەرامـەن جـە لام ئاو کـوردسـتـان
یەکـەسێ واتـەن خـاتـر پەرێشـان
جـە داخ خـوێشـان دەروونش ئێـشـان



## خەستە

خەستە یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی ناوبەناو لە کەشکۆڵ و دەستەخەتە کۆنەکاندا ناوی دەبینین و، جار جار لێرەو لەوێ پارچە شیعرێکی دەخوێنینەوە. من بەش بەحاڵی خۆم دەمێکە دەمەوێ شتێکی دەربارە بنووسم، بەڵام تا ئێستە شتێکی وام دەست نەکەوتوە تینوێتیی بشکێنێ و تەسکینیی بەدڵ بدا. ئێستەش کە ئەمە دەنووسم وە نەبێ شتی زۆر باش و زانیاریی خەست و تێرو تەسەلم دەربارەی دۆزیبێتەوە.

ئەوەندە هەیە لە کەشکۆڵی (گەلاڵە)دا چەند پارچە شیعرێکیم دی تا ئێستە بەسەریەکەوە ئەوەندە شیعریم نەدیوە، بۆیە وتم با ئەم هەلە لە کیس نەدەم و ئەم شیعرانە لەم دەرفەتەدا بخەمە ڕوو، بەڵکو لەمەولایش زیاتر دەربارەی بەرهەم و ژیانی شتی دیکە سەر هەڵبدات.

لەو سەرچاوانەدا کە من لای خۆم بۆ ژیان و بەرهەمی شاعیرانمان تۆمارم کردوون لە سێ جێگەدا ناوی (خەستە) هەیە.

لە ژمارە (۱۲۵۷)ی ڕۆژنامەی (ژین) دا ئاوا دەربارەی نووسراوە:

«خەستە سەرگوزەشتەی ئەم شاعیرە بەتەواوی نەزانراوە تەنیا محەمەد زەکی لە تەئریخی سلێمانیدا ئەڵێ: شاعیرێکی وڵاتی سلێمانییە داخەکەم سەرگوزەشتەی ژیانیم دەستنەکەوت ڕەنگە لە شاعیرانی قەرنی سیازدەمینی هیجریی بێ.

بەڵام من (واتە نووسەری وتارەکە کە ناوی خۆی نەنووسیوە و ڕەنگە نجم الدین مەلا بێ) دوو سێ هەڵبەستیم لە ئەنجومەنی[1] ئەدیبان دا نووسیوەتەوە کە ئەمین فەیضی بەگ لە ئەستەموولَ ساڵی **۱۳۳۹**ھ لە چاپی داوە ئەمە یەکێکە لەو هەڵبەستانە:

لە هیجرانی گوڵی سوورم ئەکەم شین
ئەڕێژم دەم بەدەم فرمێسکی خوێنین
...
ئەم پارچە شیعرە حەوت بەیتە.

(١) لە ئەنجومەنی ئەدیبانی تۆژینەوەی لیژنەی وێژە و کەلەپووری کۆڕی زانیارییدا تەنها پێنج بەیت شیعری خەست بڵاو کراوەتەوە، لە شوێنی خۆیدا ئاماژەم بۆ کردووە.

# خەستە

-١-

(لّ/١٨٣)

عەزیزم! شۆخ و شەنگم! نەو نیهالّم!
پەریزا پەیکەرم! شیرین جەمالّم!
قیامەت قامەتم! گێسوو کەمەندم!
شەکەر گوفتارەکەم! گەردن غەزالم!
ئەمن دلّ لەتلەتی تیری موژەی تۆم
لەبەر زەحمەت وەکوو کۆتر دەنالّم
لە چاوم وەک فوارە هەلّدەدا خوێن
لەسەرتاپا میشالی لالەزارم!
نییە ئارام و عەیش و خورد و خوابم
لەتاو ئاگری عیشقت زوخالّم
پەریی ئەر شۆخی چین، ئەر حووری عین بی
بە تۆیە مەیلی دلّ، پیرۆزە خالّم!
ئەمن دایم لەگەلّ دەردت دەسازێم
ئەتۆ هەرگیز نییە ڕەحمت بەحالّم
وەها دلّ موونیسی عیشقی ئەتۆ بوو
هەموو ساتێ بە وەسواسە و خەیالّم
ئەگەر تۆ کوشتنی من ئارەزووتە
خەلاصم کە بەجارێ - پڕ کەمالّم!-
نەبێ خەوفت لە دیوانی قیامەت
ئەسیری تۆم بەتۆ خۆ خوێن خەلاّتم!
(ئەگەر تۆ بەبەدگۆی ڕەقیبان)
(مەکە، ئیدی بەجەورت پایەمالم)
(بلاوێنە زەدەی تێغی نیگای خۆت)
(کەرەم کە فەرموو خەلعەت بێ ویصالم)



هەتا کو (خەستە) ڕۆح و جانی خۆی کا
بە شاباشی سەرت - شیرین جەمالّم!-[١]

جگە لەوە ئیتر، هەندێ پاش و پێش و جیاوازیی کەمی لێ دەرکەیت، شتێکی وایان لە یەک جیا نەبوو. خوالێخۆشبوو جەمال محەمەدیش لە ژمارە ٣١٢ی هاوکاریدا یازدە بەیتی لێ بلاّوکردوەتەوە.

-٢-

(لّ/١٨٤)

گولّم سەرمایەی ژین و حەیاتم
عەزیزم باعیشی عەیش و نیشاطم
دەزانی خۆ ئەمن سەودازەدەی تۆم
نێچیری ئاهووی چاوی سیاتم
هەمیشە من لە کونجی دەرد و غەمدا
ئەسیری شەرط و مەحبووسی وەفاتم
بەسالّی جارێ قوربانیی دەکەن حاجی
ئەمن هەردەم بەقوربان و فیداتم
بەجاڕوویی موژەی چاوم هەمیشە
خەریکی مشتومالّی خاکی ڕاتم
لە شەوق و ذەوقی عالەم بوومە فاریغ
کە چۆن هامڕازی هیجران و بەلاّتم
لە چاوم وەک فوارە هەلّدەدا خوێن
لە وەختێکا کە مەحروومی نیگاتم
ئەگەر کردوومە تەقصیر و گوناهێ
هەزاران تۆبە بێ تا ڕۆی مەماتم

(١) ئەم پارچەم لەبەر کەشکۆلّی گەلاّلە نووسیبوەوە، دوایی کە کەشکۆلّی تالاّنیم دەستکەوت و شیعرەکانیم نووسینەوە، بینیم لەناو شیعرەکانی خەستەدا ئەم پارچە لێرەیش - لە تالاّنی- هەیە. کاتێ لەگەلّ یەکدیم بەراورد کردن دیتم جگە لە هەندێ جیاوازیی (تالاّنی) دوو بەیتی لەگەلاّلە زیاترە، ئەو بەیتانەیش ئەوانەن بەگوێرەی زنجیزە و شوێنی خۆیان کەوتوونەتە پێش دوا بەیتەوە.

لە من عاجز مەبە ئیتر بەقوربان
خۆشە ئەر بمکوژی ئەرکەی خەلاتم
بەمەرگی تۆ وەها (خەستە)و زەبوونم
نەماوە ذەرێ صەبر و ثەباتم

-٣-

(ل/١٨٥)

بەبێ تۆ من پیاڵەی غەم دەنۆشم
وەکو مەجنوون نەماوە عەقڵ و هۆشم
لە حەسرەت خەططی نەوخێزی بەنەفشت
هەمیشە بەرگی نیلیی غەم دەپۆشم
قەدەم ڕەنجانی کە بێ حاڵم بپرسە
بترسە لەم دەروونی پڕ خورۆشم
ئەتۆ سولطانی ئیقلیماتی حوسنی
ئەمن بێچارە عەبدی حەلقە گۆشم
لە گەرمیی مەیلی سەردت نووری چاوم
وەکو دیزەی لە کوڵ دایم بەجۆشم
دەخیلم ڕۆحی (خەستە)م بەسیە بەسیە
بەوەصڵت یا لە هیجرا مەیفرۆشم[١]

-٤-

(ل/١٨٥)

دەبێ ڕۆحی ڕەوانم گوڵعوزارم
لە سەختی هیجری تۆ وا بێ قەرارم
بریندارم بەصەد جێ دڵ بەتیرت
ئەگەر مەرهەم نەدەی کۆتای کارم

(١) مامۆستا عوسمان هەورامی لە ژمارەی تایبەتیی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕۆژی ١٩٧٢/١/١دا ئەم پارچە شیعرەی بلاوکردوەتەوە.



بەچاوت دێ لە چاوم ئاوی خالیص
هەمیشە بەحری جەیحوونە کەنارم
زەکاتی نەقدی حوسنت پێم عەطاکە
خودا بۆ خۆی دەزانێ من هەژارم
دڵت صەد جار ئەگەر سەنگە دەسووتێ
بەحاڵم بشنەوێ گەر ئاهو زارم
لە حەرفم تۆ مەبە ئازوردە قوربان
سەری موویێ نەماوە ئیختیارم
بەدەستی خۆت دەواکە دەردی (خەستە)م
بلا ئاوای نەکەم مەئوای مەزارم

-٥-

(ل/١٨٦)

لە وەعظی زاهیدانم دڵ بوە مات
بیا ساقی کە (فی التأخیر آفات)
من و بادە و تەمووره و چاوی ساقیی
چکار آید مرا کشف و کرامات؟!
خەیاڵی یارەو دەردی من شەوو ڕۆژ
بنام ایزد زهی آورد و اوقات
بەرێی عیشقدا... تەسلیمی جانە
نە قطع منزل و طی مقامات
جیهان ئاییینەیە بۆ حوسنی یارم
فشاهد وجهه فی کل ذرات
مەکە عادەت ڕەفیقی زاهیدی وشک
کە ترک عادت است اصل سعادات
درۆیە(خەستە!) ئەر داوا بکەی عیشق
فان العاشقین لهم علامات

-٦-

(ل/١٨٦)

له هیجرانی گوڵی سوورم دەکەم شین
دەڕێژم دەم بەدەم فرمێسکی خوێنین
وەکو بولبول دەناڵم شەو هەتا ڕۆژ
نیشاطم دەرد و ڕەنجە میحنەتم شین
له بازاڕی غەمی عیشقی گوڵمدا
تەلەف بوو مایەیی عومر و مەتای دین
بڵێسەی ئاگری کوورەی دەروونم
دەپێکێ قورصی ماه و جەمعی پەروین
هەموو عالەم له ناڵەی من بەتەنگ هات
له بۆ بەختم دەنێرن لەعن و نەفرین
له حەسرەت عەنبەرین زوڵفی سیاهت
تەپ و دووی دڵ دەچێ بۆ گونبەدی شین
وەها دەردم گرانه سەختە بۆ من
فەلەک دەگری، مەلائیک دێتە ناڵین
بەیادی وەصلی دلبەر (خەستە) ناڵە
بکێشە تا دەکێشێ رووحی شیرین[١]

-٧-

(ل/١٨٧)

چاوەکەم لێم عاجزە دڵ بەرگی عەیشی شین دەکا
عوذرو تەقصیری نییە بۆیە خەریکە شین دەکا
دێتە صەحرا مات و بێدەنگە لەگەڵ کەس نادوێ
لێوی باری گرتوە بەخودا... قین دەکا

(١) له ئەنجومەنی ئەدیباندا پێنج بەیت لەم پارچە بلاوکراوەتەوە.
(بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو ل: ١٢٠).



زوڵفی شێواوە ئیشارەی چاوی هیچ وەک یەک نییە
ئارەزووی تەسخیری ڕۆم و قەندەهار و چین دەکا
دێ بەغەمزە و نازە وە تێپەڕ دەکا خۆشڕەوت
دەنگی [کردن!] دێ [سرورو!] ئاشکرا تەحسین دەکا
لار و لەنجە و عیشوەکەی جەولانی زوڵفی پڕ گرێ
زاهیدی تەقواکەری صەدساڵ خەریک بێ دین دەکا
مروەت و ڕەحمی نییە، ئینصافی باری کردوە
دەوری باغی دڵ بەخاری جەور و غەم پەرژین دەکا
عالەمێ دێتە خورۆش و جۆش و واوەیلا و فوغان
هەر وەکو غەوغای قیامەت هەر کە ئەسپی زین دەکا
(خەستە!) دامێ بوو دەوامی دڵبەرم بۆ عومری من
پێ دەوێ وەحشی کە چەرخی نیلگوون ئایین دەکا

-٨-

(ت/١١)

دڵی بێچارە و زارم فگارە
بەتیری غەمزەی شۆخێ نیگارە
وەهای لێداوە (واللە) خەدەنگان
هەتا ڕۆژی قیامەت دەردەدارە
بەمیثلی پەنجەرە سوراخی تێدان
لە دوورۆ ڕۆشنایی لێ دیارە
دەناڵێنێ وەکو کۆتر لە دەردان
خودایا ئەم ذەلیلە چەند زگارە!؟
فوارەی خوێنی دڵ وەک قەڵبەزەی ئاو
بەخوڕ دێ هەڵ دەدا دەڕژێتە خوارە
عەجەب بێ تاقەتە صەبری نەماوە
لەبەر ئێشی برینی پڕ لە ژارە
ئەمەندەی تیری کاریی لێ دراون
گەلێ جێگەن برینی ئەو دوبارە

هەموو عالەم وەها بۆ دڵ دەسووتێ
کە دەیبینێ بەجەستەی پارە پارە
ئەگەر کافر ببینێ حاڵی تاڵی
بەوێ خودای بۆی دەبێ ئەو بێ قەرارە
دەبەر هاواری عەیشم حەرامە
چلۆنی کەم عیلاجی ئەو هەژارە!
ئەمن زۆروت بەوی: بۆ خۆت ڕەحەت بە
بەسە کۆتا کە، ئەم کارە چ کارە؟
سەرت کز بگرە دانیشە بەبێ دەنگ
مەچۆرە ناوی گۆبەندو قومارە
ئەوە داوێکە کەس... نابێ خەلاصە
کە تێکەوتی لە بۆت نابن چ چارە
وزەی مێشوولە بۆ پەند... ئاخر
لە دەست ئەو شۆخە نۆشی ژارە مارە
گرفتارە بەداوی هەر دەناڵێ
هەتا وەختێ کە دێت (یوم القرار)ە
مەگەر ئەو شۆخە بۆ خۆی کا عیلاجێ
ئەگەر نە(خەستە) نیمە ئیختیارە!( )

-٩-

(ت/١١)

بەڵێ بۆ عاشقان بەدڕامە حەیفێ
صیفەت وەحشی لەگەڵ کەس نابێ ڕامە
خودایا پێی عەطاکەی چاک ڕامێ
ئەمن (خەستە)ی ئەویم بەڵکا ڕەوامە(١)

( ) ئەم پارچە لە کەشکۆڵی (تالانی) وەرگیراوە.

(١) ئەم دوو بەیتە پاشماوەی پارچەیەکن کە لە جزو بەندکردنەوەی پاشماوەی کەشکۆڵەکەی (تالانی)دا سەرەتاکەی و ڕەنگە زۆری دیکەی بەرهەمی ئەم شاعیرە و شاعیرانی دیکەیش تێدا چووبن. ئێمەیش لێرەدا وەک خۆی دەینووسین.



-١٠-

(ت/١٢)

دەردم دەردێوەن چەند ساڵە دەردەن
جە تۆی پەردەی دڵ نە... گەردەن
ئەر بێ و بخێزۆ دوود جە کەلەی فەرخ
چەخماخە مدۆ چون چەخماخەی چەرخ
... پرشش پرشنگ بشانۆ
قاف چەنی قافی... نمانۆ
ئەر... جە لای دوستەوە
مبو... هەر بوەستەوە(١)

-١١-

(ت/٧٩)

گوڵی من تۆ لە بۆ چ ئازوردە بووی لێم؟
ئەگەر ببڕی سەرم قوربان چ ناڵێم
سەگێکم من لە دەرگای تۆ کەوتووم
لە بۆ وەختێ کە تۆ بانگ کەی: وەرە! بێم
شەو و ڕۆژان دەکەم فکرێ نییە هیچ
بەغەیری خاکی دەرگای ئەتۆ جێم
غەمی تۆ وا تەنی داوی لە دەورم
لە هیچ لایێکەوە نەیهێشتوە ڕێم
لە جۆشی عیشقی تۆ وا دڵ...
هەموو ساتێ وەکو قەقنەس دەسووتێم
لەبەر دوودی دەروونم هێندە ڕەش بووم
بەمەرگی تۆ چ کەس نازانێ من کێم!

(١) ئەم پارچەیش لە (تالانی) وەرگیراوە و گەلێکیم باش بۆ نەخوێنرایەوە و بەبۆشی شوێنم بۆ دانان.

ئەمن وا دڵ بریـنداری جـەفـاتم
بەمیثلی جۆی «دەلێن» جاری دەبێ کێم
نەماوە تاقەتم جەورت بکێشم
هەتا کەی من لەگەڵ دەردت بساچێم؟
ئەتۆ عاجز مەبە، ئەر ئارەزووتە
بلێ ڕۆحی ڕەوانی خۆم دراوسێم!
ئەگەرنە حەیفە بۆ شاهی وەکو تۆ
لە من ئازوردە بی ڕەحمت نەبێ پێم
عەبەس دەرچێ جەفاکێشانی (خەستە)
لە دەس دەردی دووبارەی تۆ بناڵێم

-١٢-

(ت/ ٨٠)

بەچاوی تۆ گوڵی من موبتەلامە
کە ڕەستاخێز فیتنەی خاص و عامە
بەوان چاوان بەهەرکەسدا دەنۆڕی
بەبێ شک ڕۆح دەسپێرێ تەمامە
بەئەبرۆی قەوسی موژگانان وەک تیر
دڵی عالەم دەپێکێ صوبح و شامە
لە ڕەفتاری ئەوی حەیران دەبێ کەو
گەلێ چاتر لە تووتیی خۆش کەلامە
بەکاکۆڵی کەمەندئاسای بەنەفشی
دەبینی هەر کەسێ پابەستی دامە
ڕوخی پاکی لە گوڵ نازکترە و تەڕ
بلێم وەک میسکە خاڵی پڕ خەطامە!
بەیاضی گەردەنی کافووری دەبینێ
بەعەینیی وەک سوراحی پڕ مەدامە



لە حوسنی دلڕفێنی ئەو گوڵی شۆخ
نەماوە کەس کە پێی بێ هۆش و فامە
وەکو (مەحموودی غەزنەو) شاهی حوسنە
دە صولحی صەد (ئەیاز)ی بێ غولامە(!)

-١٣-

(ت/٨٣)

وەهار نمانا......
وەهار ڕەنگ سوور ئەرگوون نمانا
بولبولان نەغمەی زگاری وانا
عاشقان جە چەم هووناوان شانا
واراوە ڕێزەی خۆناو بەزەمین
پۆل نازداران جەلی دا جەمین
سێلاو هۆڕێزا شەتاوان ماڵا
وەفر نساران بەردەن وە باڵا
داران ڕەنگ سەوز پەیدا کەردەوە
ژەنگ سیاتار جە وەی بەردەوە
وەفراو هۆڕێزا شەتاوان جۆشا
عەرصەی سەر زەمین بەرگ سەوز پۆشا
شاخەی شەتاوان صەدای ساز طەرز
خەمان کەرد جیا دەماخان کەرد بەرز
سنگرچەی گوڵان جە نەو پەیدا بی
عاشقان بێ هۆش بەتەر شەیدا بی
ئەووەڵ وەنەوشە جە خاک هۆردا سەر
بۆی عەنبەر مدا چون زوڵف یاوەر

(!) ئەم پارچەیش لەگەڵ شیعرەکانی (خەستە)دا نووسراوە و ناوی کەسیش لە دوابەیتیدا نییە.

بەڕەزا پەخشەن وەسەر ئەندەردا
ئاوێزان بییەن وە ڕووی کەمەردا
نەورۆز گوڵ گرپاش تاشەی سەراوان
بەرز بان وە پای ڕێزەی وەفاوان[(١)]

-١٤-

(ت/١١٦)

دەبێ ساقی لە بۆم بێنە شەرابە
نەماوە تاقەتم، حاڵم خەرابە
ئەما تۆ بی خودا ئەی شیشە دەم
پیاڵەی وان دوو چاوی نیمەخوابە
پەیاپەی پڕ کە ڕۆح و دڵ فیدات بە
کزەی جەرگم دەبیسێ هەر وەک کەبابە
موغەننی من بەسەرگەردی سەرت بم
دەبا بێ دەنگی دەف، ناڵەی ڕەبابە
بەقەولی شێخ و زاهید گوێ مەدە تۆ
لە دیوانی خودادا بێ حیسابە
هەتاکو من خەلاصیم بێ و... غەم
نەبی دڵ هەمدەم ڕەنجی عیتابە(!)
کە دنیای بێ وەفا پێنج و دوو ڕۆژە
دەمێ شادی و صەفا، ساتێ عەذابە
بەقوربانی نیگات بێ (خەستە) ساقی
دەبێنە مەی بەتەعجیل و شتابە[(٢)]

---

(١) ئەم پارچەیش لە (تالانی) وەرگیراوە، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی تەواو ببێ پەڕەیەک لە ناوەڕاستی دەستخەتەکەدا دڕێنراوە. وا پێ دەچێ خەستە بەم پارچە شیعرە - لەسەر ڕێبازی شاعیرانی دیکە - (بەهارییە)ی نووسیبێ و ویستبێتی دیمەنی ڕەنگاوڕەنگی کوردستان لە تابلۆیەکی ڕەنگینی شیعری تەڕو سواری شێوەی گۆرانیدا بنوینێ، بەڵام دووبارە داخ!.

(٢) ئەم پارچەیش لە (تالانی) وەرگیراوە.



## حەسەن

یا شا سپەردم.....[(١)]
یا شا ئیمانم وە تۆ سپەردم
ئامام باستانەت بە ڕەنگ زەردم
تۆبەی نەصووحی جە دەرگات کەردم
بکەری قەبووڵ تۆبەی نەصووحیم
ببەخش گونام (یارب الرحیم)
ئەووەڵ: گیانکەنەشت وەنەم ئاسان کەی
دووەم: دەرەجەم چەنێو خاصان کەی
سییەم: منییان من وە قەبر تەنگ
مازە بگوشارۆ قەبرم سیاسەنگ
چارەم: کەرەم کەی گۆڕم نەوشارۆ
قەطرەی جە ڕەحمەت وە قەبرم وارۆ
پەنجەم: تەڵقینم بووزی نە ویر
پێش بدووم جەواب مونکەر و نەکیر
شەشەم: کە ئەو ڕۆ مخێزۆ مەحشەر
بابۆ جە فەرزەند نەدارۆ خەبەر
هەفتەم: منییان ترازووی ڕاستان
تا تا مکێشا داستان بە داستان
هەشتەم: کە ئەو ڕۆ (حسابا یسیر)
(لا صبرا لە) پەی بەندەی فەقیر
حیساب ئاسان کەی پاشای بێ نەظیر
ببەخشی گونام صەغیر و کەبیر

---

(١) ئەم پارچە لە (٨٢٨١د.ع)دا ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، کە گەڕامەوە بۆ لای کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی خۆم دەبینم لە بەرگی دووەم ل: ١٠١دا شەش بەیتم لێ بڵاوکردوەتەوە، چونکە لێرەدا تەواوە، وا جارێکی دیکە ئەو شەش بەیتەی ئەوێ و تەواوکەرەکەی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.

نۆهەم: بسپاری من وە جوبرەئیل
جە پرد صیراط ببۆم بەدەلیل
ببۆ بەدەلیل بگیرۆ دەستم
مەبادا دۆزەخ بکەرۆ قەصتم
دەهەم: عەطاکەی جەننات فیردەوس
کەرەمدار تۆنی میثلت نییەن کەس
بوەزیم نە طەوق خواجەی کایینات
بدەری پەنەم (حور مقصورات)
بوەزیم نەبورج (أعلی علیین)
چەنی حۆرییان کەریم هامنشین
وەصف ڕەحمەتت هیچ کەس نە تاوان
سەیل کەرەمت وە گشت کەس یاوان
بە(لا تقنطوا) مکەرووم شادیی
یانەی کەریمی بەندەی (مورادیی)
فریادم یاوی ڕۆی حەشر و مەحشەر
ببەخشیم بەعەشق نوور پێغەمبەر
گەر بەلوطف وێت ببەخشی (حەسەن)
حەسەنات مبۆ حەسەن هەی (حەسەن).



## صابیری[1]

(ڵ/١٨٨)

-١-

عەزیزم! نووری چاوم! بێ وەفا بووی
ئەتۆ؟ یا هەر لە بەختی ئێمە وا بووی؟
لە بەرچی وا لە من بێگانە بووی تۆ؟
نەوەک ئاخر دوو ڕۆژم ئاشنا بووی!
ئەگەر لێم عاجزی حاضر سەر و تێغ
چ پەرواتە کە تۆ خۆت پادشا بووی!
ڕەقیبان بۆچی زوڵمی وا بکەن لێم
بۆ ئیقلیمێ کە خۆت فەرمانڕەوا بووی؟
بەدەردی عیشق (صابیرا!) چەند دەناڵی؟
لە سایەی عیشقەوە ئەنگوشتنما بووی

-٢-

(ڵ/١٨٩)

ساقی! وەرە بۆ خاطری ئەو دینە لە سەری هەی
هەر جورعە لەبالەب کە لە بۆم بێنە پەیاپەی
خاطر تەڕو، ساغیر پڕ و، مەعشووقە بەرابەر
لەم دەردی سەر و میحنەت و غەمخوارییە تا کەی؟
ئەسبابی موهەییایە هەموو مەستن و سەرخۆش
سا فرصەتە دەربارەم ئەگەر مەرحەمەتێ کەی
لەم بەزمە کە ماتن لە صەدای (روود) و (سەرو) و (نەی)
صەد (خوسرەو) و صەد (هورمز) و شاهەنشەهەکەی (کەی)

(١) دوو پارچەی دیکەم لە شیعری (صابیریی) لە تەک نووسینێکی کورتدا لەسەر شاعیر لە بەرگی دووەمی (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد...)دا بڵاوکردەوە. (سەرچاوەی ناوبراو، ل: ٣٣٧).

سەرگەشتە لەبەر دەنگی دەف و ناڵەیی طەنبوور
(ئەسکەندەر)و (دارا) و لەگەڵ (حاتەم)ەکەی طەی
بەهەر سێ(!) هەتا حەشرە دەناڵێ کە لە حەسرەت
لەم بەزم و ئاوەز دەف و چەنگ و چەقانەی
حەیرانن و دڵدادە فەرید... نەشەو جەمشید(!)
مەشغوڵی سەماعن لە صەدایی زیل و بەم و نەی
خو خاصە لە ئەم بەزمە نیشانەی کە لە هەر یەک(!)
ئاشووبی زەمان، فیتنەیی ئافاق خودا وەی
بەو دولبەریی و عیشوەگەریی هەر یەکە ئیمڕۆ
مەحبووبەی ئەحبابن و مەطبووعی طەباعەی
ساقیی بەخودا حەیفە عەبەث ئێمە لە لای خۆت
لەب تەشنەو و سەرگەشتەوو مەئیووس لەدەرگا کەی
لەو بادە ئەگەر بێت و کەرەم کەی وەکو (صابیر)
بێ هۆشیی و خەمووشی... لە غەمی عوقبا(!)

-٣-

(ڵ/١٩٠)

داد لە دەست دەوران بکەم، یا خۆ لەبەر ئیقبالّی بەد؟
یا لە تاو عیشقی جەوانان، یا لەبەر بوغض و حەسەد؟
ئەم ئەگەر داوێنی گرتووم، ئەو یەخەی هێناوم دەست(!)
ئەم ئەگەر خستوومی ئەو گرتوومیە بەر باو لەگەد
ئەم ئەگەر خوێنم دەخوا، ئەو ئیستیخوانمی پارە کرد
ئەم ئەگەر ڕۆحم دەکێشێ، ئەو دەسووتێنێ حەسەد
دەورەیان داوم لە چوار لا زەحمەتە ڕۆح دەربەرم
دەستگیرم ئەر نەکاتن (قل هو الله أحد)
عەرصەگام پێ تەنگە، خەیلێ تەڵخە ئەوقاتم خودا
ڕێی خەلاصیم پێنیشاندە بەشقی (الله الصمد)



لەشکری غەم چوارطەرەف قەلعە نیشانی گرتە ناو
(لم یلد) فریادرەس بار (ولم یولد) مەدەد
(صابیری) بەدحالە ئاخر شوهرەی ڕسوا دەبێ
چارەیێ یا (لم یکن) لە حاجەتی (کفوا أحد)

(ڵ/١٩١)

-٤-

ئەو دلبەرە بەم طەرحە ئەگەر دڵ دەڕفێنێ
باوەڕ مەکە یەک ذەڕە لە لای کەسێ کە بمێنی
چۆن دڵ نەدەم، ئەی زاهیدی سەرشێت! کە هەردەم
ئەو شۆخە بەصەد عیشوە بەمن خۆی دەنوێنێ
ئەو جیلوەکونان [نەپیشە ئومیدان!] لە مەدحت
(الله) چ کەرە هەر چە بێ هۆش خۆی کە بمێنێ
بەو شێخە بڵێن بەسیە حەیای بێتن ئەو ئاخر
کافر نییە، بۆ چ هێندە دڵی من دەشکێنێ
ئەو چاوە تەماشاکە چ مەستە کە...
هەرگیز کەسی هوشیاری نەهێشت نەیغەڵەطێنێ
بۆ چ مەنعە کە من خوێنی دڵم بێتە ئەناو چاو
مەعلوومە کە شیشە بشکێ مەی دەڕژێنێ
حاجەت چییە شمشێر لە بۆ کوشتنی (صابیر)
یەک غەمزەی ئەبرۆتی کەفافە کە بمێنێ

-٥-

(ڵ/١٩١)

دۆستان تۆ خودا لە من جارێ بەرەحمەت لاوەکەن
بێن تەماشای ئاهو ناڵەی ئەم جگەرسووتاوە کەن
یا بەزەهرێ، یا بەقەهرێ، یا بەوەصڵێ، یا بەمەهرێ
یا دەوایێ، یا دوعایێ، دەردی شێتیم چارە کەن

یا کـەمـەندێ، یا بەبەندێ، یا بەخـەنجـەر، یا بەتێغ
یا بەگـرتن، یا بەکـوشتن چاری ئەم بەدناوە کـەن
کـافـر ئەر نین شین و زاریم وەک دەبینن با بەدڵ(!)
تێ بکۆشـێن تا دڵی یارم لە دەرحـەق چارە کـەن
ئێـوە وا مـەنعم دەکـەن خـۆتان وەرن چاو هەڵبـڕن
یەک نیگاهی طەلعـەتی ئەو لاوە قـەد لاولاوە کـەن
من ضەعیفیی خۆ لە پێی خستوومە دوورکەوتوومەوە
دەستگیری کـەن لە ڕێی حـەقدا بەیارم شـاد وە کـەن
مـوشکی چین ئەمڕۆ لە شـوعلەی خاڵی ئەو لاف لێ دەدا
سەیری بێ شـەرمی و حـەیای ئەو ڕووڕەشی بەدناوە کـەن
(صابیر)ە ئوستادی سیرڕی عیشق، ڕەقیبیش پێی دەڵێ:
خۆش تەماشای ئەو کـەری ناو قـوڕی(معطل)ماوە کـەن![1]

......

(١) لێرەدا کەشکۆڵی گەلاڵە - کە ئەم پێنج پارچە شیعرەی صابیریشی لێ وەرگیراوە - تەواو دەبێت و لە کۆتاییدا ئەم قسە نووسراوە: «تمت الکتاب از دست ملا محمد رشید پسر ملا عبدالله گلالهء لاجل برادر عزیز مهربان و آرام دل و جان ملا محمد شریف، از تأریخ هزار و سیصد و نوزده از دهم شهر ربیع الاخر مبارکش باشد أمین بجاه سید المرسلین».



## خاوەن نەزانراو

(ت١٠١/)

خـالیـقی خـەلقی کـەریمە
(مـحی العظام الرمـیم)ە
صاحیبی عەرشی عەظیمە
مـوحـریقی ناری جەحیـمە
ئەو باقـیـیە ئەز فـانیـمـە
ئەو مەوجوودە خۆ ئەز نیمە
بەغـەیرەز ئاب و گڵ نیـمـە
شەیتانت کەردییە ڕەجیمە
بینغـوفـرێنی (یارحـیم)ە
داخـیلنکەی لە نەعـیـمـە
(آمین، آمین، آمین، آمین)

***

بەئەمـری پادشـای جـەلیل
ڕۆحان دەکێشێت عیزرائیل
قـەت نامـێنێ یار و خەلیل
لێکدەستێنێ داک و طوفەیل
نە شـاە نە مـیـر و نە وەزیر
نە میر نە جیندی نە وەکیل
نە سـاغـان دێڵێ نە عـەلیل
نە خان نە پادشاە نە موغیل
نە مـەلەک و نە عـیـزرائیل
دونیـای دەکـاتن ذەلیل
(الآن کـان کـمـا کـان)

***

واحید (الله) تۆی ناصیری
بێ خواب و خورد و بی فیکری
له غەم و غوصصان ڕابوری
تۆی (الله)ی کوللی دەهری
تۆ حاکمی کوللی عەصری
یا (الله) بەحورمەتی خضری
بەضایعن نەدەی عومری
بەفیسقی فاسقان نەکری
بەکەرەمین لێ ڕابری
(یا الله) هەر تۆی مودەبیری
بەرمەت شێخ عەبدولقادری
خەلاصین کەی له ئاگری
(آمین، آمین، آمین، آمین)

***

(مع الابوبکر و عمر)
(مع العثمان مع الحیدر)
دەگەڵ یاری دە پەیغەمەر
دەگەڵ (موصطەفا) سەوداسەر
دەگەڵ شێخی عیبادەت کەر
دەگەڵ شوهوودی غەزاکەر
داخیلن کەی له جەننەتی
(آمین، آمین، آمین، آمین)(١)

---

( ) ئەم پارچەیش له کەشکۆڵی (تالآنی) وەرگیراوە و، وەک پارچەی پێشوو (تەرجیع بەندە) و، دەبوو سەرهۆکانی (آمین، آمین، آمین، آمین) بوایە، بەڵام جارێک (الآن کان کما کان)ە و جارێک (آمین، آمین...)ە.

نزیک بەم پارچەیە له بەرگی یەکەمی (بووژاندنەوەی مێژووی...)دا پارچەیەک شیعرم بڵاوکردوەتەوە و جیاوازیی زۆر له نێوانیاندا هەیە و، لەم دوو دەقەوە دەردەکەوێت کە بوونی دوو نوسخە و زیاتر چ دەورێکیان دەبێت له لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دەقی ئەدەبی کوردییدا. (بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو ل: ١٨٦).



# سەیید وەیسی پاوەیی

-١-

ساقی جام مەی......
ساقی جەم یاد کەر پێم دەر جام مەی
منیچ مەزانوون جەم کەی بی؟ کەی، کەی؟!
پەی جەم یاران یا دنیام کەرد طەی
موطریب کەمانچێ کارخانەی شاران
با بەدەستت بۆ چون هەردەجاران
دائیم دەماغم نەغمە نەوازەن
دڵم جۆش مدۆ وە ئێش و سازەن
ساز و مەی نە دڵ واصیل بان بەهەم
تا خاطر شاد بۆ من جە دەست غەم
ساقی! ناشادیم بێحەد ویاران
پێم بدەر جامێ بەیاد یاران

-٢-

دیوان یاران......
ساقی بۆ بەعیشق دیوان یاران
بەشق پیاڵەی دیدە خوماران
ئێمەیچ بەیادکەر جارێ جە جاران
صەرعیی سوراحیی و جام و پیاڵەم
ئاڵەم بێ تاوەن جە تاو ناڵەم
دڵەی دەردینم بەکوڵ مدۆ جۆش
بەیەک جورعەی مەی باوەرەش بەهۆش
تا شاد بۆ بە بەزم پەنجە و پیاڵەت
پەی کۆریی بەدان، بدان بەناڵەت

نــــەۆ وە تـــانـــەی دیـــوان یـــاران
ئێـمـەیچ بەیادکـەر جـارێ جـە جـاران

-٣-

ســـــــاقـی مـــــــەی نـۆشم......
بەبەزمت قـــەســـەم منیچ مـــەینۆشم
پەی جـامێ جـامـەی مـەمات مـەپۆشم
پەی چێش مـوسافـیـر شار خـامـۆشم
دنـیــــا نـەدیـدەم پۆســـــە دیـارەن
حــــەولەوەلاشــــەن هەر نـەگـــوزارەن
هیچ نمەمــانۆ نـە مــەجلیس نـە مــەی
وەی پەی وێم یاران! پەی یارانم وەی!
سـاقی! سـەوگـەندم بەحـەق شـوناسـان
ئێدەن، تـۆیچ مشی بەڕاگەی ڕاسـتـان
منیچ هەم عـــازم شـــار خـــامــۆشم
جـــامێ کـــەرەم کـــەر بادا بنۆشم[١]

(١) ئەم سێ پارچە شیعرە لە سەرەتای دەستخەتی ژمارە (٢٢٩٧٣)ی کتێبخانەی (دار العراق للمخطوطات) وەرگیراون.
ئەم شیعرانە – وەک دیاریمان کردوە – لەسەر یەکەمیان نووسراوە سەید وەسیمی پاوەیی، لەسەر دووهەم نووسراوە (ولە) واتە هەر هی ئەوە، پارچەی سێهەم کە هەر بەدوای ئەماندا دێت هیچی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام شێوە و شێوازی هەمان شاعیرە.



## عەلی

-١-

تــوو خـــودا ئەمـــڕۆ بەهارە با بچین بۆ گـــوڵســـتـــان
تۆ لەگـەڵ من لەگـەڵ بولبـول ببین (با امـــتـحـــان)
دڵ ســـواری کـــەشـــتی تەن بوو لە بەحـــری خـــوێن
سـامـەگەر سـەر هەڵگرێ (ازدست) خـووبانی زەمـان
هەر کــە دیتم پەرچەم و ئەگـریجـە و زوڵفت گــوتم:
وای بەحــاڵی ئەو کــەسی بێـچـارە دووچارە بەوان!
مـن دەڵێم: عـــاشق منم (باللە) دەڵێ: تۆ نـا منم،
بەه بەه ئەم دەعوایە چ خۆش دەعوایە ئەی(ارم جان)
لۆمـەی واعـیظ مـەکـە گـەر ذەمی دەروێشـان بکە
هەر وەمـان دیوە (عـەلی) ناخـۆشە مـابەینی ئەوان[١]

## غەزەلی کوردی عەلی

-٢-

ئـەو ســـــــروشـکـی مـن کــــــــە دەیـێ هـەر وە...
تـۆ لـە پـێـش چـاوت عــــــــەزیـزم نـای وک...[١]
کـەس بەمن ناڵێ ئەتۆ بۆچ وا ضـەعـیف و ناخـۆشی
کەس لە کەس ئاگەی نییە ئەمڕۆکە ڕۆژی مەحشەرە
داخڵە بەو هەردوو صینفە[٢] دڵبەر هەر کەس دەڵێ:
خـاریجە لەم هەردوو صـینفی دڵبـەری من بەو سـەرە

(١) ئەم سێ پارچە شیعرە لە دەستخەتی (٣٠٦٧٥ د.ع) وەرگیراون، کە ساڵی (١٢٨١) نووسراوەتەوە و، لەسەر شیعرەکان نووسراوە عەلی و، لە یەکێک لە پارچەکانیشدا بەڕوونیی ناوی (عەلی عاشق) هاتووە، بەڵام نازانم شیعری ئەون یان ناو، لە دەستخەتەکەوە شتێکی دی وەرناگیرێت.
(١) کۆتایی بەیتی یەکەم دڕاوە.
(٢) نووسەرەوەکەی لەسەر هەندێ جێگە شتی نووسیوە، وەک لەم جێگەدا لەسەر (صینفە) نووسیویە (مذکر مؤنث) و لەسەر (کلە) نووسیویە (فیە لطافە) لەسەر وشەکانی (حاسیە) و (هەرزەگۆ)ش بەیاسای ئەوسا (راجیع و مەرجەعی) داناوە.

گوڵ بڵێ: وەک کوڵمی تۆمە پێی دەڵێم: لاچو (کلە)
گەر بڵێ وەک قامەتی تۆمە طەویلە عەرعەرە
گەر بڵێ حاسیە: (عەلی عاشق) بەدیدارت نییە
پێی مەکە باوەڕ عەزیزم! هەرزەگۆیە ئەم کەرە

-٣-[١]

خیالم بیتو هرگز نیست خالی
لانی عاشق فارحم بحالی
لە زڵفی تەلغرافی یارەکەی خۆم
اقول: اعرض فیها مقالی
امان یوزیر کل بدخو رقیبە
حبیبي لا تکسَّر انت بالي
بەپیش چشم یارم این نەخالست
فباذ العین قد اصتاد بالی
گوتم: یارە وەرە یەک بۆسە بمدەیێ!
فقالت: یا (علی) هذا محال!

(١) ئەم پارچەم -بەزۆریی- وەک خۆی ڕوونووس کرد، چونکە هەمە چیزەیە و بەچەند زمانە.



## شیرین زوڵف لوول......

فیدای زوڵفت بام گا کرژەن گا لوول
گا چون سیامار پەشێوەن مەلوول
گا وێنەی لاولاو مپێچۆ بەطوول
گا گا پەخش مبۆ بە دەور جەمین
گا گا لوول وەرۆن چین وە بان چین
گا گا چەموەرۆ چون چەمەرەی چین
گاهێ پەی جەمین بیەن وە پەرژین
گا تاتان جە تاو سەرگەشتەی شەماڵ
گا خەفتە و ساکن نە دەوران خال
چێش مبۆ - دیدەم! - تایێ جەو زوڵفە
جەو زوڵف بۆوەش لوول سەر کڵفە
شای شیرین پەیکەر جەمین جام صاف
چێش مبۆ - دیدەم - تایێ جەو کلاڵف
بدەی بەدەستم هەی بەرگوزیدەم
چون طەوافچیان ماڵوو جە دیدەم؟![١]

(١) ئەم پارچە شیعرەم لە دەستخەتێک وەرگرت کە ساڵی ١٢٩٨ بەدەستی سلێمانی کوڕی عەزیزی قەرەداغیی نووسراوەتەوە، بەڵام شیعرەکان هیچیان لەسەر نەنووسراوە.(د.ع.١٨٢٠/).

## میرزا عەبدولقادری پاویی

......

یا پیــــر کـــاملْ، یا پیــــر کـــاملْ
یا پیــــر پیـــران، یا پیــــر کـــاملْ
یا دەوای شـــــافـــــیی ئێش نێش دڵ
یا گـوشـایندەی عـوقـدەی هەر مـوشکڵ
یا دەسگیــر دەس دەســتـەپاچان گـشت
یا پەناو پشت فـیــرقــەی زێبـاو زشت
یا قــەندیل نوور جــە پا تا وە فــەرق
یا شوعلەی شەریف شەوق شەمس شەرق
یا سەر حەلقـەی فـەرد سەر خەتمان پاک
یا ئاگـاه جـە مـاڵ مـەحبـووسـان خـاک
یا پاکـتـر جە گـشت گرۆی بێ عـەیبـان
یا ڕەفـــیق ڕای (رجـــال الغـــیب) ان
یا بـارەگـای بەرز شـای (ضـیـاءالدین)
یا ڕۆشنیی ڕەنگ سـەمـاو سـەرزەمین
یا قــوطب مــەدار جـەرگــەی ئەتقـیــا
یا قــوطب ئیــرشــاد (صــدر الاولیــا)
یا پیــر سـەربەرز ڕووی دیوان حـەشـر
هانا هەر وە تۆن هانا یا عـــومــــەر

***

یا حوکوومەت بەخش وە زومرەی شاهان
یا مـەعـزوولنمـای گـرۆی جـەمـجـاهان
یا خـێـر خـوای عـالـەم حـاڵزان حـاڵان
یا داننـدەی تـۆی پـەردەی خــــەیاڵان
یا عــالیی هیــمــمــەت عــەطا نمایان
یا قــاپیی بڵند کــەرەم بێ ســامــان



یا نـەزدیـک ذات پادشـــــای وەهاب
یا ڕەجـا قـەبووڵ، دۆعـا مـوسـتـەجـاب
یا سـەرمـایەی ذەوق هەر بوود و نابوود
یا فـەنای وەحـدەت (واجب الوجـود)
یا سـتـوون صـاف دین پێغـەمـبـەر
هانا هەر وە تۆن هانا یا عـــومـــەر!

***

یا قــیـبلەم یەقین شـەرط و شـۆن داران
یا ســولطان دین طاعـــەت گـــوزاران
یا مــوتەصــەڕیف شـار گـشت دڵان
یا مەشغـووڵ وە یاد جەرگـەی غـافڵان
یا صاحیب کەمەند سەرکەشان وە کێش
یا ئاهین ڕوبای شـاو گــەداو دەروێش
یا فــەرمــان فــەرمـای بوزورگـەواران
یا ســوپا ســالار ســوپای دینداران
یا کـیـمـیـاگـەر خـاک وە یەک نەظەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عـــومـــەر!

***

یا جـای غـەریبـان تورک و هیندو چین
یا صـەلاحـەتخـوای (بین المسلمین)
یا مەئذوون خـاص جە کـارخـانەی حەق
یا ڕادد ئافـەت قـەضـای مـوعـەللەق
یا سامیع جە صەوت ذیکر ئەشجاران
یا وەحشیپـەروەر نە سـای مـەغـاران
یا مـــــورەتـەبان وە ڕوتبـــــە یاوان
یا جـەرگ ناپاک حـاســیـدان تاوان

یا دەست قودرەت پادشای ئەکبەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر

***

طەیر طەیارەی کێوان هەفتەم
فریشتەی شەریف پای عەرش ئەعظەم
شارەزای ئەوضاع مەکان لاهووت
ئاشنای ئەحباب جەرگەی مەلەکووت
شاباز شەشدانگ ڕووی ئەوج هەوا
میهمان مەنزڵ (صدر الانتها)
تەماشای ئەسرار خەط لەوح کەردە
ڕا وە پای ئەعلا عیللیین بەردە
با خەبەر جە گشت قەضاوقەدەر
هانا هەر وە تۆن هانا یا عومەر!

***

سا کەسێ چون تۆ خودا یارش بۆ
محەمەد دایم نیگەهدارش بۆ
صەدیق ئەکبەر ڕەهنومای ڕاش بۆ
جەناب عوثمان پشت و پەناش بۆ
ئەتباعش تەمام گشت هەر وەلی بۆ
سەرکردەی ئەفواج سوپاش عەلی بۆ
نە عالەم جۆیای قەطع نەظەر بۆ
بەخودا کەس نیەن هەر شاعومەر بۆ
صەد شاهید جە خاک باوەروون وە بەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***

ئەمیر نیظام شیراز تا وە شام
(شیخ المشایخ) دائیرەی ئیسلام



(عالم العلوم) جە مەه تا ماهی
(مجمع البحرین) فەیضی ئیلاهی
شاسوار غەیب دایم وێنەی بەرق
گا جە[وشن!] غەرب، گا جە سەرکۆی شەرق
هەوای نەفس چن نەفس ئەممارە
دوشمن فەنادەر وە یەک ئیشارە
دنیا چون کەشتیی تۆ وێت هەم لەنگەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***

ئاخر هەر عومەر فەرمان دا وە نیل
عومەر بی ئیبلیس بەو طەور کرد زەلیل
عومەر بوجەهلش هەوادا بە قار
شار داراش کەرد تەمام یەختەسار
عومەر بی زەیدش وە ئەسیر ئاوەرد
ئەبوسوفیانش شکستەباڵ کەرد
عومەر مەدینەش وە زۆر کرد ئاوا
ئاوازەی عەدلش وە گەردوون یاوا
عومەر مەحکەم کرد پشت پێغەمبەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر

***

عومر بێ عومەر بەطاڵەن یاران
ئەو عومرەن جە لای عومەر ویاران
بێ عومەر عومرت فانیی بزانە
عومر بێ عومەر عومرش مەوانە
بێ عومەر عومرت بۆ وە باد مەدەر
فایدەش نییەن عومر بێ عومەر
شۆ وە لای عومەر وە پشت پەردە
تازەکەرە عومر عەبەس ویەردە

بەڵکە بنوازۆت وە یەک نیم نەظەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***

فیدات بام یا شێخ نادیرەی نامیی
واریث فەضل قوطب بەسطامیی
موددەی عومر وێت هەرچیت فەرماوان
فەرموودەت یەک- یەک وە ئەنجام یاوان
نوور خودایی وە لای تۆ وەشتەن
چەنی صەحابان ماوات بەهەشتەن
ئوستاد ناصیح قوطب زەمانە
پیر بێ نەظیر ئەصڵ کارخانە
موخبیر جە ئەحواڵ نەه طاق ئەخضەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***

تو حو نرانان صۆفیان صاف(!)
تەئثیر خەیرت یاوان وە کۆی قاف
ساکۆن یەکسەر شاهیدەن صەف صەف؟
دەست کێشای پەی شار جامیعەی نەجەف
خان موکریت کرد خەبەردار جە خەو
ضەرب سەنگین دای وە پشت پای ئەو
سەراسیمەوار وە دڵزەبوونیی
خەیلێ تەواسا نەزاناش تۆنی
چەند خەیالاتش وە دەروون ئاوەرد
تا فەریضەی فەرض جومعەش ئەدا کەرد
جەو دما تۆ وێت وە ئەو دای خەبەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***



تێغ جەوهەرت وەستەن نە کەساس
مەفرەقت کەردەن وە دانە ئەڵماس
سەنگت کەرد وە لاڵ لاڵت کەرد وە خاک
ئاهین وە گەوهەر، خاک وە تەڵای پاک
عولەمای فاضیل وە بێ مودارا
کەردت وە عەوام چۆپان سارا
گشت بێ زبانی کەم فام خۆش بەخت
ساتێ مکەریش وە ئەولیای وەخت
عالەمت وستەن گشت نەدەردی سەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***

هەر بێ زبانێ وە زبان وێش
مکەری تەقریر گفتوگۆ چەنێش
وەحش و طویوورات هەر جومعە جارێ
میان بەزیارەت گشت وە بیارێ
دیدار پاکت بوینان وە چەم
تاکە نەکێشان ماجەرای ستەم
وەحشیانت گشت کردن مونەوەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر

***

مەعلوومەن هەر کەس وە قاپیت یاوان
یانەی دەروونش جە فەیضت ئاوان
چون جە بۆی فەیضت زەڕەی یاوان پێش
حەیرانن دایم وێش وە حاڵ وێش
سا بەشارەت بۆ وە گشت عاقڵان
نەشئەی فەیض تۆن جەلای فاضڵان
بۆی فەیضت مدۆ سارا و دەشت و دەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

ئەی بەندەی بەدبەخت دوور جە عەقڵ و فام
بار خەمان کێش، لێوەی خەیاڵ خام
چون بێ مەعریفەت تەمام ناخاصم
جەی وەرتەر نەبی زەڕەی ئیخلاصم
من تا...... صەد فەرسەخ دوور بیم
ئەر واچی بنگر هەم بێ شوعوور بیم
شوکور (شکرالله) میرزای خۆش تەحریر
تۆش کەرد وە صەییاد من پێکای وە تیر
بۆ وە بزورگیی دەردم دەوا کەر
هانا هەر وە تۆن، هانا یا عومەر!

***

ئەوەند مەناقیب فەضل تۆش وانا
خاصتەر جە ئەوصاف بەهلوول دانا
چون دەلیل خەیر ڕانوێنیم کەرد
تا نامەعقوولی وەرینم ویەرد
وێش خۆ جە عیشقت هەر سەرگەردانەن
دایم چون مەجنوون وێڵ هەردانەن
(قادر) تار نەزەن هەنی بەندەی تۆن
عەبد حەلقەگۆش وەزەڕسەندەی تۆن
جە بۆی فەیض وێت مەحروومم مەکەر
هانا هەر وە تۆن هانا یا عومەر![1]

***

(١) ئەم پارچە شیعرە -یا باشتر بڵێین ئەم تەرجیع بەندە-م بەم شێوە لە بەشێکی دەستخەتێکی کۆندا دەستکەوت، کە لە لایەنی دۆستێکەوە بۆم هاتووە، بەڵام نازانم کەی نووسراوەتەوە، یا کێ نووسیویەتیەوە، ئەوەی کە لە شیعرەکانەوە دەردەکەوێ ئەوەیە میرزا قادر بۆ شێخ عومەری بیارە و بیاهەڵدانی ئەوی نووسیوە. دەبێ ئەوەندە نەبوێرم کە پێشتر لە ژمارە ٢٧٤ی ڕۆژی ٤/١١/١٩٧٥ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا پارچەیەک شیعری (میرزا قادری پاوەیی)م بڵاوکردەوە، هەروەها چەند پارچەی دیش.



## با ڕێز لە زاراوەکانی (لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاریی) بگرین!!

ئەم بەرگەی ئەم کەشکۆڵە لەژێر چاپدا بوو، دوا پرۆڤەیان دایەوە پێم بۆ ئەوەی بۆ دواجار چاوێکی پێدا بگێڕمەوە، لەو دەمەدا دەزگای ئاراس کۆمەڵێک کتێبی چاپکرد. یەکێکیان کتێبی (گوڵزاری هەورامان)ی مامۆستا محەمەدئەمین هەورامانیی بوو.

چاوێکم بەناونیشان و ناوەرۆکی ئەو چاپکراوانەدا گێڕا، پتر لە هەموویان لە عاستی کتێبەکەی مامۆستا هەورامانیدا وەستام، چونکە بابەتەکانی لەوانەن لە بواری کارمدا جێگەی تایبەتییان هەیە و، وام چاوەڕوان دەکرد مامۆستا هەورامانیی بەگوێرەی ناونیشانی کتێبەکەی لەم کارەیدا شتی نوێ و، بابەتی نەوازە و، کاری کەس پێش ئەو پەی پێنەبردووی لە دووتوێی کتێبە نوێکەیدا هێنابێتە گۆڕێ. بەڵام دوای چاوپێداخشاندنەکەم کۆمەڵێ سەرنجم لەسەر کتێبەکەی مامۆستای هەورامانیی بۆ دروست بوو، هیوادارم مامۆستای هەورامانیی سەرنجەکانم بەدڵێکی فراوانەوە لێ وەربگرێت و، بەو چاوە بۆیان بڕوانێ کە لە دڵسۆزیم بۆ ئەدەب و کەلەپووری کوردییەوە هەڵقوڵابن.

لەوانەیە خوێنەری ئازیز بڵێت: تۆ کەشکۆڵ دەنووسیتەوە، یان ڕەخنە لە کتێب دەگریت؟!

بەڵێ ڕاستە من کەشکۆڵ دەنووسمەوە، بەڵام لێرەدا باس باسی (میرزا عەبدولقادری پاوەیی)یە و، مامۆستای هەورامانیی بەشێکی زۆری لە دوو بەرگەکەی کتێبەکەی بۆ بەرهەمی میرزا عەبدولقادری پاوەیی تەرخان کردووە و، منیش پێش ئەم جارەیش لە خزمەت ئەم مامۆستا و بەرهەمەکانیدا ژیاوم و، دەمەتەقێیشم لەسەر بەرهەمەکانی ئەم مامۆستا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەتەک مامۆستای هەورامانیدا کردووە.[1]

ئێرە جێگەی ئەوە نییە بەدرێژیی سەرنج لەسەر هەموو بابەتەکانی کتێبەکە دەرببڕم،

(١) بڕوانە میرزا ئۆلقادر هەڵسەنگاندنێک، (العراق) ژمارە: ٢٦٧٦-١٩٨٤. ئەم وتارەم بەدڵسۆزییەوە نووسی و، کۆمەڵێک سەرنجیی ورد و دروستم نووسیی. بەڵام مامۆستا هەورامانیی سەرنجەکانی پێ قووت نەچوو زۆر پێی قەڵس بوو و، یەک دوو جار وەڵامی دامەوە و هەوڵی دا خۆی لە هەڵەکانی ببوێرێ، بەڵام جگە لە سەرپێچیکردن لە ڕاستیی شتێکی دیکە نەبوو، تا دواجار خوالێخۆشبوو مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانیی هات بەهانامەوە و دەنگی خستە پاڵ دەنگم و لە ژمارە ٨٢٣ی ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٢٧دا وتارێکی بەپێزی لەسەر ئەم باسە نووسی.

بەڵام دەگونجێ هەندێ خاڵی سەرەکیی ڕوون بکەمەوە و، دەستی خوێنەر بگرم بۆ ئەوەی زیاتر لەم کارە بکۆڵێتەوە.

یەکەم: زاراوەی لێکۆڵینەوە زاراوەیەکی زانیاریی و زانستیی بابەتی خۆیەتی و، کۆمەڵێک مەرجی هەیە بەبێ پەیڕەویکردنیان لە هەر کارێکدا بەکار ببرێت ئەو کارە دروست نابێت و، ئاکام و ئەنجامەکانی پووچەڵ و نابەکام دەبن.

یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە لێکۆڵەرەوە هەر دەقێک دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە سەرچاوەی دەقەکەی دیاریی بکات و، بەوردیی باسی لەگەڵێ ڕووەوە بکات و، لایەنەکانی چاکیی و خراپیی بخاتە ڕوو. تا خوێنەر گومانی لە کارەکەی لێکۆڵەرەوەدا نەبێت یان کەم بێت، یان ئەگەر گومانێکی بوو بتوانێ بێ ئەرک و ماندووبوونی گەڕان دەستی بگاتە سەرچاوەکە و گومانەکەی نەهێڵێ.

یەکێکی دی لە مەرجەکانی لێکۆڵینەوە ئەمانەتە: واتە دەبێ لێکۆڵەرەوە زۆر دەستپاک و وردبین و لەسەرخۆ بێت و، هەر دەق و باسێکی وەرگرت وەک خۆی وەری بگرێت و لەخۆیەوە کەم و زیادی تێدا نەکات و، هەر کارێکی کرد بەڕوونیی خوێنەری لە پەراوێزەوە و لە دەرەوەی دەقەکەدا لێ ئاگادار بکات.

بەکورتی لێکۆڵینەوە کارکردنە لە بەرهەمی خەڵکانی دیدا و لێکۆڵەرەوە جوانکاریی تێدا دەکات و بەشی خۆی تێدەخات، تەنانەت هەندێ کەس دەڵێن: لێکۆڵینەوە وەک ئەوە وایە نان و خۆراکی خۆت بەریت لەسەر سفرە و خوانی خەڵک بیخۆیت و دەرخواردی کەسانی دیکەی بدەیت.

جا ئەو کەسەی خۆراکی خۆی دەبات بۆ سەر سفرەی کەسانی دیکە دەبێ دەستە بارەیەکی پێ بێت جوان و نەوازە و نایاب بێت و، تام و بۆن و چێژی تایبەتی خۆی هەبێت و، بتوانێ وەها سفرەکەی پێ برازێنێتەوە نەوس و کامی دانیشتووانی سەر سفرەکەی لە خۆراکەکانی دیکەی سەر سفرەکە زیاتر بۆ ڕابکێشێت.

کە لە عاستی ئەم یەک دوو خاڵەوە سەنجی کارەکەی مامۆستا هەورامانیی دەدەین دەبینین –بەداخەوە– سەرکەوتوو نییە و، نەیتوانیوە وەک پێویست لەسەر ئەو ڕێبازەی بۆ خۆی داناوە و، لەژێر ڕۆشنایی ئەو زاراوانەدا کە بەنووسینیان لەسەر بەرگی یەکەمی کتێبەکە نووسیونی خۆی پابەندی پەیڕەوکردنیان کردووە... وەک دەبوو بکرێ و کارەکەی ئەنجام بدات، ئەنجامی نەداون.



لێرەدا بۆ ئەوەی نووسینەکەمان هەر قسەی ڕووت نەبێت و، خوێنەر وا نەزانێ دەمانەوێ – خوانەخواستە – تۆمەتی ناڕەوا بدەینە پاڵ مامۆستای هەورامانیی، بەیەک دوو نموونە ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە مامۆستای هەورامانیی یان خۆی ماندوو نەکردووە و سەرچاوە دۆزیی و پشکنینی نەکردووە، یان ئەمانەتی پشتگوێ خستووە، هەر کامێکیشیان ببێ نەبوونی ئەمانەت لە کارەکەیدا لەکەیەکی گەورەیە و هەڵەیەکی چاوپۆشیی لێ نەکراوە.

نموونەی یەکەم: لەلاپەڕە **٢٣٢**ی بەرگی یەکەمدا دەڵێ: «هەندێ بەرهەمی بڵاونەکراوەی مێرزا ئۆلقادری پاوەیی» دوابەدوای ئەمە نامەیەکی مێرزا ئۆلقادری نووسیوە، کە گوایە تا ئێستە بڵاونەکراوەتەوە و ئەمە سەرەتاکەیەتی:

عەلەیکە السلام، فریشتەی ئەنوەر

ڕەشتەی لیقای سەنع، حەیی تەوانگەر

بەڵام وانییە و من ئەو شیعرانەم لە ساڵی **١٩٧٥** لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکردووەتەوە.(٢)

دووەم: حیکایەتی شێخی صەنعان کە لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا چاپی کردووە.

مامۆستا هەورامانیی وای پیشان نەداوە ئەم دەقە پێش ئەو بڵاوکرابێتەوە و، لە هیچ سەرچاوەیەک نەدواوە باسی ئەم حیکایەتەی کردبێت. بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی پێبزانم یەکەم جار من ساڵی **١٩٧٨** لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاومکردەوە.(٣) جاری دووەمیش لەو سەردەمەدا کتێبەکەی مامۆستا هەورامانیی چاپکرابوو و خۆیشی لە دەزگای ئاراس سەرگەرمی هەڵەگیریی چاپەکەی بوو لە بەرگی پێنجەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا هەمان حیکایەتم لەبەر دەقێکی دیکەی کۆندا چاپ و بڵاوکردەوە و،(٤) لێرەدا دەڵێم: بڕوا ناکرێ مامۆستای هەورمانیی خۆی هاتوچۆی دەزگای ئاراسی کردبێت و کەشکۆڵەکەی منیش لەوێ چاپ بووبێت و ئەو نوسخەی ئەو کەشکۆڵەی دەستنەکەوتبێت! بەڵام بۆ باسی نەکردووە؟ ئەمەیان دەبێ خۆی وەڵاممان بداتەوە!!

---

(٢) بڕوانە: لە گەنجینەی کەلەپووری نەتەواییمان، پارچە شیعرێکی میرزا قادری پاوەیی، محەمەد عەلی قەرەداغی،. هاوکاری ژمارە ٢٧٤ ٤/١١/١٩٧٥. هەمان پارچە شیعر بەهەڵە لە ژمارە ٢٨٣ی ٥-١٢/٩/١٩٧٥دا جارێکی دی بڵاوکرایەوە. هەروەها بڕوانە: ژمارە ٢٧٧ی ٢٥/٧ - ١/٨/١٩٧٥، هەروەها بڕوانە: ژمارە ١١٧ی گۆڤاری بەیان، ساڵی ١٩٨٦.

(٣) بڕوانە: گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، حیکایەتی شێخی صەنعان، محەمەد عەلی قەرەداغی، ژمارە ٦٧، ١٩٧٨.

(٤) ئەم بەرگە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا لە دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوکرایەوە.

نموونەی سێیەم: (روضة الصفا) کە لە لاپەڕە ٢٤٦ی بەرگی یەکەمەوە تا کۆتایی ئەو بەرگەی کە تا لاپەڕە ٦٧٧ی گرتووەتەوە، وا پیشان نەدراوە کە کەس پێش ئەو باسی کردبێت،[٥] بەڵام ئەمیش وا نییە و، پێشتر بیستبووم کە ئەم کتێبە چاپکراوە، لەم ڕۆژانەدا[٦] مامۆستا (یەحیای مەظهەریی) مامۆستای دانشگا لە شاری سنە، سەردانی سلێمانیی کرد و منیشی بەسەرکردەوە و، لە دانیشتندا کتێبەکەی مامۆستای هەورامانیی بینی، کە سەرنجی ناوەرۆکەکەی دا فەرمووی: ئەم (روضة الصفا) سێ جار چاپکراوە و، من هەر سێ چاپەکەیم هەیە.

وا بزانم ئەمانە بەسن بۆ نموونەی نەبوونی ئەمانەت و، گوێنەدان بەسەرچاوە و ڕەنجی کەسانی دی و، بەتاڵانبردنی کۆششی ئەوانەی گەلێ پێش ئەو ئەو ڕێگەیان بەشەوەزەنگیی کوتاوە!

یەکێکی دی لە مەرجەکانی لێکۆڵینەوە ئەوەیە لێکۆڵەرەوە توانای بەسەر ئەو دەقەدا بشکێت لێکۆڵینەوەی تیادا دەکات و، شارەزای زاراوە و شێواز و زمان و لەهجەگەلێک بێت لەو دەقەدا بەکاربراون، هەروەها شارەزای ڕێنووس و هێماکانی دەقەکە بێت، تا لە هێنانەوە سەر ڕێنووسی دەقەکەدا دووچاری هەڵە نەبێت... وا دیارە مامۆستا هەورامانیی لەم مەرجەیشدا دەستکورت و بێدەسەڵاتە، چونکە -هەرچەند وێنەی زۆری دەقەکانمان لەدەستدا نییە- لە بەراوردکردنی ئەو چەند شوێنەدا مامۆستای هەورامانیی هێناونیەوە سەر ڕێنووسی کوردی و وێنەی لێ بڵاوکردوونەتەوە، ئەم دەستکورتییە خۆی هاوار دەکات!

بۆ نموونە: مامۆستا هەورامانیی لە لاپەڕە ١٣٨دا وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە و، لە لاپەڕە ١٣٧دا دوو دێڕی لێ هێناوەتەوە سەر ڕێنووسی کوردیی، لەو دوو دێڕەدا دوو سێ هەڵەی زەقی کردووە و، ئەمە دەقەکە وەک مامۆستای هەورامانیی هێناویەتییەوە سەر ڕێنووسی کوردی:

(حسب الفرمایشی مخدوم (مطلع) معظم (آما)/ فتاح سلمة الله تعالی قلمی گردید، جلال الدین (١٣٠٤)(ق).

بەڵام وەک لە وێنەکەدایە دەبێ (مطلع) (مطاع - موطاع) بێت و، (آما)یش (ئاغا) بێت. جگە لەوەیش لە پێش (جلال الدین)ەوە دوو وشە هەیە پێ دەچێت (وانا الأحقر)

(٥) تەنانەت لە لاپەڕە ٢٢٥دا دەڵێت: بەرهەمی (ڕەوزەتولسەفا)شی، هەر بەناو هەبوو، بەڵام ڕەنگی بەرچاو نەدەکەوت!!

(٦) کۆتایی مانگی ٢٠٠٤/٦.



بن، مامۆستای هەورامانیی دیارە سەری لێدەرنەکردوون، بۆیە -بێ ئەوەی باسی بکات- خۆی لێ بواردوون! هەروەها لە دوای دوو دێڕەکەیشەوە شتێکی دیکەی پشتگوێ خستووە. جگە لەمەیش و لەوەیش ئەگەر بەوردیی بەراوردی چەند بەیتەکەی پێش ئەو سێ دێڕەیش بکرێت دەردەکەوێ چەند هەڵەی دی هەیە. جا ئەمە حاڵی یەک لاپەڕە بێت دەبێ حاڵی سەرجەمی کتێبەکە چۆن بێت، ئەگەر مامۆستا هەورامانیی خۆی هێنابێتیەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردیی؟!

### لێکۆڵینەوە و بەراوردکاریی:

وەک گوتمان مامۆستا هەورامانیی وەک پێویست باسی سەرچاوەکانی نەکردوە و، ئێمەیش ناتوانین بگەینە سەرچاوەکان تا بزانین چەند لە ڕووی لێکۆڵینەوە و بەراوردکارییەوە سەرکەوتوو بووە. بەڵام خۆشبەختانە لە چەند شوێنێکدا لاپەڕە - لاپەڕەی لە وێنەی دەستخەتەکان بڵاوکردوەتەوە، ئەو وێنانە با زۆر کەمیش بن وەک دەڵێن: «مشتێ نموونەی خەرواریکە» هەندێک ڕووی کار و توانا و لێوەشاوەیی مامۆستای هەورامانیمان دەدەن بەدەستەوە.

لێرەدا یەک لاپەڕەیان وەک وێنەکە دێنمەوە سەر ڕێنووسی کوردیی و، دواتریش هەمان ئەندازە لە دەقەکەی کە مامۆستای هەورامانیی بە(لێکۆڵینەوە)وە بڵاوی کردووەتەوە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر و، ئەوسا خوێنەر دەکەین بەدادوەر و حەکەمی مەسەلەکە و، بڕیاری خۆی لەسەر ئەوە بدات تا چ ئەندازەیەک مامۆستای هەورامانیی پابەندی ئەو زاراوانە بووە کە خۆی بۆ خۆی داناون.

دەقی لاپەڕە (٨)ی بەرگی دووەم:

(هذا کتاب شیخ صنعان)
بسم الله الرحمن الرحیم
(بواچوون) تەعریف صەنعان (گومڕاه)
جە گمڕاهیی وێش چۆن بەرشی جە (راه)
چل ساڵ بی صەنعان (نە) قاپی حەرەم
عیبادەت مەکەرد بێ زیاد و کەم
چەنی (چەهار) صەد مورید سەرمەست
لاقەید، بێباک، ڕاگەی (حەقپەرست)

روێ نیشتەبی نەسەر...
واتش: کێ کەردەن چون من عیبادەت؟
جە مەغروورپی ویش فەخرش کەردەوە
شیشەی بەدنامیش دا وە بەردەوە
شی نەجامەی (خواب) چون هەردەجاران
(فەردا هۆرێزا چەنی گشت یاران!)
ڕاگەی شار ڕۆم گرتەنش نە وەر
(بەئەمر و فەرمان بینای باس سەر!)
(ناگاە) جەو دەمدا (نیگاە) کەرد جە دوور
تەنیا گونبەدێ چون شەمع کافوور
(واتش): شێن پابۆس قیبلەی وەرینم
(ئەو) نەوبەر نەمام شۆخ شیرینم
موریدان کەفتن گرد نە خاک پاش
(بە ئیعزاز بۆسان گردین دەست و پاش!)
مواتن: گردین بەندە (فەرمانیم)
هەرچی مەواچی قۆچی (قوربانیم)
...

دەقەکە وەک مامۆستا هەورامانیی نووسیویەتیەوە:

شێخی صەنعان

بواچوو تەعریف سەنعانی گومڕا
جە گومڕاهیی ویش، چون بەرشیی جە راه
چل ساڵ بێ سەنعان، جە قاپی حەرەم
عیبادەت مەکەرد، بێ زیاد و کەم
چەنی چوار سەد موریدی سەرمەست
لاقەید و بێ باک، ڕاگەی هەقپەرست
ڕۆیێ نیشتەبێ، نەسەر سەجادەت
واتش: کێ کەردەن، چون من عیبادەت!



جە مەغروری ویش فەخرش کەردەوە
شیشەی بەدنامیش، دا وە بەردەوە
شی نە جامەی خاب، چون هەردە جاران
دیش نە خاب دا، چەنی کشت یاران!
ڕاگەی شاری ڕۆم گرتەنش نە وەر
بە سۆز مەگێڵۆ، پەی دییەن دوڵبەر
ناگا، جەو دەم دا، نیگا کەرد جە دوور
تەنیا گونبەدێ، چون شەمعی کافوور!
بشین، وە پابۆس قیبلەی وەرینم،
شای نۆبەر نەمام، شۆخی شیرینم،
موریدان کەفتەن گرد، نە خاک و پاش
وە ئەعزازەوە مەکەردەن سەناش
مەواتەن، گردین، بەندە فەرمانین
هەرچی مەواچی قۆچی قوربانین
...

لەو دەقەدا کە هێنامانەوە سەر ڕێنووسی کوردیی هەندێ لە شوێنی جیاوازییەکانمان خستە نێو دوو کەوانەوە، تا خوێنەر بێ ماندووبوون ڕێگەیان بەرێتەوە سەر.

**لێرەدا یەک دوو پرسیار دێنە پێش:**

یەکەم: ئەم وێنە وێنەی کام دەقە؟ کەی نووسراوەتەوە؟ کێ نووسیویەتیەوە؟ بۆ باسی نەکردووە؟

دووەم: کە مامۆستا هەورامانیی دەڵێ: لێکۆڵینەوە یەکێک لە مەرجەکانی لێکۆڵینەوە ئەوەیە بەراوردی نێوانی دەقەکانی بکرێت و، ئەگەر جیاوازییان هەبوو جیاوازییەکان دیاریی بکرێن و، بەبەڵگەوە ئەوە بخرێتە ڕوو کە بۆچی کام دەقیانی لە مەتنەکەدا نووسیوە و ئەوانی دیکەی پشتگوێ خستووە، یان لە پەراوێزدا بیاننووسێ.

ئێمە ئەم نموونانە هەر بۆ ئەوە دەنووسین کە خوێنەر بەڵگەی قسە و بۆچوونەکانمانی لە دەستدا بێت و، گومانی لەوە نەبێت کە ئەم لێکۆڵینەوەی مامۆستای هەورامانیی

لێکۆڵینەوە نییە و، ئەو ناوە پیرۆزە بۆ چاوبەست خراوەتە سەر کارێک کە هەمووی کۆکردنەوە و دەستبەسەراگرتنی کاری لێکۆڵەرەوانی کارامەی پێش خۆیەتی و، ئەو ڕەنجیانی بەتاڵان بردووە و، تەنانەت ناویشی نەهێناون. ئەگینا پیاوێک بتوانێ بەو زەقییە کاری سێ جار چاپکراوی پێش خۆی بکات بەکاری یەکەم جاری خۆی و، بێ ترس لە لێپرسینەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لە تەک دادگای ئەدەب و مێژوودا بەناونیشانی (زەرقی و بەرقی)یەوە چاپیان بکات... دەبێ چاوەڕوانیی چی لێ بکەیت؟

بەهەر حاڵ ئەم چەند دێڕەم بۆ وریاکردنەوە نووسی و، مەبەستم ئەوە بوو کەسان و دەزگاگەلێک لەوە ئاگادار بکەمەوە کە کەسانی ئاوا لە گۆڕەپانی ئەدەبدا هەن، کتێبی قەبە و قەوارە گەورە دەدەنە بنهەنگڵی خۆیان و، دەیانەوێ بەو جۆرە ناویان بکەوێتە پاڵ ناوی کەڵەنووسەرانی ئەدەب و مێژوو!

ئەم کتێبە دەشێ زۆری لەسەر بنووسرێت و، لە گەلێ ڕووەوە بدرێتە بەر شنەبای شەماڵی ڕەخنە و، دەربکەوێ ئەم خەرمانە زڵەی مامۆستای هەورامانیی لەسەر بۆش ڕەنی نراوە و، کە پاک بکرێ سووری خەرمانەکەی لە کۆتەڵ و سەرکۆزەر بەولاوە چی دی لێ پەیدا نابێت!

دەبێ ئەوەیش نەبوێرم من لە دژی بڵاوکردنەوە و چاپکردنەوەی دەقی ئەدەبی نیم و، مانای وا نییە دەقێک یەکجار چاپکرا ئیتر نابێ باسی بکرێتەوە، بەڵام چاپکردنەوەی دووهەم و سێهەم مەرجی خۆیان هەیە. لەسەرووی هەموویانەوە ئەگەر کەسێک جگە لە خاوەنەکەی بڵاوی کردەوە دەبێ ساڵ و شوێن و جۆری چاپی پێشووی پشتگوێ نەخات. دەبێ زیادەیەکی ببێ بێت کە لە چاپی پێشوودا نەبووبێت. سا لە ڕووی نایابی ئەو دەقە نوێوە ئەم بڵاوی دەکاتەوە، یان لە ڕووی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی نوێوە کە ئەم دەیکات و بۆ دەقەکەی پێشوو نەکراوە... ئەگەر ئەمانە نەبوو دەبێ مۆڵەت لە چاپکەری پێشوو وەربگرێت و مۆڵەتەکەی بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لەوانە بگیرێت دەیانەوێ بەمفتخۆریی خۆیان قەڵەو و دەوڵەمەند بکەن و، بەچاوبەستکردن لە مێژووی ئەدەب خۆیان بکەن بەکەڵە نووسەر و کەڵە لێکۆڵەرە!!

لە کۆتایی ئەم چەند دێڕە کورتەدا بەسەر یەک دوو خاڵدا ناڕۆم و وە بیری خوێنەریان دێنمەوە:

یەکەم: سەرچاوەکانی کتێبەکەی باش دیاریی نەکردووە، چونکە بۆ کتێبێکی دووبەرگیی



گەورە دەبێ لە کۆتایی بەرگی دووەمەوە وەستایانە و زانایانە سەرچاوەکان بەپێی ڕێبازی دروست ڕز بکرێن.

ئەم هاتووە لە دوو جێگەدا: جارێک لە لاپەڕە **٢١٩**ی بەرگی یەکەمدا و جارێک لە کۆتایی بەرگی دووەمەوە، بێ پەیڕەویکردنی ڕێبازی زانیاریی، چەند سەرچاوەیەکی ڕزکردووە. ئەمیش بێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو سەرچاوانە لە کتێبەکەدا ببینرێت!

دووەم: زمانی نووسینی کتێبەکە. مامۆستا هەورامانیی لەم ماوە دوورودرێژەی تەمەنی نووسینیدا نەیتوانیوە زمانی نووسینی مشتوماڵ بکات و، بەزمانێکی کوردیی بێ قۆرت و گرێ بنووسێت، بۆیە زمانی ئەم کتێبەیشی بڕسکاو و دازاوە و چەند پەینکەیشی تێوە بدرێت هەر بڕ ناکاتە سەر ساج و خۆراکی سەر سفرەی ئەدەبی لێ پێک نایەت!

سێیەم: خاڵبەندیی، کە ئێستا بۆ خوێندنەوە یاریدەدەرێکی باشی خوێنەرە و، خوێنەر دەزانێ لەکوێدا دەوەستێ و، ڕستە و وشەکان پێوەندییان بە کوێ و چییەوە هەیە و، کامە خەبەرە و، کامە پرسیار و وەڵامە... تاد هەروەک خاڵبەندیی دەریدەخات نووسەری دەقەکە تا چ ئەندازەیەک لە دەقەکە گەیشتووە. مامۆستای هەورامانیی لەمەیشدا سەرکەوتوو نییە و، لەگەلێ جێگەدا هەر لە خۆیەوە بێ هۆ و پێویست وێرگول - فاریزە - و خاڵی ڕزکردووە. لەگەلێ جێگەیشدا کە پرسیار و جووتخاڵ و سەرسووڕمانی پێویستە یان پەیی پێ نەبردووە، یان خۆی لێبواردووە. یەک نموونەیش بۆ ئەمە دەهێنمەوە:

«دیارە، خوێنەر، پاش خوێندنەوەی، پارچە هۆنراوەکە، بۆی ڕۆشنە، کە وشەی (چەم)، ٢٢٠٠٠ ل: **٢٣٥** بەرگی یەکەم.

......

(ت١٠٦/)

قیبلەم گرفتار......

دڵ پەی نەدینت بیــیــەن گــرفــتــار
هیجرانت بەی طەور وەنەم کەردەن کار
مـــات و بێ دەنگم چون نەقش دیوار
نە گـــــۆش نەژنـەوان بژنەوۆ دەنگت
نـە چـەم نـوورش هـەن بـوینـۆ ڕەنـگت
نە کـۆتاە مــبــۆ هەناســەی ســەردم
نـە تـۆ مـــــــزانـی بـەحـــــاڵ دەرد
خـەریکم بەی جەور جەفـای سەختـەوە
بەی تاڵەی بەدبەخت مەجنوون ڕەختەوە[١]

......

(١) ئەم پارچە لە (تالانی) وەرگیراوە و ناوی کەسی بەسەرەوە نییە.



## دڵە زام نۆ......

(ت١٠٦/)

زایـــــف و زەبــــوون زەدەی زام نــــۆ
چەند تـیــر کــاریت نە دڵ گــرتەن کــۆ
ئـاخ پـەی بـەخت وێـم دڵـە داخ پـەی تـۆ

***

من زار و غــەمناک هیــجــران زەدەی یار
پێـکیـــــای پـەیکان تـایفـــــەی تـەتار
دەروون ســیــاداخ ســووچیــای خــەمــان
بێــذەوق کــەمــچــاخ خــار ســتــەمــان
کـەردات بەسـەر مـەشق زەمـانەی بێ شـۆ
ئـاخ پـەی بـەخت وێـم دڵـە داخ پـەی تـۆ

***

فــــرەم وات دڵـە مــــروەتەن ئـامــــان
بورمــوزم نە گـێج بەحـر بێ سـامـان(!)
هەر یەند تاو عـیشق نە دەروون فریای(!)
تا بە شــۆڵەی شــەم چراخـــان گــڕیای
تەن بی بەزووخــاڵ ســیــای سـفــتــەکــۆ
ئـاخ پـەی بـەخت وێم، دڵـە داخ پـەی تـۆ

***

نازداران بەخــەشم عــەقــەب گــرتەن لێم
[بی درمی!] شــەوان بیــیــەن بەخــدێم
جـە تـاو زوڵـفــان ســیــای عــەنبــەر بۆ
ئـاخ پـەی بـەخت وێـم دڵـە داخ پـەی تـۆ

***

حــەکــیــمــان مــیــان مــوینان ســزام
شــادەت مــاوەران وە ســفــتــەی ســیــام

دڵـە بـگـیـــــــرە دەست نـەڕامــــــــەوە
بەزام خـــــەدەنگ نـەونەمـــــامــــــەوە
هەر [بندپیکە!] ئاه شـــەوان تا بە ڕۆ
ئـاخ پـەی بـەخـت وێـم دڵـە داخ پـەی تـۆ[1]

***

(١) ئەم پارچەیش کە ناوی کەسی بەسەرەوە نییە لە کەشکۆڵی (تالانی) وەرگیراوە.



......

یاران کێ دییەن......؟
سەر ڕشتەی غەمان چون من کێ دییەن؟
قـاڵبم جـە غــەم ڕێزەی غــەم بیــیــەن
ڕۆحم بەغــەمناک نە قــاڵب شــیــیــەن
سـەرتاپام غـەمـەن جـە مـەدرەسـەی غـەم
دەرســوانان غــەم جـە لام بیــیــەن جـەم
دەرسم هەر غـەمــەن غـەمــان مــەوانوو
غـەیر جـە غـەم فـێـشـتـەر هیچ نمەزانوو
ئەصلم هەر غـەمــەن جـە غـەم بیــەنان
با بووم هەر غــەمــەن غـــەمـــان دیەنان
...... بەرگم
غــەم بی وە تۆشـەی هام پشت مــەرگم
هەر کــەس غــەمناکـە بیــۆ وە لای من
غـەم چەنی غـەمـان زوو مـبـۆ سـاکن[1]

(١) ئەم پارچە شیعرە لەدوا پەڕەی دەستخەتی ژمارە (٥٧٤٩)ی (دار العراق للمخطوطات)دا بەو شیوەی سەرەوە نووسراوە و، ئەو نیوە بەیتەیش کە بەبۆشیی ماوەتەوە لە دەستخەتەکەدا دڕاوە و، دەقەکەیش بریتییە لە حاشیەیەک لەسەر شەرحی سەعدوڵڵای بچووک و، حاشیەکە دانراوی مامۆستایەکە بەناوی حامیدی کوڕی عومەری سووسیی و، لەوە زیاتر هیچی دەربارە نازانم.
ئەم دەستخەتە بەشێوەی کاغەز و نووسینەوەیدا تەمەنی لە (٢٠٠) ساڵ کەمتر نییە و، لە سووچێکییەوە شتێک کووژێنراوەتەوە ڕەنگە مێژوویشی تێدا بوو بێت. نوسەرەوەکەی دەربارەی کۆتایی کتێبەکە ئەمەی نووسیوە:
«قد وقع الفراغ من تسوید هذه النسخة الشریفة علی شرح سعدالله الصغری ملا حامد بید الحقیر الراجي إلی رحمة الله تعالی سلام ابن عبدالله ابن ابراهیم.»
لە لایەکی دیکەیشییەوە بەخەتێکی سوور نووسراوە:
تمت شد کتاب فی مدرسه شیخ عبدالله...
وشەی دوایی بووە بەژێرەوە و ناخوێنرێتەوە و لەوانەیە (خرپانی) بێت.

## غەزەلی کوردی سادە

(ت٣٦/ )

موطریبا لێدە لە سەمتوور و ڕەباب و چەنگ و نەی
موغەننی بخوێنە...... ساقی پڕ کە جامی مەی
مەجلیسی بەزمم لە بۆ بگرن... نەماوم حەسرەتا
ئەی ڕەفیقان سا دەغیل وەقتی فیراق... دەی
ڕاستە خۆ مەجنوون نەماوە نایبی مەجنوون منم
ئیرثی ئەو بۆ من بەجێماوە جونوونیی و لۆنگەکەی
دێتە دەر دوودی هەناسەی پڕ شەرارەی میثلی تەم
چاو بەئەسرین، جەرگ بریان، سینە لەتلەت، ڕەنگ چو بەی
ڕۆژ و شەب دائیم خۆراک و عەیش و نۆش و ڕاحەتیم
هەر: فوغان و نالە نالّ و زایەڵە و فەریاد و وەی
شەو وەکو کوکووی هەژار هوو هوومە تا وەقتی سەحەر
ڕۆژ جونوون ئاسا دەکەم کۆه و بیابان و چۆڵی طەی
لەم سزاو جەورە کە تۆ (ئەحمەد) گرفتاری تێدا
تا بەڕۆی مەحشەر خۆلاصە قەد خەلاصیت نابێ ئەی[1]

(١) ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی (تالانی)دا لەژێر ئەو ناوەی سەرەوەدا دانراوە، بەڵام ئەوەتا لە دوا بەیتدا لەژێر نازناوی (ئەحمەد)ایە، ئیتر نازانم ئەم ئەحمەدە کێیە و، جارێ با وا بێ بەڵکو لەمەولا شتی تازەی دەربارە دەست بکەوێت.



یا حەق باجەتی ڕەسوول سەروەر
ئاگەهدارم بی نە ڕۆز مەحشەر
گونای بێ شومار نەدۆشم بارەن
ئومێد هەر ئێدەن نامت غەففارەن
وەرنە عیصیانم بێ حەددو بێ شۆن
مەحرووم و مەئیووس ڕووم نە دەرگای تۆن
دڵەی مەحزوونم دەردین دەردەن
نە خەوف ئازار ئەرواح سپاردەن
مەر هەم خوداوەند بەغوفرانی وێش
ڕەحمێ کەر نە حاڵ بەندەی دەروون ڕێش[1]

(١) ئەم شیعرانە لە پەراوێزی پارچەیەک شیعری عەرەبییەوە کە بەناوی سیراجەدینەوەیە و بەژمارە (٥/٧٨١٩) لە (دار العراق للمخطوطات)دا پارێزراوە... نووسراون، لەوە دەچێ شیعری نووسەرەوەی دەستخەتەکە بێت کە ئەویش -بەزۆریی- ناوی خضری کوڕی وەستا ئەحمەدە و - دوور نییە مەلا خدری رواریی بێت- لە ساڵی (١١٥٠)دا نووسیویەتییەوە. ئێمەیش وەک یادێک لەو سەربازە نەناسراوە و، بۆ بۆژاندنەوەی شیعرەکانیش لێرەدا تۆمارمان کرد.
سەرەتا و کۆتایی قەصیدەکەی سیراجەدینیش ئاوان:

الە مالک مولێ الموالی
لە وصف التکبر والتعال
...
لعل الله یغفرە بفضل
ویعطیە السعادە فی المآل
...

## دەردین

......[1]

دەردم بەمەجنوون......

دەردم بازیشەن وە دەرد مەجنوون
ئەر دەردێ نە دەرد من بگنۆ نە دوون
دوون دەردەم گرۆ تا سەقف گەردوون
ئەر پرشنگ دەرد من بگنۆ نە سەنگ
سەنگ جە تاو دەرد بگێلۆ جە ڕەنگ
ئەر بگنۆ نە ئاب بلێسەی ئاهم
ئاب مبۆ وە تەم جە دوودی سیاهم
ئەر هوما پەی سەیر جەستەی هیجرانم
ببەرد کەمێ پەی ئیستیخوانم
جە پارچەی ئەعظام مخێزەوە نار
هوماو گشت مەلان مبان گرفتار
مبۆ بەزووخاڵ تەمام سەر بیساط
مڕێزان بەوار هەر هەفت سەماوات
یاران کەسێوە ئینە دەردش بۆ
عالەم گرفتار ئاه سەردش بۆ
هەرتا زیندە بۆ بەغەم مسازۆ
حەقشەن ئەو بەدەرد جەستەی وێش نازۆ
(دەردین) تا زیندەن نە دەوران دوون
دەردش بازیشەن بەدەرد مەجنوون!

(١) ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی (٩٣٨٠/ د.ع) وەرگیراوە، لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە تا لە تەک ئەو شیعرانەی (دەردین)دا کە لە بەرگەکانی سێ و چواری بووژاندنەوەی مێژوودا بەشێک لە دیوانی ئەم شاعیرە پێک بێنن.



## محەمەد جەمالەدین فرمایە

وەهار نەداشتی...

مەر خەبەر جە مەرگ میرزام نە داشتی؟
ئیمساڵ چون سالان وەرین پونداشتی
پەردەی شەرم جە رووی گوڵان هۆرداشتی
لالە و لیلۆپەڕ نەرگس نیسان
ڕەشتت [لب روان!] پای کەشان دیسان
مەر شنۆی شیوەن شەماڵ نەدا پێت؟
یالاو ئەسرین سەیل ناما نەڕێت
نەدیت بەیداخان سیاە وە پاوە
بەلاش کەلبەلای حسەین میاوە
ڕەنگا ڕەنگ ڕەشتت واچە پەی چێشەن؟
نازک نەوهالان دڵ بەخار ڕێشەن
بەگلەران پێکان مەندیل بەسەر نیل
نازداران ئەو زوڵف سەر لوول [مالا بویل!]
وەهار بۆ بەو شاە ڕەنگڕژیت کەردەن
کالای والاوار خاص پێت سپەردەن
ڕەنگ مەکەر زامن [کود!] خورمادار
با هەر سیاە بۆ چون ئازیەتدار
تا هەر کەس بیۆ جە دوور ولاتان
بوینۆ [خامن!] قەطران خەلاتان
بزانان میرزام بەتازە مەردەن
جەو بۆنە بەی تەور سیامان کەردەن[1]

(١) ئەم پارچە شیعرە لە کۆتایی دەستخەتی (١٢٤٦٧)ی (دار العراق للمخطوطات)دا بەو شێوەی سەرەوە نووسراوە، ئیتر دەربارەی کێ گوتراوە و کەی مردووە... هیچ نازانین.
لە لاپەڕە ٨٤ی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمینی مەردۆخییدا باسی (شێخ جەمالەدینی یەکەمی مەردۆخیی) کراوە، ئیتر نازانین ئەم و ئەو یەک کەسن یان نا؟.

# سەیید ئەحمەدی پاوەیی

لەناو ئەو پەڕە پەڕانەدا لای برای بەڕێزم مامۆستا مەلا عوثمان[1] دیمن یەک پەڕە شیعرم بینی، کە دیارە پاشماوەی بەیاضێکە نازانین کەی نووسراوەتەوە، یان کێ نووسیویەتیەوە، یان قەوارەی چەند بووە و شیعری کێ و کێی تێدا بووە، ئەم پەڕە کاغەزە سەرەتای پارچەیەک شیعر- یان باشتر بڵێین تەرجیعبەند-ی تێدایە و، دوای لاپەڕەیەکی ئاماژەی بۆ سەرەتای لاپەڕەیەکی دی تێدایە و، شیعرەکان بە ناتەواویی ماونەتەوە.

چونکە تا ئێستە شتێکی ئەوتۆم دەربارەی ئەم مامۆستا و بەرهەمەکانی نەدیوە، وام پێ چاک بوو ناوی بخەمە ناو ناودارانی مێژووی ئەدەبی کوردیی، بەڵکو لەمەولا شتی دی دەربارەی دەربکەوێت. ئەمەیش شیعرەکان:

چراغم کەردی، چراغم کەردی
پەی چێش بێوەفای چەنی من کەردی؟
پەی چێش داغ سەخت نە جەرگم بەردی؟
پەی چێش پەی بەدکار جە من ویەردی؟
پەی چێش پیاڵەی خەم پەنەم وەردی؟
وە کۆی زوغاڵ بای! کێ جە راش بەردی؟

***

کۆن مەیل و مۆبەت هەردە جارانت؟
کۆن نیمنیگای ناز صویح ئێوارانت؟
کۆن شەرت مەحکەم؟ کۆن ئیقرارەکەت؟
کۆن [دلیوی!] قەیس وادەدارەکەت؟
کۆن گیان شیرین وە من سپەردی؟
وە کۆی زوغاڵ بای! کێ جە راش بەردی؟

***

(١) ئەم مامۆستا عوثمانەیش یەکێکە لەوانەی عەودالّی دوای دەستخەتە و، کۆمەڵێکی باش دەستخەتی کۆکردوەتەوە و -ماڵی ئاوابێت- ماوەی ئەوەی بۆ رەخساندم سوودیان لێ وەربگرم، بەیارمەتیی خودا لە بەرگی شەشەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی...دا ئەنجامی ئەم سوودە دەردەکەوێت.



چەند قەسەم چەند قەول چەند بەینەتت بەست؟
چەند وە رووی کەلام کێشات هەردوو دەست؟
مواتت: ئەی قەیس خەستەی زام خەتەر
من لەیل تۆ مەجنوون تا وە رۆی مەحشەر
ئیسە ها جە لات مایەی دڵسەردیی
وە کۆی زوغاڵ بای کێ جە راش بەردی؟

***

کام حەریف وە فەند جادووی عەییاریی؟
سەندش جە دەستت رەویەی دڵداریی؟
کام رەقیب کام بەد کام زوان سیاە؟
کام بی من وە تۆش جە هەم کەرد جیا؟
پەردەی...[1]

(١) ئەمە سەرەتای لاپەڕەیەکی دییە و، نازانین دوای ئەمە چی هەبووە و، شیعری ئەم شاعیرەیش هەر ئەم پارچە بووە یان زیاتر بووە؟

## کارێزیی

کارێزیی یەکێکە لە شاعیرە کۆنەکانی کورد و، ڕەنگە کاتی خۆی خاوەنی دیوان و بەرهەمی نایاب بووبێت و، شۆر و ئاهەنگی کۆڕی ئەدەبیانی هێنابێتە جۆش، بەڵام چەپۆکی چەواشەی چەپگەرد، هەر لەگەڵ خۆیدا، یان دوای خۆی بەرهەمی ئەمیشی وەک شاعیرانی دیکەمان هاڕیبێ.

ئەوەندەی لە کەشکۆڵ و دەستخەتەکاندا بۆمان ماوەتەوە و تروسکەیەکیان لێ وەردەگیرێ ئەوەیە: کارێزی یان پێش شاعیری گەورەی کورد ڕەنجووریی بووە یان هاوچەرخی ئەو بووە؛ چونکە ڕەنجووریی شیعری کارێزی کردووە بەپێنج خشتەکی و نموونەیان لە دیوانی ڕەنجووریدا بڵاوکردەوە. جگە لەوەیش ڕەنجووری ساڵی کۆچی دوایی کارێزیی نووسیوە و، ساڵی ١١٩٨ ئەم مامۆستایە لە جیهان دەرچووە. وا ئەم جارەیش پێنج خشتەکیی کارێزیی لەسەر شیعری شاعیرێکی دیکە دەبینین کە ناو و بەرهەمی کەمتر بەرچاوان دەکەون. ئەم شاعیرەیش ناوی (مەهجوور)ە. کەواتە دەبێ مەهجووریش یان پێش کارێزیی بووبێ یان هاوچەرخی کارێزیی بووبێت.

لێرەوە دوو سەرە هەودامان دەست دەکەوێت و، کە بەدواییاندا بڕۆین سەردەمی ژیانی ئەم دوو شاعیرەمان –کارێزی و مەهجوور– دەبەنەوە بۆ سەردەمێکی کۆن و، بناغەی ساختمانی شیعری کرمانجی خواروو بۆ پێش نالی دەبەنەوە، چونکە ڕەنجووری پێش نالی ژیاوە و، دیارە ئەمانیش ئەگەر پێش ئەو نەبن هاوچەرخی دەبن.

شیعرەکانیشیان، کە لە کەشکۆڵی تالانی وەرگیراون، لە دوو جێگەدا نووسرابوون. جاری یەکەم پێنج خشتەکییەکەی (کارێزی)م دی و نووسیمەوە. کەچی دوای ئەو بینیم جارێکی دیکە شیعرەکانی بەخەتێکی دی و بەجۆرێکی دی و بێ ناوی کەس نووسراونەتەوە. ئەگەر دەقەکانم بەراورد بکردایە وجیاوازییەکانیانم بنووسیایە لەوە زیاتری دەویست دەقەکان خۆیان دوو جار بنووسمەوە، بۆیە هەردوو دەقەکە وەک لە کەشکۆڵی تالانیدان دەخەمە روو، بەهیوای ئەوەی لەمەولا زیاترمان دەربارەیان بۆ روون ببێتەوە.

دەبێ لێرەدا ئەوەمان بەسەردا تێ نەپەڕێت کە خوالێخۆشبوو بابا مەردۆخ لە مەشاهیرەکەیدا ناوی (مەهجوور)ی هێناوە، بەڵام ئەو بەهاوچەرخی مەولەوی داناوە و، ئەگەر وا بێ ئەمەی ئێرە شاعیرێکی دیکەیە.



هەروەها لە بەرگی چوارەمی ئەم کەشکۆڵەیشدا بەرهەمی شاعیرێکم بەناوی (مەهجووری)یەوە بڵاوکردەوە، دیارە ئەمیش لەگەڵ شاعیری ئەم باسەماندا یەک ناگرنەوە.

جگە لەمانەیش دەبێ ئەوە نەبوێرین کە لە کوردستاندا گەلێ گوند بەناوی کارێز و کانییەوە ناونراون و، کانیەڕەش و کانی بی و، کانییە درۆزنەوە کانی قرژاڵە و، کانی هەنجیر و... هەروها کارێزیش، هەر لە ناوچەی شوان گوندی (کارێز) و (کارێزە) هەیە، هەروەها لەلای کفری. کارێزە خوێندنگایەکی کۆنی گەورەی کوردستان بووە.

### مەهجوور

عەزیز نووری چاوانم صەد ئامان
نیهاڵ عەرعەری ڕەند نەمامان
لەطیف و مەهوەش و شۆخ و خەرامان
بڵا ضایع نەدەی ڕەنجی غولامان

***

ئەگەر چیم گوتبێ لاڵ بێ زوبانم
ئیدی تۆبە حەتتا بەگیانم
سووچم زۆرە منیش بۆ خۆم دەیزانم
پەشیمانیم زۆرە بێ حەدد و سامان

***

بۆ خۆم هاتم ئەوا هانیم سەر و شیر
عەزیزم بمکوژە بەعەشقی خودا و پیر
هەموو خەڵقی نەزانم پێم بکە ژیر
ئەگەر لێم خۆش دەبێ بەعەشق ئیمامان

***

غەریب و بێ کەسم ڕۆحم خەڵات بێ
دڵ و ڕۆحی ڕەوانم خاکپات بێ
جەفا تاکەی سەر و ماڵم فیدات بێ
خۆ ناڵێم بمدەرێ کەشفی مەقامان

هەموو عالەم ئەگەر بێنە تکایێ
بکەن شێخ و مەلا و صۆفی دوعایێ
جەوابێکی خۆشم ئەصلاَ بۆ نایێ
بەغەیری تۆ بەکەس نایێ شیفامان

***

دەکەم حەجج دوو صەد جاران بەپێخواس
بەمیسکین و فەقیر بێ بەرگ و لیباس
ئەمان لێم ئاشتۆ بە ئەو دڵبەری خاص
دوو صەد جارت دەبم ئازیز بەقوربان

***

خوداوەند ئامان ئەو جاندی مەرگ
وەک مەجنوون لەگەڵ پۆستم دەکەم بەرگ
لە جورمی وی ببە(مەهەجوور) غەمناک(!)
بە روخی زەرد بە صەد داغی غولامان

***

### موخەممەسی کارێزی -علیە الرحمة-

عەزیزم نووری چاوانم صەد ئامان
نیهاڵ عەرعەری رەند نەمامان
لەطیف و مەهوەش و شۆخ و خەرامان(!)
بلا ضایع نەبێ رەنجی غولامان
دەخیل جارێ بگا دەستم بە دامان

***

ئەگەر چیم گوتبێ لاڵ بێ زوبانم
ئیدی تۆبە هەتا بەگیانم
سووچم زۆرە منیش بۆ خۆم دەزانم
پەشیمانیم زۆرە بێ حەدد و سامان
دەخیل جارێ بگا دەستم بە دامان



بۆ خۆم هاتم ئەوا هانیم سەر و شیر
عەزیزم بمکوژە بەشقی خودا و پیر
هەموو خەڵقی نەزانم پێ بکە ژێر
ئەگەر لێم خۆش دەبی بەشق ئیمامان
دەخیل جارێ بگا دەستم بە دامان

***

غەریب و بێ کەسم رۆحم خەڵات بێ
دڵ و رۆحی رەوانم خاکپات بێ
جەفا تا کەی سەر و ماڵم فیدات بێ
خۆ ناڵێم بمدەرێ کەشفی مەقامان
دەخیل جارێ بگا دەستم بە دامان

***

هەموو عالەم ئەگەر بێنە تکایێ
بکەن شێخ و مەلا و صۆفی دۆعایێ
جەوابێکی خۆشم ئەصلاَ بۆ نایێ
بەغەیری تۆ بە کەس نایێ شیفامان
دەخیل جارێ بگا دەستم بە دامان

***

دەکەم حەجج صەد جاران بەپێخواس
بەدەروێشی و فەقیران بەرگ و لیباس(!)
ئامان لێم ئاشتۆ بە ئەی دڵبەری(!)
دوو صەد جارت دەبم ئازیز بەقوربان
دەخیل جارێ بگا دەستم بە دامان

***

ئایا (کارێزی) بێ عەقڵ و ئیدراک
لە بۆچی نەتزانی قەدری دڵبەر چاک
لە جورمی وی ببە (مەهجوور) و غەمناک

به روخ زەرد بە صـــەد داغـی غـــولاّمـــان
دەخـــیل جـــاریٚ بگا دەســـتم بە دامـــان

***

## مخمس (خیالی) بر غزلی (کاریزی)

یارەبی چ دەبیٚ جاریٚ بەوەصلی مە لیقابیٚ؟
............ ز آتـش غـم یـکســـــــر رهـا بـی
هەر دەم کـوو دەکـەم ئەز تەمـەنناى وەهابیٚ
جـانا ئەگـەر ئیـمـڕۆ دەتەویٚ حـەشـر ئـارابیٚ
[بل ولو لسـر!] دیمی وەکـوو بەردی نیـقـابیٚ

***

[ســاچاغـی دســرمــە بـهــجــوم بسکی دبنگی!]
تو پلکە دەگـەڵ ئەطلەس و کـەمـخـوای فـەڕەنگی
چین چین کوو دەکەن رەقص و سەما زوڵفی سێوەنگی
گـێـســووی دەمـوشکێن بە صـەفی مـار دەجـەنگی
رابـوون و خــشین جــوملە دەکــەن مــەیلی تورابیٚ

***

ڕۆح جـونبـوش دەکـا دەرچیٚ لەبەر جـەوری جـەوانان
تەن خــەســتــە دڵ ڕەنجــە لەبەر ئـاهو فــوغــانـان
تاکــــەی بم ئـامـــــانجی ... ئەبرۆ کـــــەمــــانان؟
عـومـرم هەمـە صـەرف بوو لە فـیـراقی روخی جـانان
جـــارێکو نەپرسی تۆ ژ من ئەی خـــانە خــەرابیٚ

***

ڕۆح و تەن ڕەنجوورم فیدای سۆز و گودازت
سـەمع و بەصـەرم (در قـدمی ئاینە سـازت)
[بی دمـە بکین بیع کـە جـان من و ارازت!]
عـەقڵ و دڵ و دینم بەفـیـدای نیمـەی رازت
رازیم کـو لە مـابەین چە ئەو بەیع و شـیـرابیٚ



خون ئالوودە [دانا بوو!] بریندارى خەدەنگم
دایم کـو دەناڵـم کـەی بیٚ جـاریٚ لە دەنگم؟
مەجـرووحم دڵ ڕیٚشم سـەرگەشـتـەیی بەنگم
دەردی ژ مـە دەرمـان کـو نەکـا دلبـر شـەنگم
باوەڕ مـەکە قـەط ئابی حـەیاتم بە شیـفا بیٚ

***

جەرگم لە فـیـراقت بوو لەت لەت بە کـەوانان
طاقـەتم کو نەما ئیـدی لەبەر جەوری جەوانان
بیللاهی نەمـاوە تاقـەتی طەعنەی دە زوبانان
هەر دەم لە تـەمـەنناى ویصـالی روخی جـانان
زار زار دەنـاڵـم وەکـــو طەنبـــوور و روبابیٚ

***

[من درد گـزبن فـارغ ژ هم کـەیف عـەلاقی!]
سـەرگەشـتە دڵ خەسـتە لە دەسـتـانی فـیـراقت
میصری حەڵەبی شامی دەگەڵ ڕۆم و عـیراقی
وەڵڵاهی وەها سـووتیـە جـەرگم لە فـیـراقی
چەنـد جـار لە دەروونم دەبیـێم بۆیی کـەبابیٚ

***

کـیٚ بیٚ لەبـەردەم دەردی هـیــــــجـــــرانی نەنـاڵـیٚ
هەرچەنـد دەکــــەم ســـەعی لەبەر زەوقی ویصــــالی[1]
سابەس دڵـی خۆت خۆش کە بەوی فیکر و (خـەیاڵی)
بیٚ فـــایدە تا کـــەی هـەوەسی زەوق و ویصــــالی
(کـــارێزی) بەپـەروانە دەکـــا راوی عـــوقـــابیٚ

(١) ئەم پارچە شیـعـرە لە کـەشکۆڵـی (برالە)دا بەو شێـوەی سـەرەوە نووسـراوە و شێـوەکـەی لە نێوان مـوکـری و بادینانیـدا تێکەڵاوە و، پارچە ئەسڵەکـە کە کراوە بەپێنج خشـتـەکی شیـعری کـارێزییە و چەند جـاری دیکە شیعریم دیوە و، هەر ئەم پارچە لەلایەنی ڕەنجووریشەوە -لەگەڵ هەندیٚ جیاوازیدا- کراوە بەپێنج خشـتـەکی و لە دیوانی ڕەنجووریدا بڵاوم کردوەتەوە. بەڵام (خەیاڵی) کە لێرەدا کردوویە بەپێنج خشـتـەکی ئەمە یەکەم جارە شیـعری ببینم و، دیارە لە شاعـیرە کۆنەکانی کوردە، بەڵام کەی و لە کویٚ ژیاوە و، دیوانی شیعری چی بەسەر هاتووە؟ تا ئێستە هیچی دەربارە نازانم.

## مەخمووریی شێخ صبری فرماید

شەماڵ توانا ...............

شەماڵ نەمەندەن جە لام توانا
شەماڵ بەشق حەق قەیییووم دانا
شەماڵ دەغیلم هانا صەد هانا
یە چەند وەقتەن دوورم جە یارم
بەوێنەی فەرهاد ڕەنج وە خەسارم
...... بەوێنەی بەهرام پۆشان
صەد جاران زوخاو مەرگ وێم نۆشان
سا شەماڵ ئەمجار مدارا مەکەر
هۆ دارە عەرضەم نە ڕای پێغەمەر
وێنەی بایەقوش ماوام نەچۆڵەن
بەوێنەی مەجنوون پۆستم نەکۆڵەن
بڕۆ لای قیبلەم وە تەعجیل و تاو
[بزن بیدزن] یا شکین نەخاو
ئەگەر نەخاوەن شای وەفاداران
بدەر وە هەمدا دەستە شای ماران
شەرت ئێدەن شەماڵ قامەت بۆ جە سەر
سەرم فیدات بۆ سەر سەر مەکەری(!)
چون بەرق شەهاب حمدا شەو دا(!)
شەو بۆ بەشەوبۆ باوەڕ نە خەو دا
ئەر شەو بۆت شەو بدۆ نە شەوبەند
چون مەه مکێشیو سەر نە سۆی پەرەند
تیپ زەنگی وار سوپای سەنگین سەهم
مدۆ وە کەنار بەیضای صوبحدەم
چون صانە گێسووی لەیل موشکین فام
منمانۆ شوعاع پەی چەهار ئیمام



منمانۆ نە قەوس شەصت شەفەق دۆز
واز مدۆ وە عەین شەهلای شەهاب دۆز
دەرلاد بە ئەلفاظ ذەوق پێشەوە
دەم دەنگ لەحن دڵان کێشەوە
مپەرسۆ: شەماڵ شەمیم شەو بۆ
تۆ جە کۆ ئامای مەرزای من جە کۆ؟
ئەوسا جەو دما گوستاخانە کەر
سوجدەی [بی اندیش!] نە خاک بەر
شەممێ جە شەرح ماتەم عوزلەت
مەئیووسی کۆی یار، ڕەفیقی میحنەت
ئاه نیمەی شەو، ناڵەی صوب سەحەر
عەرزکەر نە پای تەخت زوڵف بۆ عەنبەر
چونکە ئەو خاقان خاوەر نشینەن
شای ئیقلیمی هیند عەنبەر شەمیمەن
چەند بوەن ئەطوار طوغرای گێسوو
یا خەطط تەحریر ئیحاطەی ئەبرۆ
با نەفحەی ئەنفاس هەناسەی گوڵ بۆ
ئایا جە هالە صەفحەی ماه نۆ

## میرزا شەفیع

میرزام دەرویش مان بمانند
دسنی جە نوە اساسەء درویش مانەند
کەس کەس مەواچان هۆش مانەند
جەنا بشت دەرد دڵ ڕێش مانەند
ئیرادەم کەردەن بشۆم وە شاران
هیممەت بوزاۆم جە تەکیەداران
(اللە) دوست جە لای دەروێشان
ئیحسان کەران پێم کصت و ڕێشان
تاج دەروێشی، خەرقەی ئیتاعەت
جام چل کلیل، سەنگ قەناعەت
میهر و میهر بەند، حەلقەی زوننار کێش
جل بەندی جزدان دەروێشان پێش
لۆنگ شان دەسماڵ کەمەربەند زنجیر
بەند شیر قولاب ڕشتە و شاخ نەفیر
جبەی بەقیەدۆز کەڵپۆس و کەشکۆڵ
عاسا بە بادام چە فر فلانە قۆڵ(!)
پاتاو و پاپێچ واجب پەی دەروێش
گیوەی مار نەگەس جبر بیدی کێش
بپۆشم نە داخ سەردیی زەمانە
(قمری) جە فەوقم بگیرۆ لانە
بەی دام، بەی دەسگا، بەی ئەساسەوە
پیل وە خەت و خاڵ پەیوەست پاسەوە
شاخ نەفیر وە دۆش، دەست وە عاساوە
چارگۆشەی جیهان بدەم وە پاوە
سەر ڕای گشت مەینەت وەر نەدەم نەکو
ئەووەڵ تەوافگەم بارگەی سالی بخو نەفەق(!)




هیممەت طەڵەب کەم جە ئاغای قەمەر
هەفت ساڵ چەنی یەک ڕووازێکم کەمەر
(بەغداد)و(حەڵەب)،(کووفە)و(میصر)و(شام)
تەخت (ئەستەمووڵ) تا (بیت الحرام)
تایفەی (یەمەن)، (بەدەخش) و (بولغار)
تا (بلعاعور) ئەسل فەڕەنگ شار
شەهرەین (بەحرەین) [دلباو مەیکنا!]
بک و لنک سک تا شاری دنا
شار زنکابات مثل بی قیاس
مکان میمون جن برکی ناس ناس
و باو چەش زنکی ئادم خوار(!)
جزیر واق واق کو بردن پار
من بەر جزیران ڕوو نە دەریای نیل
جەنگەڵ جەنگەڵان ونت کەردەی فیل
تا جەبەل کەبیر جەبەڵان چۆڵ
ماوای (کەرکەدەنگ) بیابان (غوول)
جەو لای میللەتان (کشمیر) و (کابیل)
سەر بدۆم نە چیای بارون و بابیل
ڕاگەی بیابان بگیرووم نە وەر
ڕوو بکەم نە (چین) و (ماچین) خاوەر
شەرط بۆ من جە داخ ڕەنگ زەردیی وەتەن
صەدای نەفیرم بیۆ جە (خۆتەن)
بگێڵووم نە دەشت دیوانی دولپە
سەر بدەم نە تۆی باغچەی ئەرمەن شە
هەر هەفت قوللەی قاف هەردە بە هەردە
مەکان دێوان قارەمان بەردە
بید کلیم کوش کە دەشت هەیهات
سنوور مابەین ڕوشتای ظولومات

دەربەند ئاجووج بەستەی ئەسکەندەر
مەکان مەعدەن یاقووت ئەحمەر
هەفتساڵ هەفت ئیقلیم طەی بکەم وە جەخت
مدارەم نەبۆ بە وەخت و بێ وەخت
نە دەر رۆز ئارام نە شەو باکم بۆ
تکەی زۆخ و زام وێم خوراکم بۆ
سەر پەنجەم رێش بۆ وە نێش خاران
شەوان یەلغان دەم چین ستاران
هەر سەرزەمین مەل پیاش وەردە بۆ
گەر بەولاتان نامش بەردە بۆ
جە سەر کوێ (ئەلبورز) جەم سەر تا ئەوسەر
بەڕو بیابان کوش کیر و کمر
جە (مجمع بحرین) تا ئاو مبۆ جەم
بەڵکم فریشتە و وێم بوینووم وە چەم
بزانم خەفتەن، یا نەخەو بێدارەن؟
یان تەمەڵخانەی کام شەهریارەن
جی هوبن شتن یا ورداشتن(!)
کام عاریف ریحان نە دەورش کاشتەن
ئەگەر بەتەحقیق جە من بێزارەن
منیش جەو بێزار تا ئەو دیارەن
(شەفیع!) بیابان بگیرە نە پێش
مبۆ بگێڵی پەی فریشتەی وێش[1]


(١) ئەم پارچە شیعرە لە (٣٠٩٣٠) وەرگیراوە و نووسەرەکەی نەشارەزا و خەت ناخۆش بووە و، گەلێ شوێنیم بۆ ساخ نەکرایەوە و هەندێ شوێنیم وەک مەتەڵ هەڵهێنان دۆزیوەتەوە. ئەگەر وا نەبوایە ئەوا شاعیرمان دیمەنێکی دەروێش و جلوبەرگی دەروێشی بۆ تۆمار کردبووین و، ناوی گەلێ کەرەستەی بۆ تۆمار کردبووین. بەم شێوە ناتەواوە نووسیمان بەڵکو سا نوسخەیەکی دیکە پەیدا ببێ!


# دەستنووسەکان


# کەشکۆڵی گوڵزار و بەهار


در معجزات حضرت فخر عالم صلعم
انک که رسید سوی دنیا / از سهم شکست طاق کسری
هم آتش تیز پارس بنشست / هم آب به جز ساوه بنشست
در توصیف

(گ/۱۱)




از پرتو سعادت شاه جهانیان
خاقان شرق و غرب / صاحبقران خسرو
خورشید ملک پرور سلطان دادگر / دارای دادگستر کسری کی زمان
سلطان عرصه اقلیم سلطنت / بالانشین مسند کیوان مکان
اعظم جلال حضرت / دارد همیشه توسن ایام زیر ران
دارای دهر شاه شجاع آفتاب ملک / خاقان کامکار شهنشاه نوجوان
ماهی که شد ز طلعتش افروخته زمین / شد زمان
آنجا که بارگاه تو سازد آشیان
گرد خیال چرخ فتد عکس تیغ تو / اجزای آسمان
حکمش روان چو باد به اطراف بحر و بر / مهرش روان چو روح
ای صورت تو ملک جهان را جهان ملک / وی طلعت تو جان جهان را جهان جان
تخت تو رشک مسند جمشید و کیقباد / تاج تو غیرت افسر دارای داوران
تو آفتاب ملکی هر جا که میروی / چون سایه از قفای تو دولت بود روان
بی طلعت تو جان نزاید بکالبد / بی نعمت تو مغز نبندد در استخوان
هر دانشی که در دل دفتر نیاورست



در نصیحت
به آواز خویش خود سر میفراز / که در ابریشم نیست آواز
به بینائی مدار آن فرد فرهنگ / که کنجشک به بیند بهتر از کلنگ
ز شنوائی مخو چندین مخردش / که بانگی بشنود ده میل خرگوش
ز بویائی ناقص نیز کم گوی / که از یک تیر موشی بشنود بوی
قطعه
مکن بغیر خویش بچشم حقارتش / زیرا میان مردم هر دم تمایل است
هر کس بنفس خویش بزرگ است از نبیل / هر جزو کاعتبار کنی در اول کل است
قطعه
بس کهن پیراهن خلقان کلیم / کز معانی جامه جانش نو است
صورت ظاهر ندارد اعتبار / بشنو از گوینده سخن
آنکه در چشمت گدای مفلس است / پیش دانا بر جهانی خسرو است
بحر در هر حال عالی منصب است / شمس در هر برج صاحب پرتو است
شعر
مثنوی
گفته‌اند آنها که آزاده اند / زاده اند

(گ/۲۳)




(گ/۳٦)






(گ/۳۷)




(گ/۳۸)






(گ/۳۹)




(گ/٤٠)





(گ/٤١)


بو دولت عصیانه ازکه کی وار خ دردنم قربان عصای دولت همو سولو لو ای

الفا منفی

هم حاله برشته نوه باز الشهد با تبرج درجلی شیخ رضا تمام

شورت طرب انگیزه رضا شعرجاکی

ما لوفه دل خسته بایرانی خاکی جا و طالبه بو خاک ره حضره کاکی

او مرجع اقطابه کوار زمره ابدال شهربانه لسر بر به نعلین شهر اکی

بر فرق شهان تاج زر اندود کفشی بو جا دعدو تیر جکر دوزه سواکی

دائم له سر ایمه سر گشته خورشید محجوبه له بر نور جبینی رخ باکی

دائیکه کسی دتی بدا مالوه بکری محفوظه له دنیا وله عقبی بنیه باکی

زر تکه له لای حضره شیخ ملکت دنیا تاج کیو جام جم دلنگاه ضی کی

مخمس خالکا بر سر سهاتی هم شعر تردو حال بر شته نوه منفی صدیق بخاری

انصافه اگر خلق بیان شعر جاکی

بر درت افتاده ام بی ره خوار ذلیل گشتم از بار گنه بر درکه عفوت دخیل

اندر ان عیب رسد بر گوش حکمانی جلیل جد بلطفک یا الهی من له زاد و قلیل


مفلس بالصدق یاتی عند بابک یا جلیل


از گنه خود در اشمارم زمره اهل جحیم لیت جز تو بیچ کس بهر ذنب عاصی رحیم

درگذر از جرم ما ای خالق رب کریم ذنبه ذنب عظیم فاغفر الذنب العظیم

انه شخص غریب مذنب عبد ذلیل

(گ/٥٥)






يا الهى انت حسبى فى المعاد والنشور — انت شافى انت كافى فى مهمات الامور
انت ربى انت حسبى انت لى نعم الوكيل
فاغفر الذنب وارحم انت يا رب الرحيم — رب هب لى [illegible] فضلك [illegible]
اعطنى [illegible] الضمير دلنى خير الدليل
ربنا اذ انت حاضر و المنادى جبرئيل
انت يا صديق عاصى تب الى مولى الجليل
[illegible] لا تقنطوا من رحمة الله
الله الله ربنا يا من [illegible] — سلطان كل الاوليا يا شيخ عبد القادرى
يا ايها الناس [illegible] — ثم استمعوا [illegible] و صلوا على نور الهدى
قد جاءنا شهر الصيام شهر عزيز ذو انتقام — قوموا الى الله الصيام صلوا على نور الهدى

(گ/٥٦)




فاسعوا الى ذكر الودود [illegible] — توبوا على [illegible] صلوا على نور الهدى
يا من بدنيا اشتغل قد غره طول الامل — حتى دنى منه الاجل صلوا على نور الهدى
ثم تأمل يوم الحساب يا ليتنى كنت تراب — توبوا الى الله الشباب صلوا على نور الهدى
الموت عيش للعباد [illegible] — [illegible] صلوا على نور الهدى
يا رب انت للطلب [illegible] — ارحم [illegible] المذنب صلوا على نور الهدى
ثم الصلوة الفى سلام منى على [illegible] الكرام — صديق فاروق الانام صلوا على نور الهدى
عثمان من اهل الرضا الله عنه المرتضى
ثم الشجاع المرتضى صلوا على نور الهدى
حضرت غوث الاعظم [illegible]
سرتاج پیران پیر من سلطان عبد القادر است — ماه منور میر من سلطان عبد القادر است
هم پیر من هم میر من هم [illegible] — هم بر زبان تقریر من سلطان عبد القادر است
شاه ولایت نامش [illegible] — شمع شبستان نامش سلطان عبد القادر است
شاه شفیع المذنبین فخر زمان قطب زمین — محبوب رب العالمین سلطان عبد القادر است
هم سرور سالار دین هم رهبر راه یقین — هم صاحب تاج نگین سلطان عبد القادر است
[illegible] — صاحب ولایت سر بسر سلطان عبد القادر است
چشم چراغ مصطفی [illegible] — جدش حسن اهل عبا سلطان عبد القادر است

(گ/٥٧)




(گ/۵۹)





(گ/۶۰)




(گ/٨٤)






ونحن في اخل تو الكاس دائما | ولا ضرب العشاق الا بقيتي
انا كنت مع ادريس لما رقى العلى | واسكنه الفردوس احسن جنتي
انا كنت مع نوح بفلك حارت | على نجاه طوفان على كف راحتي
انا مع خليل الله كنت حاضرا | فما خمدت النيران الا بنفختي
انا كنت مع اسماعيل الذبيح فدائه | وما انزل الكبشين الا بعزتي
انا كنت مع عيسى وهو في المهد | فما اعطاني داود حلاوة نغمتي
انا كنت مع موسى لما القى العصى | وموسى عصاه من عصاي استمدت
انا كنت مع ايوب في زمن البلاء | وما برئ الاسقام الا بدعوتي
انا ادل القلادة من في علم خالقي | انا الحض المبعوث في الشهادة
انا عين العين في عين ناظري | انا سر سر في كل بهجتي
انا في الورى قطب وغوث وعالم | وكل امور الخلق تقضي بهمتي
وبيتي بيت الله من جاء زائرا | حكمت بغفران له بشفيعتي
نظرت بلاد الله شرقا وغربا | كمثل له هي على كف راحتي
مريدي تمسك بي وكن واثقا | انا حميك في الدنيا ويوم القيامة
وما قلت انا هذا القول فخرا | وما اتي الاذن حتى يعرفون حقيقتي
وما قلت هذا القول حتى قيل لي | قل ولا تخف فانت ولي في مقام
وجدي رسول الله طه محمد | انا عبد القادر شيخ كل طريقة

(گ/١١٠)




(گ/۱۱۵)






(گ/۱۱۷)



(گ/۱۵۵)






(گ/۱۵۷)




(گ/ ۱۵۹)





(گ/ ۱۶۰)




(گ/١٦٥)






(گ/١٧٢)




(گ/١٧٣)






(گ/١٧٥)



(گ/۱۹۶)






(گ/۱۹۷)




(گ/۱۸۹)





(گ/۲۰۵)




(گ/۲۰۷)




(گ/۲۱۲)

# کەشکۆڵی گەڵڵە




(ل/١٨٣)






(ل/١٨٤)




(ق/١٨٥)






(ق/١٨٦)




(ل/١٨٧)






(ل/١٨٩)




(ق/١٩٠)





(ق/١٩١)

# کەشکۆڵی تاڵانی




(ت/١١)






(ت/١٢)




(ت/٣٦)






(ت/٧٩)




(ت/٨٠)







(ت/٨٣)







(ت/١٠٦)





# بابەت و سەرباسەکانی ئەم بەرگە


پێشـەکیی ........ 5
گوڵزار و بەهاریش سەرچاوەیەکی دیکەی مێژووی ئەدەبی کوردییە ........ 6
فـیهـرەستی گوڵزار و بەهار ........ 9
عەبدوڕەحیمی پێنجوێنی ........ 16
فـەقێ خـەڵووزەیی ........ 20
ئەکـبـەر ........ 22
پەشێویی ........ 28
فەتحـوڵڵا ........ 40
حـاجی ........ 44
فکری ........ 48
حەزینی ........ 48
ئەحمەدی کوڕ ........ 50
غـەریبی ........ 51
ئەحمەد بەگی کۆماسیی ........ 53
ئاهیی ........ 56
سەید فـەتاح ........ 58
ئـەمین ........ 61
وەلی دێوانە ........ 69
شەفیق و سەیید بەهادین ........ 72
شـێخ شـەهاب ........ 74
صادق ........ 75
شـەفیعی ........ 78
بەهارییـەیەکی خـاوەن نەزانراو ........ 81
تەوحید ........ 84
خـاوەن نـەزانراو ........ 86
خەسـتە ........ 92
حەسـەن ........ 104
صـابیـری ........ 106
خـاوەن نـەزانراو ........ 110

سەیید وەیسی پاوەیی ........ 112
عــەلی ........ 114
میـرزا عـەبدولقـادری پاوەیی ........ 117
با ڕێز لە زاراوەکانی (لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاریی) بگرین!! ........ 124
دەردیــن ........ 139
محەمەد جەمالەدین فرمایـد ........ 140
سەیید ئەحمەدی پاوەیی ........ 141
کارێزیی ........ 143
مخموری شێخ صبری فرمایـد ........ 149
میرزا شەفیع ........ 151
دەستنووسەکان ........ 155